# دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەفزیۆن

ناوی کتێب: دەسەڵاتی چوارەمو زمانی تەلەڤزیۆن
نووسینی: محەمەد فەریق حەسەن
بابەت: لێکۆڵینەوە
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
بەرگ: قادر میرخان
سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد رەفیق
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار
ژمارەی سپاردن: 1066 ی 2006
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم ساڵی 2007
کوردستان -سلێمانی
www.sardam.info

www.dengekan.com
2/7/2007

# دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەڤزیۆن

محەمەد فەریق حەسەن

سلێمانی 2007

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (376)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

www.dengekan.com
2/7/2007

# پێڕست


| | |
|---|---|
| سەرەتایەکی کورت | 7 |
| پاژی یەکەم | 11 |
| (1) زمانی تەلەڤزیۆن | 13 |
| (2) پەیوەندیی لە چاخی شۆڕشی زانیاریدا | 36 |
| (3) زەمەن لە تەلەڤزیۆن دا | 43 |
| (4) ڕیکلام لە تەلەڤزیۆن | 51 |
| پاژی دووەم | 63 |
| (1) ڕۆژنامەوانی و تورکاندن و بۆناپارت | 65 |
| (2) پرسی ئازادی و ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆ | 69 |
| (3) ڕۆژنامەی ئازاد و ئازادیی ڕۆژنامەوانی | 80 |
| (4) چیرۆک لە ڕۆژنامەدا | 94 |
| (5) کاریکاتێر لە بزاڤی ڕۆژنامەوانیدا | 118 |
| (6) کەلەپوور و فۆلکلۆر لە بزاڤی ڕۆژنامەنووسیدا | 132 |
| (7) ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی میللی | 146 |

www.dengekan.com
2/7/2007

## سەرەتایەکی کورت

لەدوای ڕاپەڕینەوە، گشت چاوو گوێکانی ناوچەکە، فۆکۆسیان لەسەر باشووری کوردستان کردووە. بە هەرەس هێنانی بەعس دیسان عیراق گەڕایەوە نێو کۆمەڵگەی جیهان. ئێستا ڕێگە لەبەر تەواوی کەناڵە سیاسی و ئابووری و هەواڵگرییەکاندا تەختە. دەتوانن شەوو ڕۆژ بە دەیان بیانوو خۆیانی پێدابکەن. هەموو لایەکیشیان چاویان کردۆتەوەو گوێیان هەڵخستووە. دەیانەوێ بزانن، لەم واقیعە نوێیەی باشووردا، لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژداو بە دەم بەرەوپێش چوونی پرۆسەی لەنوێ دامەزراندنەوەی عیراقەوە، کورد نیازی چییەو چۆن چۆنی کاروباری خۆی بەڕێوەدەباو چارەنووسی بەکوێ دەگا؟ چلۆن بەرەوڕووی فشارو گەفی دەرودراوسێ دەبێتەوە؟ لەچاو جاراندا، ئەمێستا خاڵە لاوازەکانی ئەم جڤاکە گچکەیە لە کوێدایە، تاکو وەک کەلەبەرێک، دزەی لێوە بکەن و ئەمدیوبن.؟!

وێنەی کورد، لە مێژووودا چونکە خۆمان نەمانتوانیوە بیکێشین، کەڤاڵێکی پڕ تەشویشی شێواوە، ئەمێستا لەبەر چاوی جیهانێکی ئاسمان بەستەلایت تەنراودا، جارێکی دی چلۆنی بشێوێنن، تاکو هەمدیس لەوێوە، لەخاڵە بێهێزەکانمانەوە بمانکوتنەوە. دزێو، لە میدیاکانی خۆیانەوە پیشانمان بدەنەوەو دزێو، بە دنیاشمان بناسنەوە.؟!

لێرەوە کورد پێویستە، واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی خۆی چاک بکا، تاکو بتوانێ لەو زەمینەیەوە، بە هۆی میدیا بینراوو بیستراوەکانییەوە وێنەی شێواوی خۆی بسڕێتەوە و لەبری ئەوە وێنەی جوان و بێ تەشویشی خۆی بگەیێنێتە گەلانی دروایێ و دوور. تاکو لەم دەرفەتە نوێیەدا، بە دیمەنێکی جوانەوە بگەڕێتەوە جیهان. دیمەنێکی وەها بچێتە دڵەوەو بەگەرمی پێشوازیی لێبکرێ.

بەرپرسان دەتوانن ئامێرەکان دەستەبەر بکەن، بەڵام پیشاندانی وێنەی جوان، بەبێ هاوکاریی ڕووناکبیری بەتوانا و هونەرمەندی بەتوانا دەستەبەر نابێ. چونکە کارەکە پێویستی بە ئامێتەبوونی دوانەی فیکرو هونەر پێکەوە هەیە. دەبێ بەرپرسەکان بگەنە ئەو بڕوایەی کە لەم ڕۆژگارەدا، ڕاگەیاندن، لە پێش هەموویانەوە سەتەلایت، هیندەی هێزی پێشمەرگە (سوپا) گرنگە. ئەمانە دوو لایەنی جیاوازن، بەڵام تەواوکەری یەکدیشن.. دەستووری جاران چلۆن بە شانازییەوە دەمانوت هێزی پێشمەرگەی کوردستان، نهۆ شان بەشان دەبێ هێزی ئابووری و هێزی پۆلیتیک و هێزی ڕاگەیاندنی کوردستانیش هەر بەهەند بگرین. دەنا لەگەڵ ڕەوتی تیژڕەوی ئەم چەرخە لێوانلێو لە ڕووداوی کوتوپڕو چاوەڕوان نەکراوەدا دەرناچین و دەرنابەین.

لێردا من هەقم بەسەر هێزەکانی ئابووری و پۆلیتیک و سوپاوە نییەو لێشیان نازانم. بەڵام ئەوە چاک دەزانم، کە یەک لەباری کورد، لەم چاخی جیهانگیرییەدا، بەبێ ڕاگەیاندنی هاوچەرخ، هێزی پێشمەرگەو ئابووری و پۆلیتیک هیچی ئەوتۆیان پێناکرێ. بۆیە لەهەمبەر هێزی ڕاگەیاندن دەدوێم. ئەوەش بزانە ڕاگەیاندن جیهانێکی فراوانە من کەمێ لەسەر تیڤی و ڕۆژنامە ڕۆیشتووم.

کوردستانی باشوور لە بواری پێشمەرگایەتیدا پڕ ئەزموونە. ئەمە ڕاستییەکە دوژمن بەر لەخۆمان دەیزانێ. بەڵام هەرچی ئەم بووارەیان هەیە، کە من فۆکۆسم لەسەر کردووە، لەڕووی چلۆنایەتییەوە هەژارە.. ئەم ڕاستییەشیان دیسان ناحەزان بەر لەخۆمان دەیزانن..

کاتێ لە نەورۆزی ساڵی 1998دا، بەناچاری کوردستانم جێهێشت، لەبەردەم دەەروازەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بووین. لەو بارەیەوە چەند وتارێکم لەمەڕ بزاڤی ڕۆژنامەوانی خۆمان نووسیبوو، بەرەوڕووی ڕێزدار کاک (بەدران ئەحمەد) کردنەوە.. ئەویش هەمان ساڵ لە نامیلکەیەکدا بەچاپی گەیاندن. لەم ڕووەوە پێزانینی خۆم دەردەبڕم.

ئەم جارەیان چوار تەوەری لەمەڕ تیڤی هاتۆتە سەر، کە ئەمانەن: زمانی تەلەڤزیۆن، پەیوەندیی لە چاخی شۆڕشی زانیاریدا، زەمەن لە تەلەڤزیۆندا، ڕیکلام لە تەلەڤزیۆن.. وێڕای سێ بابەتی دیکەی نوێ لەمەڕ پرسی ڕۆژنامە، بەم ناونیشانانە: ڕۆژنامەوانی و تورکاندن و بۆناپارت، پرسی ئازدیی و ڕۆژنامەوانی ئەمڕۆ، ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی میللی.. هەرچی وتارەکانی نامیلکەکەی ئەوساش هەیە، لەبەر ڕۆشنایی جیهانی ئەمڕۆی ڕۆژنامەو خوێندنەوەی زۆرم لەم بوارەدا، بژارم کردوون و دەستم پێداهێناون.. بەرەو میدیایەکی پێشکەتووی هاوچەرخ و ئازاد.

**حەمەفەریق حەسەن**
2006.06.14
**کۆبنهاون**

# پاژی یەکەم

## (1)

# زمانی تەلەڤزیۆن

بۆمان هەیە وەک دەسپێک و بروسکەیی ئاوا پێناسەی تەلەڤزیۆن بکەین: ((دامەزراوەیەکی ڕۆشنبیریی مەودا فراوانی بە هەژموونە لەسەر کۆمەڵ.)) لە ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتی کوردیدا بەهەڵە(تەلەفزیۆن)ی پێدەڵێن. ئەمەش ڕێک دووبارەکردنەوەی هەڵەی عارەبی دروایسێیە. ئەوی ڕاستی بێ زمانی عارەبی وەک زمانێکی ناکارا، ناتوانا، یاخود نەکردە، واتە (قاصر) پیتی (ڤ)ی تێدا نییە، بۆیە ئەوان هەرچی وشەیەکی بیانییان هاتە پێش و پیتی (ڤی)ی تێدابوو. یەکڕاست دەیکەنە (ف) و لێی دەردەچن. لەکاتێکدا ئەم پیتە لەزمانی کوردیدا هەیە و ئاهەنگێکی خۆشیشی تێدایە. دەکرێ وەک سەرەتا بڵێین: زمانی تەلەڤزیۆن زمانی وێنەیە، کە مامەڵە لەتەک هەستەکانی مرۆڤدا دەکات و بەخێرایی دەیانورووژێنێ. لەم ڕووەوە، وەک د. مصطفی حجازی دەڵێ: جۆرە دابڕانێکی لەگەڵ زمانی نووسین و ئاوەزخوازیی زمانی نووسیندا هێناوەتە ئاراوە.. دنیایەکە لە ئاماژە. چێژی کاتی و هەنووکەیی بەبینەر دەبەخشێ. چێژێک، پەیوەندیی بەئێستاوە هەیە، لە کاتێکدا هەرچی زمانی نووسینە باس لە ڕابوردوو، بەخۆی و ئەفسانە و دەرسە مێژووییەکانییەوە دەکا..

د. عبدالله الغذامی، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (الثقافة التلفزيونية)، مێژووی گوزارشت لەلای مرۆڤ ئاوا پۆلێن دەکات: 1.

زارەکی2. تۆمارکردن (تدوین) 3. نووسین 4. ڕۆشنبیری وێنە.. ئەو پێیوایە، گەورەترین گۆڕانکاریی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، کە بەهۆی ڕۆشنبیری وێنەوە جەماوەرێکی پان و بەرینی لە هەژمار نەهاتووی خەڵک هاتوونەتە نێو کایە ڕۆشنبیرییەکەوەو پێشوازیی لێدەکەن. ئەمانە ئەو توێژانە بوون، کە پێشتر پەراوێزخرابوون، سا یان لەو سۆنگەیەوە، کە نەخوێندەوار بوون و نەیاندەتوانی لە ڕۆشنبیریی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب بەهرەمەند بن. یانژی بەهۆی خراپی باری دەرامەتیانەوە، توانای خوێندنەوەیان نەبوو. هەر ئەم هۆکارەش وەهای کردبوو دیاردەی دەستەبژێری ڕۆشبیریی سەرهەڵبدا. بەڵام پەیدابوونی وێنە کارێکی کرد، دیواری ڕۆشنبیریی و (جیاوازی چینایەتی) لە نێوان توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا هەرەس بهێنێ. ئیدی بازنەی بەهرە وەرگرتن لە ڕۆشنبیریی وێنە بەڕادەیەک فراوان بوو، هەموو مرۆڤی گرتەوە. کورتی و پوختییەکەی، تەنانەت مرۆڤی بێسەوادیش لە ڕۆشنبیریی وێنە تێدەگا.

لێرەوە ئەو ڕۆشنبیرییەی بتوانێ وێنەی نایاب بەرهەم بێنێ، ئەوا دەتوانێ جێ پێی خۆی بکاتەوە. تۆ بۆ ئەوەی تێکەڵ بەدنیای ئەمڕۆ ببی و بتوانی ڕۆڵێکی ئەرێنی بگێڕی، گەرەکە ئەو لۆجیک و مەرجانەت قەبووڵ بێ، کە بۆ چوونە نێو دنیای مۆدرن لە ئارادان.. لە ئێستادا هەر بەتەنیا خۆقایم کردن و پارێزگاریی لە شوناس زامنی ئەوە ناکەن بتوانین لە جیهانی ئەمڕۆدا ڕۆڵێکی شارستانی بگێڕین و شوێنێکی پێشکەوتوو لەم دنیایەدا بگرین.. بەڵکو دەبێ ئەم ڕۆڵە بەهۆی بەرهەمی هزرو زانستەوە، هەروەسا بەهۆی بەرهەم هێنانی وێنەی جوانەوە پشتڕاست بکەین. وێنەیەکی ئەوتۆ، کە ڕووی مەجلیسی هەبێ و لە باریدابێ بەرەوڕووی دنیا ببێتەوە..

ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین، ڕووبەری گفتوگۆ تێیدا بەرفراوانە. تەواو پێچەوانەی دنیای دوو جەمسەریی و جەنگە گەورەو گەرم و ساردەکان. ئێمە ئەوسا، کە لە مێژوو وەدەرنرابووین، لەڕێی چەکەوە نەبوایە نەماندەتوانی خۆمان پیشانی ئەوان بدەین. بۆیە پێویستە ئەم سەردەمی گفتوگۆیە بقۆزینەوە. جارێکی دی لەڕێی وێنەوە خۆمان بە دەوروبەر بناسێنین و پێیان بڵێین ئەو وێنەیەی لەسەر ئێمە هەتانە لە واقیعەوە دوورە. ئێمە کوڕە خائینەکەی فیلمەکان نین وەک ئێوە بۆی چووبوون و لە خەیاڵی خۆتاندا وێنەتان کێشابوو. ئێمە لە پشتەوە خەنجەر لە کەس نادەین. بۆیە لەم سەردەمی کرانەوەو گفتوگۆی نێوان میللەتان و کۆنتاکت پەیداکردنەدا، کە زمانی تیڤی ئامرازێکی هەرە گرنگی ئەو کۆنتاکتەیە و وێنە بەوێنە وەڵام دەدرێتەوە، دەبێ بزانین چی پێشکەش دەکەین.؟

هەرکاتێکیش وێنەیەکی دزێویان لەسەر پەخش کردی، گەرەکە تۆش بەوێنەیەکی جوانی خۆت ،کە لە نایابیدا، لە ئاستی وێنەکەی ئەواندا بێ؛ وەڵامیان بدەیتەوە. بەوێنەیەک سەرەڕای نایابی و ڕاستگۆیی؛ هەمان ئاستی گوزارشتی وێنەکەی ئەوانی هەبێ و ئەولاتریش. دەبێ لێوەشاوەیی و شایستەیی خۆتیان بۆ بسەلمێنی، کە تۆیش لە بنیاتنانی شارستانییەتی ئەم خۆرهەڵاتی ناڤینەدا بەشداریت هەبووەو بەوێنەی نایاب جێدەستی خۆتیان پیشان بدەی. دەنا ناتوانی بەرەوڕووی جیهان و دەوروبەر ببیتەوە.

ئەمڕۆ وێنە بریتییە لە ڕۆشنبیریی و هزرو ئابووری و تەکنۆلۆجیا. هەر بەتەنیا چێژ وەرگرتن و کات بەسەربردن و لاسایی کردنەوە نییە. وێنە کار لەبەرهەم هێنان دەکاو لۆجیکی ئایندەیە. هەر ئەوەندە داد نادا کەناڵەکان بێن لەپەستا گۆرانی و هەواڵ و بەرنامە هەمەڕەنگەکان پاتە بکنەوە.. ڕاستە دەستەڵاتی پەخش بەدەستی

ئەوانە، بەڵام کۆنترۆڵی تیڤییەکان بەدەستی خەڵکەوەن. هەرکاتێ بەرنامەکانی ئێوەیان بەدڵ نەبوو ئەوا تەنیا بە دەست پێدانانێک تیزوفیزێک بەسەر کەناڵەکانتاندا دەهێنن و دەیگۆڕن.

ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێکدا دەژین، دنیای ڕووداوە کتوپڕە جیهان هەژێنەکانە، کە دەبێ هەمیشە وڵاتان ئامادەباش بن و دڵیان لە مستیاندا بێ. دنیای گومان و کاڵبوونەوی یەقینەکان و وەهمی تاسەر، دەست بەسەر دەستەڵاتدا گرتنە. یاسایەک، هێز و پارسەنگی هێز لەنگەری ڕاگرتووە و حوکم لە گەمە نێودەوڵەتییەکاندا دەکا. هەر وەک چۆن ئەو وڵاتەی چەکی نەبێ دەکەوێتە ژێر دەست و پێی چەتەوڵە بەهێزەکانەوە. لە نەخشەو کایە گرنگەکاندا بێبەش دەبێ و بەڵکو لەگەمە چارەنووس سازەکانیشدا لەسەری ناکرێ و قاو دەدرێ. هەمان دەستوور؛ ئەو گەلەی مەعریفەت و تەکنۆلۆجیاشی نەبێ ناتوانێ تاسەر لەم دنیا بەگومان داچێنراوەدا پارێزگاریی لە هەبوون و بونیادی خۆی بکا. ناشتوانێ وەک گەلێکی سەربەخۆی جیاواز لەوانی دی، لە ڕووی مێژوو، زمان و کلتوورەوە خۆی بەدنیاو دەوروپشتی بناسێنێ و بسەلمێنێ.

بمانەوێ و نەمانەوێ ئاینده بۆ ڕۆشنبیریی وێنەیە. ئەو وێنەیەی وەک پەندە هەرە کۆنەکەی چین باسی کردووە ، چجای ئەوەی ئەو وێنەیە ڕەنگاوڕەنگ و بزۆک بێت..

نەوەی ئەمڕۆ هەردووکیانی بینی، نووسراو و وێنە. ئەگەری زۆر لە ئارادایە وێنەی ئەلکترۆنی ببێتە سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری و ڕۆشنبیریی بۆ وەچەکانی داهاتوو. گەلێ جاران وێنەی لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەیەک، بۆی هەیە سەرنجمان ڕاوبکات و لە نێوان دەیان ڕۆژنامەدا، لەبەر خاتری تەنیا وێنەیەک ئەو ڕۆژنامەیە هەڵبژێرین. چونکە وێنە بێ پێشەکی و بیر کردنەوە و ماندوو بوون

خۆی بەناخماندا دەکات و بەچڕیی و ڕوونیی گەوهەری کێشەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە. یان باهەر بەزمانی تەلەڤزیۆن بڵێین فۆکۆس دەخاتە سەر کێشەکە. کۆدەکەیمان بەئاسانی بۆ دەکرێتەوە. جا بیری لێبکەرەوە ئەگەر ئەم وێنەیە، ڕنگی و بەجووڵە (ڤلفۆک) بوو. بەهۆی ڕۆشناییەوە درەوشاوە بوو، کاریگەرییە دەنگییەکانیش پاڵپشتی بوون؛ دەبێ ئەو حەلە چ جێدەستێکی لەسەر زەین و هزری بینەر هەبێ؟

ئەمڕۆ تەلەڤزیۆن بۆتە پێویستییەکی ماڵ و ناکرێ خێزان دەستبەرداری ببێ. بۆتە خولیایەک و ژیانی خەڵکی داگیر کردووەو دۆخێکی خێزانی و کۆمەڵایەتیی نوێی هێناوەتە ئاراوە. داخۆ چ ئاریشەیەک لە ژیانی خێزاندا ڕوودەدا ئەگەر هاتو ماوەی مانگێک بێ تەلەڤزیۆن بوو؟ چونکە ئەو بێپرس میوانی هەمیشەیی ماڵە و دەسەڵاتی وێنەیی و دەنگیی خۆی بەسەریاندا سەپاندووەو بەئارەزووی خۆی یاریی بەکاتی زێڕینیان دەکا.

دەکرێ بڵێین: تەلەڤزیۆن، یان وێنەی ئەلکترۆنی پێویستیی بەگەلێ شارەزاو پسپۆڕ لە بوواری تەکنیکدا هەیە. کە، هەموو پێکەوە، هەر یەکەو لە کایەکەی خۆیدا بەشدارەو کارەکانی بۆ تەواو دەکەن و ڕایدەپەڕێنن. هەر لە ڕایی کردنی ڕووناکییەوە بگرە هەتا بە دەنگ و هەڵبژاردنی گرتە و گۆشەی گرتەو مۆنتاج و دەرهێنان دەگا. وەلێ بە شێوەیەکی گشتی دەشێ بڵێین: تەکنیک و هێما، دوو پایەی هەرە گرنگی ئەوتۆن، وێنەی ئەلکترۆنیی کاریگەرو سەرکەوتوویان لەسەر ڕاوەستاوە.

وێنەی تەلەفزیۆنی ڕەوانبێژیی زۆرتری تێدایە تا دەقی نووسراو. بگرە لە ڕووی دەرک پێکردن و تێگەیشتنەوە، ڕەوانبێژیی وێنە گەلێ لە وشەی نووسراو ئاسانترو کاریگەرترە. چونکە ئەمیان نەخوێندەواریش تێیدەگاو پێویستی بە ئەرک و ماندوبوونێکی زەینی ئەوتۆ نابێ. هەر

بەرهەمێکی تەلەڤزیۆنی سەرکەوتوویش بگری؛ لە بنەڕەتدا بەجدی کاری بۆ کراوە، ئامادەکراوەو ڕەنجی لەگەڵدا دراوە، تاکو بینەری ئاسایی بەئاسانی تێبگا. کیشەکەی لە هەست پێکراوەوە بۆ وەرگێڕاندۆتە سەر بینراو، کە زمانی وێنەیە، واتە هەر بەبینینی تێیدەگا. بۆیە تیڤی ڕۆڵێکی بەرچاو لە هوشیارکردنەوەو بەئاگاهێنانی تاکدا دەگێڕێ و لە هەموو ئەو ڕووداوو ئاڵوگۆڕانەی وا بەدرێژانی ژیانی ڕوودەدەن ئاگاداریان دەکاتەوە. بەمەیش ئاسۆی ڕوانین و بیری فراوانتر دەکاو بەسەر دنیادا دەیکاتەوە. بەڵکو لە مرۆڤێکی دوورەپەرێزی گۆشەگیرەوە دەیکاتە کەسێکی بەئاگای جیهانبین.

تیڤیش، وەک دەزانن هیچ لەمپەرو بەربەستێک پێشی پێناگرێ و زۆر بەپەلە وێنەکان دەگەیێنێتە هەموو کەلێنێکی دنیاو کاریگەریی دەمودەسی لەڕادەبەدەری هەیە. لەباریدا هەیە کارێ بکا، هەر لەماڵەکەی خۆیەوە، مرۆڤ بە جیهان و دەوروبەرەوە ببەستێتەوە. هەروەها ئەم لەباریدا هەیە لە هەواڵ و دەنگ و باسی نووسراو زیاترو زووتر تینوێتی مرۆڤ بۆ هەواڵ بشکێنێ و لاپڕەسەنی بۆ ئاگاداربوون لەو تێکەو لێکانەی لە پشت پەردەی سیاسەتە ڕوو دەدەن تێر بکا. چونگە ئەم توانیوێتی دوورییەکان بپێچێتەوەو بەسەر لەمپەری کات و شوێندا زاڵ بێ. دەمودەست و بەگەرم گوڕیی هەواڵەکانمان لەسەرچاوەوە، واتە لە شوێنی ڕوودانی خۆیانەوە، بەدەنگ و ڕەنگەوە؛ چرکە دوای چرکە بەبینەر بگەیێنێ. وەک کارەساتی یانزەی سێپتەمبەر، کە هەموومان بەچاوی خۆمان و بەزیندوویی لێدانی قوللەکانی نیۆیۆرکمان بینی و چاومان لێبوو چۆن هەرەسیان هێنا و چۆن فەرمانبەرە گیرخواردووەکان لە ترسی گیانی خۆیان لە بەرزایی دەیان مەترەوە خۆیان هەڵدەدێرا؛ بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێ. وەلێ لە ڕاستیدا ئەوانە لە مەرگی خۆیان بەپەلە بوون.!

کاریگەریی تیرۆر لە لاپەڕەی ڕۆژنامەدا، کە بۆتە زمانی ڕابردوو، بە وشە بۆمانی دەگێڕێتەوە؛ جودایە تاکو ئەوەی وێنەی جووڵاوی ڕەنگاوڕەنگ دەیگێڕێتەوە، کە باس لە ئێستا دەکا. تۆ هەر دەمێک ئەو شریتە دەنگی و ڕەنگییە لێبدەیتەوە هەر ئیستایەوەو هەمان کاریگەریی لەسەر زەینمان دادەنێ و نابێتە ڕابردوو. واتە وێنەی تەلەڤزیۆنی دکارێ ڕابردووشمان بۆ بکاتە ئێستایەکی هەنووکە. ڕوونتر بڵێین؛ تۆ ئەگەر فیلمێکی جەنگی سەردەمی ڕۆمان و گریکییەکانیش لە ئێستادا ببینی، وەهای دەبینی وەک ئەوەی هەنووکەو بەزیندوویی، لەپێش چاوتا جەنگ و کوشتار و بەسەرهاتەکان ڕوودەدەن. لەبەرهەندێ ئەگەر لەم ڕووەوە بیگری، پرۆسەی بینین تەواو پێچەوانەی خوێندنەوەیە، کە هەر چۆنێک نووسرابێ هەر بۆتە مێژوویەکی کۆن و هەر خوێنەرەو بە بۆچوونی خۆی و بەشێوەی خۆی لە خەیاڵیدا بەرجەستەی دەکا. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە هەرگیز ئەو چێژەی لێ نابینین، وەک ئەوەی لە کارێکدا، بەکامێرای تیڤی یان سینەما گیرابێ، دەیبینین.

وێنەی گەش و ڕووناکی هەواڵە گەرماوگەرمەکان، لە شوێنی ڕووداوەوە بەهاوکاریی کاریگەرییە دەنگییەکان؛ وێڕای پێشەکەش و شرۆڤەکردنیان لەلایەن پەیامنێرو بێژەری دەم و لەبز شیرینەوە، لەخۆیدا بڕواو متمانەی بینەر بەو کەناڵە زیاتر دەکا. ڕاکێشان و پەیداکردنی متمانەی بینەر، لە سەردەمێکدا، کە فیشاڵ و ڕاستییەکان بەیەکدا چوون و چەواشەکاریی لە چڵەپۆپەدایە، بڕوانامەیەکی گرنگە و هەموو کەناڵێک ناتوانێ بەئاسانی بەدەستی بهێنێ. هەمیشە بینەر بڕوای بەو پەیامنێرەیە، کە بەپەلە دەگاتە سەر ڕووداوو نەیهێشتووە هەواڵەکە ببێتە ڕابوردوو.

ئەو کەناڵە خێرایەی کاتێ دەگاتە سەر تەقینەوەکە هێشتا دووکەڵی لێهەڵدەستێ و لای خۆتەوە گوێت لە لوورە لووری ئەمبولانسەو بەبەرچاوتەوە کوژراوو زامدار دەگوێزنەوەو کەس و کاری قوربانییان خۆیان دەڕنەوەو پۆلیس لە شوێنی ڕووداون و ئاگر کوژێنەوەکان بەجلکی تایبەتی خۆیانەوە سۆندەی ئەستووری ئاویان بەدەستەوەیە؛ ئەو کەناڵەی ئەمەی لەدەست بێ، وێڕای دەستپێشخەریی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا؛ مانای وایە بەتوانایەو جێی متمانەیەو کارا. دەبێتە جێی ڕێزی بینەرو لە نێوان دەیان کەناڵی هاوشێوەدا بینەری لاپڕەسەن و تامەزرۆ، هەڵوەدای دەنگ و باسی ئەم کەناڵەیانەو دەبێتە بینەری هەمیشەیی ئەمەیان. چونکە خاوەنی ئیمکانییاتی ڕاگەیاندنی سەردەمە، کەواتە ڕێزی لێدەگرێ و قەناعەتی پێی هەیە؛ چونکە ڕاستگۆیی تێدا دەبینێ.

بۆیە بینەر ناچار کراوە پێی سەرسام بیت و هەرچییەکیش بڵێ، بێ بیرکردنەوە بڕوای پێبکات و بیسەلمێنێ. بەم پێیە ئەو کەناڵە ڕاگەیاندنە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، بەجیاوازی ئاستی ڕووناکبیری و جیهانبینییانەوە، دەبێتە دەستەڵات و مەرجەعییەتێک. هەمیشە لە سەری سەعاتدا بۆ بینین و گوێگرتن لە ڕاستیی ڕووداوەکان و شرۆڤەیان دەگەڕێنەوە سەری.

عەدنان موبارەک پێی وایە، لەبریی دەستەواژەی زمانی تەلەفزیۆن، دەکرێ (وتار) ی تەلەفزیۆن بەکاربێنین. چونکە بەو هەموو کاریگەری و هەژموونەی خۆیەوە، گەلێک سەرو تواناو کاریگەریی وشەو ڕستە کەوتووە..

تیڤی بەو پێیەی توخماتی گێڕانەوەی تێدا زاڵە. لە بونیادی حیکایەتیشەوە نزیکە. چونکە بەرنامەکانی تیڤی بەزۆریی بریتین لە هونەری گێڕانەوە؛ بۆیە ڕەگەزەکانی دراماییان پێوە دیارە. دەکرێ

بڵێین لەسەر شێوەو ڕێسای حیکایەتە میللییەکان پشت بە گێڕانەوەی لەدووی یەکی ڕووداوەکان دەبەستێ. واتە هونەری گێڕانەوە ڕەگەزێکی سەرەکییە لە سەرجەم کارەکانی تیڤیدا. وەلێ نەک بەهۆی گێڕانەوەی وشکی زارەکیی ڕووتەوە؛ بەڵکو لە ڕێگەی وێنەی لە دووی یەکی ڕەنگین و درەوشاوەو ڕووناکی ئەلکترۆنییەوە؛ بەهاوکاری وشەو دەنگ و کاریگەرییە دەنگییەکان. هەروەها دەتوانین بڵێین زمانی تیڤی لەزمانی سینەماشەوە نزیکە. بەڵکو زیاتر لە سینەما دەچێ. کامێرای تیڤی گەلێ لە خاسییەتەکانی کامێرای سینەمای لەخۆیدا هەڵگرتووە. ئەگەر چی بەو ڕادەیەش هەستیارو پێشکەوتوو نییەو شریتەکانیشیان لە ڕووی خاسییەت و بەهاوە جیاوازن و شریتی تیڤی نەگەتیڤی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەستووری سینەما هەموو کارێکی تیڤی بە گرتەیەک (لقطة، شۆت) دەست پێدەکا.

بەڵام هەر ئەم تایبەتمەندییەی، کە وێنەی بەکامێرای ڤیدیۆ گیراو نەگەتیڤی نییەو شۆردنەوەی ناوێ. لەخۆیدا شۆڕشێکی بەرپاکردووە، ئەوەتا لەبەر هەرزانییەکەی هەموو خێزانێک لە توانایدا هەیە بیکرێ و لەبەر ئاسانی بەکارهێنانیشی هەموو خێزانێک دەتوانی فیلمی خۆی بگرێ و هەموو کەسێک بۆی هەیە لەڕێگەی کامێرای ڤیدیۆوە دیدی خۆی بەدەوروبەری بگەیێنێ. وەکی دی هەمووومان لەژێر ڕەحمەتی ئەم ئامێرەداین. بەتایبەت ئەوانەی دانیشتووی شارە گەورەکانن، لەلایەن هەزاران کامێرای ڤیدیۆی وردو نادیاریەوە لەژێر چاودێریداین.

تۆ ئەگەر لە ئەورپا بژیت، بێ ئەوەی بەخۆت زانیبێ و پرسیان پێ کردبێ، ڕۆژانە دەیان جار وێنەیان گرتووی. تۆ هەرکە لە ماڵەکەت دەرهاتی ئیدی لەژێر چاوەدێریدای. زۆرێک لەدزی و فزییەکان، زۆرێک لەکارە تێکدەرەکان بەهۆی ئەم کامێرایانەوە ئاشکرا دەبن.

نهۆ شارە گەورەکان وێڕای سوپایەک پۆلیس، بەسوپایەکیش کامێرای فیدیۆ چەکدارن.

وەکی دی جۆرەکانی گرتەو گۆشەکانیان لەکن هەردوولا هەریەکن و هەمان مەدلوول و هێماشیان لە خۆیاندا هەڵگرتووە. لە هەردوو لاشدا وێنە بەچەند پرۆسەیەکی ورددا ڕەتدەبێ و دواجار بەپوختی دەکەوێتە بەر دیدەی بینەران. مەگەر جیاوازیی بنەڕەتیی نێوانیان لەوەدابێ؛ ئەگەر تیڤی سەر بەسەردەمی ئەلکترۆن بێ ئەوا سینەما سەربە سەردەمی میکانیکە.

دەبێ ئەوەیش بڵێین، کە ئاخاوتن، واتە وشەی گۆکراو، دەبێتە هاوکارو یاوەری وێنەو لە شرۆڤەو بەتاندا هاتنە خواری دیمەنەکاندا هاوکاریی دەکا. بەڵام هەمیشە وێنە بڕبڕەی پشتی ڕاگەیاندنی بینراوە. ئەگەر کتێب، ڕۆژنامەو ڕادیۆ، باسی ڕووداوێ بکەن چۆن چۆنی ڕوویدا، ئەوا تیڤی هەمان دیمەن بەزیندوویی پیشان دەدا، چۆن چۆنی ڕوودەدا. بەم پێیە تیڤی هەموومانی بەسەر جیهان و ڕووداوە سەیرو سەمەرەکانییەوە کردۆتە شایەتحاڵ. واتە تۆ هەر بەتەنیا ئاگادار نیت، بەڵکو بینەریشی. لاپڕەسەنی مرۆڤیش ،کە هەریەکەو بەپلەو ڕادەی جیاواز لە ناخیدایە، زیاتر بەبینین تێردەبێ و تامەزرۆیی دەشکێ تاکو بیستن.

کاتێ هەواڵێک لە ڕادیۆوە دەبیستین، ئێمە لەلای خۆمانەوەو لە مێشکی خۆماندا وێنەی خەیاڵیی ڕووداوەکەو ئەو بارو دۆخەی تێیدا ڕوویداوە فۆرمەلە دەکەین. وەلێ یەک لەباری ڕاگەیاندنی بینراو، تیڤی و کارمەندانی تیڤی پێش خەیاڵی ئێمە کەوتوون و پێشوەخت هەواڵەکەیان بەهەموو ئەو کەش و هەوایەوە، کە دەوری ڕووداوی تاینی داوە و بەتەواوی ڕەنگ و دەنگ و کاریگەرییە دەنگییەکان و لەڕێگەی لێشاوی وێنەی یەک لەدووی یەکەوە؛ بەکۆشش و هاوکاری

پەیامنێرێک ،کە شرۆڤەی دۆخەکە دەکا و بەتانیدا دیتە خوار، فۆرمەلە کردووەو بە پوختی و مۆنتاج کراوی خراوەتە پێش چاومان.

کاتێ تەلەڤزیۆن لەگەڵ ئامرازو هۆیەکانی دیکەی گەیاندندا بەراورد دەکەین دەبینین، تەلەڤزیۆن دەچێتەوە سەر فۆتۆگراف و فیلم و ڕادیۆش. هەروەها دەبینین وشەی گۆکراو بەوێنەوە دەبەستێتەوە. واتە لەسەر شێوەی شانۆو فیلم؛ ئاماژە بیستەکی و بینەکییەکان پێکەوە گرێدەدا. ئەگەر لەڕووی تۆمارکردنەوە بینۆڕینێ، دەبینین ئەرکی دیکەش ڕادەپەڕێنێ، کە لە چاپکردنەوە نزیکە. وێڕای نزیکی لەکتێب و ڕۆژنامە و ڕادیۆوە، بۆمان هەیە بڵێین: تیڤی دامەزراوەیەکە فەرمانی هەمەڕەنگ هەڵدەسووڕێنێ. واتە ئەم هەموو شتە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، کە هەریەکەیان بوارێکی سەربەخۆیەو پێویستی بە پسپۆڕێتی هەیە.

بەرهەمی تیڤی لەکاری زەنگیانە هۆنینەوە دەچێ کاتێ ژنێکی دەست ڕەنگینی پشوو درێژ بەدەست و پەنجەی جوان و ڕاهاتووی، بەهۆی دەرزییەوە، دەنک دەنک زەنگیانە بەیەکەوە دەکا و جزدانێکی سەرنجکێشی لێ دروست دەکا، هەر زینەتە سەیری کەی.. یان لە مافوور چنین دەچێ. کاتێ کیژۆڵەیەکی دەست و پەنجە خاراوی پشوو درێژ؛ شەو دەنێتە بان ڕۆژو لەو تاڵە باریکانە مافوورێک دەچنێ، پڕی ژوورێک.

ئەرنۆڵد هاوز، سەدەی بیستەم بە سەدەی فیلم پێناسە دەکا. واتە چاکترین داهێنراوێک نمایندەی سەدەی بیستەم بێ، بەلای ئەوەوە فیلمی سینەمایە. وەلێ پاشتر هەر لە سەدەی بیستەمدا تیڤی هاتە گۆڕێ، کە فیلمیشی گرتۆتە خۆ.. هەم بەرهەمی دێنێ و هەم پیشانی دەدات و کردوویەتی بەشێکیش لە بونیادی خۆی. وێڕای ئەوەی،

تیڤی لە پاڵ سوود بینین لە تەکنیکی ڕادوێ و ڕۆژنامەوانی، سوودی لە تەکنیکی وێنەی فیلمیش وەرگرتووە..

کەواتە زمانی تیڤی بریتییە لە تێکەڵەیەک لە هۆیەکانی دیکەی گەیاندن و ڕاگەیاندن. بەردەوام و بەپەلە بەرەوپێش دەچێ. بۆ ئەوەی ئێمەش جوان خۆمان بەدنیا بناسێنین، پێویستە زمانێکی شیاوی ئەوتۆ لەم زەمین و ئاسمانە بە سەتەلایت جەنجاڵەدا بدۆزینەوە، کە بتوانێ لەگەڵ مگێزی دۆخە جیهانییەکدا ڕێبکا. چونکە ئەوان لە گەشەکردن و هەم بۆ ڕاوە بینەر، لەنێوان خۆیاندا لە پێشبڕکێی بەردەوامدان. گەرەکە ئێمەش لە هەوڵی ئەوەدا بین هەموو ئەو کەرەسە و ئامێرانەی، کە پێکهێنەری وێنەی تیڤین و لەبەرهەم هێنانی وێنەی ڕاستگۆی درەوشاوەو کاریگەردا ڕۆڵێکیان هەیە، لە ئاستێکی بەرزدا بن. دەنا کەناڵە کوردییەکان، لەگەڵ لۆقی درێژو توانای بێئەندازەی زەینی و تەکنۆلۆجیی و هونەریی سەتەلایتەکانی دەوروبەردا دەرنابەن و بینەری خۆیان لە دەست دەدەن. واتە ناتوانن ئەو پەیامەی لە ئەستۆیانە بیگەیێنن.

کامێرای تیڤی لەباریدا هەیە وەک دەرهێنەر یان وێنەگر مەبەستێتی، جارێکی دیکە واقیع بخولقێنێ. ئەم پرۆسەیەش بەوە بەرهەم دێ، کاتێ کامێرامان لەنێوان هەزاران دیمەندا، دێ دیمەنێک هەڵدەبژێرێ و لەو گۆشەنیگایەوە وێنەی دەگرێ، کە خۆی مەبەستێتی و بەماناو هێما تایبەتییانەش بارگاویی دەکا، کە خۆی گەرەکێتی. لێرەوەیە بەرهەمی تەلەڤزیۆنی لە داهێنان نزیک دەبێتەوە. هیچ گومانی تێدا نییە، کە پەخشی بەربڵاوی تەلەڤزیون بەهۆی سەتەلایتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی خێڵە دوورەپەرێزو پەرت و بڵاوەکان زیاتر لەیەک نزیک بخاتەوەو وا دەکات چاکتر لەجاران لەیەکتر تێبگەن و هۆکارێکی بەتواناو دەستەڵاتداریشە بۆ چێکردنی

زمانی یەکگرتوو. بۆ گەیاندنی هەر چەمک و بیرو ڕایەک تیڤیش لە توانایدا هەیە وەک سینەما بە وێنەو وشە و موسیک پێکەوە گوزارشت بکا.

ئێستاش بەکورتی ئاماژە بەتەکنیکی کامێرا و شێوەی بەرهەمهێنانی وێنەی تیڤی دەدەین:

**1. ڕۆشنایی**:

بەبێ ڕۆشنایی ناتوانین وێنەبگرین، مەگەر کامێراکەمان تیشکی ژێر سووری( تحت الحمراء) لێ چێکرابێ. لە دۆخێکی وەهاشدا ڕوونیی وێنە لە ئاستێکی باشدا نابێ. بۆ بەرهەمهێنانی وێنەی ئەلکترۆنی، لە بەرامبەر ڕەنگەکاندا یەکەی ڕۆشنایی پێوی پلە جیاوز هەیە،کە (پلەی کەلڤین)ی پێدەڵێن.. کاتێ سەرچاوەی ڕووناکی سروشتی بێ. واتە ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی خۆردا وێنەبگرین ئەوا دەبێ ئاستی گەرمای ڕۆشنایی(5600) پلەی کەلڤین بێ. تاکو بتوانین وێنەی ڕاست و دروستی ڕوون و بێ (تەشویش) بەرهەم بێنین. دیارە بەرزو نزمیی پلەی کەلڤین کاری ڕاستەخۆی نەرێیانە دەکاتە سەر ئاستی نایابیی وێنەکان.

بەڵام ئەگەر هاتو سەرچاوەی ڕووناکیمان، دەستکرد بوو. واتە دیمەنەکان لەناو ستۆدیۆو ماڵدا؛ لەبەر ڕۆشنایی کارەباو چراو .. هتد، وێنە بگیرێن؛ ئەوا دەبێ گەرمیی کەلڤین (3200) پلە بێ.. جا لەبەر ئەوەی پلەی ڕۆشنایی، جا سروشتی بێ یانژی دەستکرد هەردەم لە گۆڕاندایە، هەمیشە چارەسەری کێشەی ڕووناکی هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی وێنەی ڕوون و جوانمان دەست بکەوێ. بۆیە دەبێ وێنەگر(کامێرامان) بەرلەوەی دەستبەکار بێ لەخەمی چێکردن و دابینکردنی ڕووناکی تەواودا بێ. هەروەها گەرەکە دیافرەیمی کامێراکەی بەتەواوی بەسەر پاکترین و بێگەردترین ڕەنگی (سپی)دا

بکاتەوەو جێگیری بکات. ئەم پرۆسەیەش بەهۆی دیوار یان کاغەزی سپییەوە ئەنجام دەدرێ.

هەرکام لە ڕووناکی سروشتی و دەستکرد، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی خۆیان هەیە. ڕووناکیی سروشتی ئەگەرچی هەندێ جاران برێ تەشویشی تێدەکەوێ. دیارترینیان ئەوەیە ،کە سێبەری تێدەکەوێ و هەندێ لایەنی وێنە تا ڕادەیەک تاریک دەردەکەوێ و ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی برێک زانیاریمان لێ بشارێتەوە، کە دەبوایە لە وێنەکەدا هەبوونایە. ئەمەیش کارێک دەکا گۆشەکانی وێنگرتنمان لەبەردەمدا تەسک بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕەپانێکی ئاسان و لەبارەو خەرجیی وزەی کارەبامان بۆ دەگێڕێتەوە. ڕووناکی خۆریش هەمیشە مەعافەو لەبەر دەستدایە. وێڕای ئەوەی پێشی کامێرا هەتا چاو بڕکا ڕووناکە. ئەمەیش بوار بۆ کامێرا دەڕەخسێنێ قووڵاییەکی زۆر دوور ببینێ و وێنەی بگرێ.

هەرچی ڕووناکیی دەستکردە لەو سۆنگەیەوە پەنای بۆ دەبەین، کاتێ ڕووناکیی سروشتی نامێنێ، یان شیاوی ئەوە نەبێ و بەشی ئەوە نەکات وێنەی لە سایەدا بگرین. لە دۆخێکی وەهادا گەرەکە بەیەکجاری دەستبەرداری ڕووناکیی سروشتی ببین و بەتەواویی پشت بەرووناکیی کارەبا ببەستین. واتە ئێمە ناتوانین لەهەمان کاتدا پشت بە ڕۆشنایی خۆرو هی کارەباش(دەستکرد) ببەستین و تێکەڵیان بکەین. دیارە ڕۆشنایی کارەبا سەرچاوەی سەرەکیی ڕووناکیی دەستکردە. بەهۆی گڵۆپی تایبەتییەوە کە ڕووناکی تەواو گونجاو دابین دەکا؛ لە ستۆدیۆکانی تەلەڤزیۆندا وێنەی لەبەر دەگیرێ.. ئەم گڵۆپانە هەم ڕووناکیی پێویست فەراهەم دەکەن و هەم دەتوانین ڕووگەیان بگۆڕین و بەپێی ویستی خۆمان بیانجووڵێنین و بەپێی پێویست، خۆمان کۆنترۆڵی پلەی بەرزو نزمی ڕۆشناییەکانیان بکەین.

www.dengekan.com
2/7/2007

هەروەها دەتوانین ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگیان لێ بەرهەم بێنین، بەجۆرێکی ئەوتۆ کاریگەریی لەسەر وتاری (خطاب) وێنە هەبێ و ماناو مەبەستی تایبەت بگەیێنێ و زمانی نما چێبکا. بۆ نموونە ئێمە دەتوانین، لەناو ستۆدیۆدا. بەهۆی ڕووناکیی دەستکردەوە بروسکە (چەخماخە) دروست بکەین و پێویستیمان بەوە نابێ چاوەڕوان بین تا بەهار دێ ئەوجا وێنەی بروسکەو هەورەناڵە بگرین. ئەمەیش لەخۆیدا کارێکە لەبەر ڕووناکی سروشتیدا بەرهەم نایە.

دەبێ ئەوە بزانین، کە دەزگەکانی ڕووناکی هەر بەتەنیا ڕۆشنایی بەرهەم ناهێنن، بەڵکو وێنەو هەم مانا بەرهەم دێنن. واتە بەرپرسی ڕووناکی لە تەلڤزیۆن و سینەمادا کەسانی بێلایەن نین. بەڵکو ئەوان بەهۆی ڕووناکییەوە وێنەکان بەماناو ئاماژە بارگاوی دەکەن. ناو ستۆدیۆش، ژینگەیەکی شیاوو ئاسانە بۆ کارکردن. چونکە لێرە وێڕای تەزووی کارەباو جێی حەوانەوە، پێداویستییەکانی دی، لە ئێکسسوارو ماکیاج و کرێن و جۆرەها پرۆجکتۆری سادەو ڕەنگی و دێکۆر ئامادەن و پرۆسەی وێنەگرتن ئاسانتر دەکەن و بەگورجی کارەکە بەدەستەوە دەدەن. لە تواناداِیە بە هاوکاریی نێوان ئینسان و ئەو هەموو کەرەستانە وێنەی هونەری و بێخەوشمان دەستبکەوێ. ئەمەش لە خۆیدا ئامانجی سەرەکیی پرۆسەی وێنەگرتنە. لە کاتێکدا بۆ وێنەگرتن لەبەر ڕووناکیی سروشتیدا پێویست دەکات زۆرێک لەو کەرەستانە بۆ شوێنی کار بگوێزرێنەوە.

دەبێ ئەوەشمان لەیاد بێ، کە وێنەی سینەماو هی تیڤی جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە. بەڵکو تیڤی زۆرێک لە شێوازی کاری لە هونەری سینەما خواستووە. گرنگتینیان نووسینە بەوێنەو جۆرەکانی گرتەو گۆشەکانی وێنەگرتنە، کە لە هەردوو بوارەکەدا چونیەکن.

## 2. جۆرەکانی گرتە:

گرتەی گەورە: مەبەست لەم گرتەیە بەدیارخستنی بەشێکی گرنگە، بەدەر لە بەشەکانی یان پێکهاتەکانی دیکەی تەنێکی دیاریکراو. وەک ڕوخساری مرۆڤێک. دیارە حاڵەتە دەروونییەکانی مرۆڤیش ئەگەر پەستی بێ یان شادی و بەئاگایی و بێئاگایی بێ، لەسەر ڕووخساری مرۆڤ پەرچ دەبنەوە. یان بۆ نموونە لە بێئاگایی شوفێرداو بەدەم ڕێوە گرتەی تایەی ئۆتومبیلێک لەکاتێدا بورغووەکانی شل بوونەتەوەو لەوەدایە تایەکە دەربچێ. دیارە ئەم دۆخە بۆی هەیە کارەساتی پڕ مەترسیی لێبکەوێتەوە. یان لە دارسێوێکدا کامێرا دەچێتە سەر سێوێک یان باڵندەیەکی لەسەر چڵی درەختێک هەڵنیشتوو ،کە بەلای ڕاوچییەکەوە باڵندەکە گرنگترە تا درەختەکە و گرتەکە هەموو سکرینەکە، یان بەشێکی زۆری پڕدەکاتەوەو دەبێتە جێی سەرنجی بینەر.

ئێمە لەم گرتە گەوریەدا نامانەوێ و مەبەستما نییە بزانین جەستەی مرۆڤەکە چۆن هەڵکەوتووە. بەڵکو تەنیا ڕووی ئەومان مەبەستە؛ تاکو بزانین چ هەستێکی تێدا دەخوێنینەوە. یان لەمەڕ گرتەی درەختەکە، دەمانەوێ بزانین داخۆ باڵندەکە چییە و چۆنە. ئەگەر ڕاوچییەک لە پارێزدا بێ، دەمانەوێ بزانین داخۆ باڵندەکە هەڵدەفڕێ یان بەدوای تەقەی ڕاوچیدا دەکەوێتە خوارەوە. ئیتر ئەوەمان بەلاوە گرنگ نییە داخۆ ئەم درەختە پەڵکە چنارە یان بەوز؟ یان بەرزیی چەندە؟ بۆ نموونە هەردەمێ ویستمان ئاستی تووڕەیی یان خەمی مرۆڤ بزانین ئەوا گەرەکە گرتەی ڕوخساری بەگەورەیی ببینین و پڕ بەکادیر پیشانی بدەین. چونکە خەم و تووڕەیی زیاتر بەڕوخسارەوە دیارن نەک بەگشت جەستەی مرۆڤەوە. لێرەدا دەگەڕێینەوە دەڵێین: گرتە ماناو مەبەست دەگەیێنێ. ئەم جۆرە گرتەیەش بەزۆریی لە

درامای تیڤی و فیلمی سینەمادا بەکاردێ. ئەم گرتەیە وەک هەندێ مانا دەگەیێنێ، هەندێکیش زانیاریی لە بینەر دەشارێتەوە. ئەمەش لەو سۆنگەیەوەیە نەبادا کۆکردنەوەی کۆمەڵێک ماناو زانیاریی پێکەوە لە تەوەری بابەتەکە لامان بدەن. یان ماناکان لەکن بینەر تێکەڵ ببن و بەهەڵەیدا بەرن.

گرتەی سینگ(یان نزیک): دەرچوون لە گرتەیەکەوە بۆ یەکێکی دی واتە گواستنەوە لە مانایەکەوە بۆ مانایەکی دی. ئەگەر گرتەی گەورە شوێنی گرنگی پێدانی تایبەتی بێ، ئەوا گرتەی سینگ تەوەری گرنگی پێدانەکە دەوڵەمەندتر دەکاو سنووری گرتەی پێشوو فراوانتر دەبێ. چونکە لە ڕوخسار زیاترمان پیشان دەدا. ڕووی ئەو کەسەی، کە مەبەستمان بوو کەمێک پاشەکشە دەکاو لە بەرامبەردا پاژێکی دیکەش لەجەستەی مرۆڤ بەدیار دەخاو دەبێتە جێی گرنگی پێدان. دیارە بەدیارخستنی سینگ و ڕوو پێکەوە، زانیاریی زیاترمان دەداتێ. ئەم گرتەیەش زیاتر بۆ بێژەری تیڤی بەکاردێ، کاتێ هەواڵەکان پێشکەش دەکا.

گرتەی ئەمەریکایی: ئەم گرتەیە وەک بەناوەکەیدا دیارە داهێنراوی سینەمای ئەمەریکایە، بەتایبەت فیلمەکانی وێسترن، واتە فیلمی کاوبۆی. وەک پێشتریش باسمان کرد، هەر گرتەیەک و بڕێک زانیاریمان دەداتێ. لێرەدا ئێمە لە بەرامبەر گرتەیەکی تەواو دراماییداین. کامێرا شوێن جووڵەی دەستی ئەکتەر و دەمانچەکەی کەمەری، یان ئەستوورایی ڕانی دەکەوێ. وەک گوتمان گرتەکان لە پیشاندانی هەڵچوونەکانی ڕوخساری ئەکتەرەوە بۆ سینگی. پاشان بەرەو مەودایەکی فراوانتر، واتە بۆ (شۆت) ی ئەمریکایی، لەدەست و کەمەری تا ئەژنۆی و هەر جارەو زانیاری زیاترمان پێدەدا. بەڵام لەگرتەی ئەمەریکاییدا پێوستمان بەوە نییە لە ئەژنۆ بەرەوخواری ئەکتەر بهێنینە نێو کادیرەوە. لە گوزارشت کردن بەهۆی پیشاندانی

هەستەکانەوە وەک تووڕەبوون، بۆ دەربڕین بە جووڵەی پاژێک لە جەستە، کە دەست و دەمانچەکەیە.

گرتەی مامناوەندی: ئەم گرتەیە تەواوی کەسایەتییەکە، لە تەوقی سەرێوە بۆ پێی پیشان دەدا. لێرەوە ئێمە تاپۆی مرۆڤەکە بەشێوەیەکی گشتی دەبینین. چ جۆرە جووڵەیەک ئەنجام دەدات؟ تاپۆی و بونیادی لەش و لاری دەبینین. پێچەوانەی ئەوانەی پێشوو، لەم گرتەیەدا وردەکارییەکان نابینرێن. ئەم جۆرە گرتەیە کەمتر پەنای بۆ دەبرێ، نەبادا سەر لەبێنەر تێک بداو تەوەرە گرنگەکەی لەبیر بباتەوە.

گرتەی گشتگر: ئەم گرتەیە بڕێکی زۆری هەواڵ لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. هەروەک ئەو کەش و هەواو دۆخەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە دەوری کەسێتییەکەیان داوەو بەسەرهاتەکەی تێدا ڕوودەدا. وەک سەرتا وایە لە نووسیندا. کارێ دەکا بینەر لە مەبەست و مانای کارەکە تێبگا. کاتێ وێنەگر (مەڕێک) نیشان دەدا و دەیخاتە کادیرەوە. بینەر بیر لە مەڕێک بەخۆی و وردەکارییەکانێوە دەکاتەوەو پێویستیی بەگرتەیەکی مامناوەندی هەیە. بەڵام کاتێ گرتەی مامناوەندی دەگۆڕدرێ بۆ گشتگرو ڕووبەرێکی فراوان و ژمارەیەکی زۆر مەڕ دەبینی ئەوە مانای وایە تۆ (ڕانەمەڕ) دەبینی، کە مانای جیاوازی هەیە هەتا تاکە مەڕێک.

لەم گرتەیەدا ڕانەمەڕ دەبێتە شوێنی سەرنج و شاشەکە داگیر دەکات؛ ئەگەرچی تاکە مەڕێکیش بۆی هەیە سەر بە مێگەلێک بێ یان بەشێک بێ لێی. چونکە بۆچوون و لێکدانەوەکانی بینەر لە دۆخی یەکەمەوە بۆ دووەم گۆڕانی بەسەردا دێ. لێرەوە، هەتا ڕووبەری گرتەش فراوانتر بێ ئەوا لێکدانەوەی بینەریش گۆڕینی زیاتری بەسەردا دێ. هەندێ جاران دەبێتە هۆی پەرش و بڵاوکردنەوەی زەینی بینەر.

3. **گۆشەکانی وێنەگرتن**:

بۆ گرتنی وێنە، پێنج گۆشەی سەرەکیمان هەیە، کە ئەمانەن:

ڕووبەڕوو (پۆرترێت)

لەلاوە (پرۆفایل)

ناوەندیی ( واتە: تەواوی ئەو فیگەرەی ،کە وێنەی دەگرین، دەکەوێتە ناو کادیرەوەو لە ئاستی چاوی کامێرامانەوە پیشاندەدرێ.)

لەسەرێڕا

لەخوارێڕا

دیارە هەرکام لەم گۆشانە ماناو مەبەستی دیاریکراویان لە پشتەوەیە. دەکرێ بەکارهێنانی ئەم گۆشەنیگایانە بە شێوازەکانی گێڕانەوەی (سرد) چیرۆک و ڕۆمان بچوێنین. گرتنی وێنە لە خوارێڕا، (بۆ نموونە) بۆ بەرجەستەکردنی مەزنایەتی و سەرکەوتن و پیشاندانی وێنەی قارمان بەکاردێ. سینەمای ئەمریکایی ئەم گۆشەیە، بۆ فیلمی کوڕە ئازاکەی لای خۆیان بەکاردێنێ. لەکن ئێمە دەکرێ ئەم گۆشەنیگایە بۆ پیشاندانی مەزنایەتی پێشمەرگە بەکاربهێنرێ. هەرچۆنێ بێت دیاریکردنی گۆشەی وێنەگرتن کردەیەکی پێویستەو لە خزمەتی بونیادو گوتاری وێنەدایە. هەر کاتێ گۆشەی بابەتەکە گۆڕدرا ئەوا گۆشەی وێنەگرتنیش گۆڕینی بەسەردادێ. واتە هەردەم، بابەت (موضوع) گۆشەی کامێرا دیاریی دەکاو لەم ڕووەوە گۆشەی وێنەگرتن هیچی لە جووڵەی کامێرا کەمتر نییە.

4. **جووڵەی کامێرا**:

جووڵەی کامێرا ڕۆڵی بنەڕەتی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی وێنەدا دەگێڕێ. وەک یەکگرتوویی وێنەکان و پەیوەندیی تۆکمەیان بەیەکەوە لەکاتی مۆنتاجدا. هەندێ گرتەش لە دیمەنێکەوە بۆ ئەوی دی دەمانگوێزێتەوە. هەندێکیش بۆ چوونە نێو دیمەنەکانەوە، سەرەتا

و ڕێخۆشکەرن و هەندێ کاری ڕوونکردنەوەیان لە ئەستۆدایە. ئەمانە هەموو پێکەوە کاری دەکەن بیناو دامەزراندنی وێنەکان ڕاست و دروست خۆ بەدەستەوە بدەن و دەستکرد بەدیار نەکەون. زۆرێک گرتەش هەن بەکامێرای وەستاوی سەر ستاند بەرهەم نایەن. وێنەی تیڤی بونیادێکی یەکگرتووەو لە گەوهەردا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بونیادی دەقدا نییە، کە پێویستیی بە زمانێکی ئاست بەرزو وشەگەلی ڕوون و پڕمانا و یەکگرتوو هەیە.

لەلایەکی دیکەوە جوولەی کامێرا پەیوەندیی مکومی بە ڕیزکردن و بەشوێن یەکدا هاتنی بابەتییانەی ماناو پێکەوە گرێدانی وێنەکان و بە لێکدانەوەی وێنەکانەوە هەیە. کامێرا چاوێکی ئەلکترۆنییە لە واقیع دەکۆڵێتەوەو نهێنییەکانی دەخاتە ئەو گۆڕە. بۆیە دەبێ هەندێ گرتەش هەبن هەم وێنەو دیمەنەکان پێکەوە گرێبدەن و هەم شیانبکەنەوە. لەم ڕووەوە سێ ئاستی جوڵەمان هەیە:

ئاستی پانۆڕاما (گشتگر): لێرەدا تەوەری(محوور) کامێرا جێگیرە، بەڵام کامێرا لە ڕاستەوە بۆ چەپ یان بەپێچەوانەوە دەسووڕێ. یان ئاستی ئاسۆیی: واتە تەوەری کامێرا لەسەر سکەیەک جێگیر دەکرێ بەڵام کامێرا بەرەو پێشەوە دەجووڵێ.. یان لابەلا، واتە لە ڕاستەوە بۆ چەپ یان لە چەپەوە بۆ ڕاست دەجووڵێ و بەزمانی سینەما (تراڤلینگ) ی پێدەڵێن.. یانژی جووڵەی ستوونی، واتە:(تیلت).. لێرەدا کامێرا لە سەرەوە بۆ خوارەوە یان لە ژێڵداو، سەرەوژوور هەڵدەکشێ. بزاڤی کامێرا لە جەوهەردا هەنگاوێکە بۆ کاریگەریی دانان لەسەر بینەر.

**5. ڕەنگ:**

هەموو ڕەنگەکان لە سێ ڕەنگی بنچینەیی( سوور، شین و سەوز) چێدەکرێن. بەڵام ئەگەر هاتوو ڕەنگێکی دیاریکراو بەسەر وێنەی

تیڤیدا زاڵ بوو، ئەوا ماناو مەدلوولی خۆی هەیە. ئەگەرچی ماناو مەبەستی ڕەنگ تاڕادەیەک لە نەتەوەیەکەوە بۆ ئەوی دی، یان لە جڤاکێک بۆ یەکێکی دی دەگۆڕدرێ. واتە ڕەنگ ڕەهەندی کۆمەڵایەتیشی هەیە. بەڵام بەگشتی زاڵبوونی ڕەنگی زەرد (بۆ نموونە)، دەکرێ لە هەندێ کۆمەڵگەدا بە جووتقۆشەیی و بەدبەختی لێکبدرێتەوە. بۆی هەیە وەک ئێرەییش لێکبدرێتەوە. بەڵام ڕەنگی زەرد ئەگەر بە بەرزاییەوە بوو ،دەکرێ بە تیشکی خۆر لێکبدرێتەوە، کە تەواو مانای جیاوازە. کەچی ئەگەر هەمان ڕەنگ، سەر زەمینی داگیرکردبوو، ئەوا زەینمان زیاتر بۆلای بیابان و لمستان دەچێ.. دەبێ بیرمان بێ، کە ڕەنگی زێڕیش بەو هەموو درەوشانەوەیەی خۆیەوە هەر یەکێکە لە تۆنەکانی زەرد. واتە مانا و مەدلوولی ڕەنگ گەلێ جاران لەژێر کاریگەریی سروشتدایە. ڕەنگی سووریش مانای شۆڕش و قوربانی دان و حەماس دەگەیێنێ..

سەوز بەرامبەر هێوران ( استقرار) و هاوسەنگی (توازن) لێکدەدرێتەوە، هەر وەک ڕەنگی سەوز هێمایە بۆ ژیان و ژیانەوەی سروشت. هەروەسا دەشێ لای خۆمان لێکدانەوەیەکی ئاینیشی بۆ بکرێ. پیشاندانی دیمەنێکی ئاسایی، ئەگەر لە شەودا وێنەگیرابێ؛ ئەوا شین دەنوێنێ.. هەروەک شین هێمایە بۆ حەقیقەت و کارو ڕاستی. ڕەنگی سپیش پاکێتی و بێگەردیی دەگەیێنێ. ڕەنگی ڕەش و تۆنەکانی بۆ وێنەگرتنی دیمەنێک، لە تاریکایی شەودا ڕوویدابێ. بۆ هەستی ترس و ئەفسانە و کەش و هەوای تاوان بەکاردێ..

مەخلووقە دڕندەو زیانیدەکان؛ ڕاستی بن یان دەست هەڵبەست او ئەفسانەیی، لە نێو جەنگەڵستانی چڕو تاریک و لە ژێر چەتری شەوداو لەپەناو پاسارە تاریکەکاندا، کاری چەپەڵی خۆیان ئەنجام دەدەن. لێرەدا، شارەزایی لە بواری بەکارهێنانی ڕەنگ و مانای

ڕەنگەکاندا دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی وێنەیەک، ئامانجی خۆی بەتاواویی پێکابێ. ڕەنگی زەرد کاریگەری و درەوشانەوەی لەپاڵ ڕەشدا زیاتر دەبێ. هەروەک شین ئەگەر لەپاڵ سپیدا دامانانا ئەوا درەوشاوەترو ئاشکراتر خۆی دەنوێنێ و لەجوانیدا قوڵپ دەدا.

**6. هێمای ڕۆشنبیری:**

وێنە لەخۆیدا خولقاوی ئاوەز و دەست و پوڕەمووچی ڕۆشنبیرییە. چونکە هەر بەگرتنی دەبێتە جێگەی لێکدانەوە. ئێمە هەربەوەی وێنەی جووتێک کالاش، یان شاڵ و شەپک پیشان بدەین، مانای وایە باسەکەمان لەسەر کلتووری کوردە. کەچی ئەگەر وێنەی چەفتەو عەگالمان گرت ئەوا یەکسەر زەینی بینەر بۆلای کلتووری نەتەوەیەکی دیکە دەچێ. ئەگەر وێنەی پیرامیدێکمان (هەرەم) پیشان دا، واتە نزیکەی چوار هەزارساڵ بۆ دواوە گەڕاوینەتەوەو باس لە ئیجبتییەکانی سەردەمی فیرعەونەکان بەخۆیان و هێماو ئایین و کلتوورو پێشکەوتنیانەوە، بە ڕەچاوگرتنی ئاستی میللەتانی سەردەمی خۆیان و دەوروبەریانەوە دەکەین. واتە وێنەکە، گوزارشت لە شارستانییەت و هەم لە ئاستی ڕۆشنبیریی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو دەکا. ئەوەش لەولاوە بوەستێ ،کە وێنەی ئەلکترۆنیش لەلای خۆیەوە یەکێکە لە بەرهەمەکانی تەکنۆلۆجیای نوێ. واتە کامێرای ئەلکترۆنی یەکێکە لە دەستکەوتەکانی (ڕۆشنبیریی) سەردەم. دوای ئەوەش، شێوەی وێنەگرتن و مەبەست و گۆشەی گرتنی وێنەکان لەخۆیاندا نیشانەن بۆ جۆرێک لە ڕۆشنبیریی. چونکە سەرجەمی پرۆسەکە بە تەکنیکەوە وابەستەیە. بەکاربردنی تەکنیکیش بەپلەی یەکەم کردەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕووناکبیرییە.

تۆ سەرنج بدە، ئاسەوارناس و مێژوونووسانیش هەر لە ڕێگەی وێنە کۆنەکانەوەو ئەو هێمایانەی هەڵیانگرتووەو هەروەها لە ڕێگەی

تەکنیکی وێنەکانەوە دەستنیشانی خاوەنی وێنەکان دەکەن، کام گەل و کام کۆمەڵی ئیتنی ئەو کارانەیان ڕاپەڕاندووەو لە چ سەردمێکی مێژوویدا کارەکان بەرهەم هاتوون؟ هەر لەبەر ڕۆشنایی هێمای نێو وێنەکانەوە ئاستی گەشەی شارستانی و پێشفەچوونی جڤاکی و ڕۆشنبیریشیان هەڵدەسەنگێنن.

کەواتە وێنە، شایەتحاڵێکی ڕاستگۆی سەردەمی خۆیەتی و دەکرێ لە ڕێی وێنەوە بە تایبەکارییەکانی ئەو جڤاکەی بەرهەمی هێناوە، جیاوازیی لەگەڵ دەوروبەردا، هەروەسا بە دەستکەوتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە ئاشنامان بکا. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە لەسەردەمێکی مێژوویدا مرۆڤ بەنووسینی وێنەیی گوزارشتی لەویست و هزری خۆی کردووە.. لە وێنەی تیڤیدا، وەک شیعر و هونەرەکانی دیکەی نووسین، ئێمە بەهۆی وێنەی لەپەستای کامێراوە مانا بەرهەم دێنین. وەک چۆن ڕستەی ( دارا دوو داری دی.) لە چوار وشە پێکهاتووە. ئاوەهاش کاتێ کامێرا گرتەی خۆر ئاوابوون لەسەر (کەلی داراغا) پیشان دەدا. ئەوا ئەو گرتەیە لە سێ وشە یانژی سێ (فیگەر) پێکهاتووە، کە برتیتین لە ( خۆر، چیا، ئاسمان) و دەبێ ئاسمانیش ڕەنگی وەنەوشەیی پۆشیبێ.

(2)

## پەیوەندیی
## لە چاخی شۆڕشی زانیاری دا

گەمەی تیڤی، هاوسەنگی ڕاگرتنە لە نێوان ئەوەی کەناڵەکان دەیانەوێ لە ڕێگەی ڕەنگ و دەنگەوە بە هاووڵاتیی بینەری ڕابگەیێنن و پیشانی بدەن و ئەوەی خودی هاووڵاتییە بینەرەکە مەبەستێتی و دەخوازێ بیزانێ و بچێتە بنج و بناوانی. لە نێوان ئەم دوو خواستە نابەرامبەرو جیاوازەدا، لە پێش بینەردا چەندین کەناڵی هەمەڕەنگ و هەمە خولیا هەن. بینەری وریاش ئەوەیان هەڵدەبژێرێ، کە دەتوانێ تینوێتی بۆ هەواڵ و زانیارییە ڕاست و دروست و نوێیەکان بشکێنێ. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، کە مەبەستی بینەری وریا، هەر بەتەنیا بیستنی هەواڵ نییە. بەڵکو ئاگاداری لە پاڵنەرو هۆکارەکانی ڕوودانی ئەو هەواڵە و دەرئەنجامەکانی و شیکردنەوەی لە دیدو گۆشەنیگای جیاوازەوە هەر بەلایەوە گرنگە.

هەمیشە بینەری وریا لەپاڵ بیستن و دیتنی هەواڵەکەدا شیکردنەوەی وردیشی لە تەلەڤزیۆن و ڕادوێ و ڕۆژنامە دەوێ. بۆیەکا ئەو تەنیا بە هەواڵێکی چەند دێڕیی لەسەر کێشەیەکی هەڵایساو دڵی ئاو ناخواتەوە.. بەڵکو بەشوێن هەوڵەکەدا کۆمەڵێک پرسیار سەرهەڵدەدەن.. بینەر هەیە مەبەستێتی بەچاکەی ئیسلامی

و یەکێکی دیکە بەچاکەی چەپ و لە ڕووی چینایەتییەوە بۆی شیبکەنەوە. هەیە دەیەوێ بزانێ فڵانە ڕووداو چ سوود و زیانێک بە بۆرسە و بازاڕ دەگەیێنێ. هەیشە دەیەوێ لەو ڕوانگیەوە ڕووداوەکەی بۆی شیکار بکەن داخۆ چ سوود و زیانێکی بۆ بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەکەی تێدایە؟

ئەوی ڕاستی بێ، هەروەک چۆن بینەران بێلایەنانە سەرنجی هەواڵ و ڕووداوەکان نادەن، لە سەرانسەری دنیاشدا کەناڵێکی بێلایەن نابینی.. خۆ ئەگەر ئامانج لە هەواڵەکان، ئاشکراکردنی ڕاستی و حەقیقەتی ڕووداوەکان بێ، ئەوا حەقیقەت وەک دەڵێن، بۆی هەیە چەندین ڕووی هەبێ و چەمکێکی ڕێژەیی هەبێ. لێرەوە بۆمان هەیە هەمان هەواڵمان بە چەندین گێڕانەوەی جیاوازو دژبەیەک لە کەناڵەکانی دنیاوە، یان لە کەناڵەکانی هەمان وڵاتەوە گوێ لێ ببێ. ئەمەیش دیاردەیەکی نامۆ نییە؛ بەڵکو تەواو لەجێیە. چونگە خولیاو بەرژەوەندییەکان لەگەڵ یەکدا نایەنەوە. هەر دەستەو تاقمێک لەگۆشەنیگای خۆیەوە پێشهاتەکانی جیهان دەبینێ و لێکی دەداتەوەخەڵکی، بە تایبەت لەوڵاتە داخراوەکاندا، بەو نیازە ڕوو لە ڕاگەیاندنی غەیری وڵاتی خۆیان دەکەن تاکو چیژی زیاتر و ورووژاندنی زیاتر و بابەتی هەمەڕەنگی جیاواز لەو شێوازە وشک و برینگە نەگۆڕەی، کە ساڵەهایە لەسەری ڕاهاتوون و دەقیان پێوەگرتووە، ببینن و ببیستن.. ئەو کەناڵانە بۆ خۆشیان بە مەبەستی کێبڕکێ و ڕکابەر هاتوونەتە ئاراوە. بەو نیازەی بکارن زۆرترینی بینەران، بە تایبەت توێژی لاوان ڕوویان تێبکەن و ببنە بینەری هەمیشەییان. دواجار بڕوا و متمانە لە نێوانیاندا دروست ببێ تاکو لە هەموو بوارەکاندا شوێن پێیان هەڵبگرن.

وەک داهێنانی پرچ و مۆدیلە سەیرو سەمەرەکانی تاشینی قژ برین و بەرەنگاوڕەنگ بۆیە کردنی، بە تایبەتی لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە. پۆشاک و خاڵ کوتان و ئەڵقە لە کەپوو کردن و گوێ سمین بکەنە مۆدیلیان و لەبەزم و سەماو بوارەکانی دیکەشدا لاساییان بکەنەوە.کاتێ مانگە دەستکردەکان دەستبەکاربوون ئیدی کەناڵە ئاسمانییەکانیش بڵاو بوونەوە و پەرەیان سەند.. گرنگترین خەسڵەتی شۆڕشی زانیاریی لەوەدایە، کە ئیدی دەوڵەتی شموولی هەرچی توانای سەربازی و ئەمنی خۆی هەیە بیخاتەکار هێشتا هەر ناتوانی دەرگەی سنوورەکان بەسەر وڵاتدا دابخاو لێشاوی زانیارییەکان لە هاووڵاتییانی ژێر سایەی خۆی بشارێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هاتنەپاڵی تاک (( إنتماء)) بۆ کۆمەڵگەی خۆی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە کورتی و کزیی بدات و پاشەکشە بکا.. لە بەرامبەردا زیاتر بەلای کۆمەڵگەی جیهانیدا دایبشکێنێ و ببێتە تاکێکی کۆسمۆپۆلیت..

شۆڕشی زانیاریی وەها لەتاک دەکات عەوداڵی دووی سەربەستیی زیاتر بێ، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگە داخراوە سنوور دارە بچکۆلەکەی خۆیدا مەودای ئازادییەکانیش بەرتەسک و سنووردارن. ئەوی ڕاستی بێ سەتەلایت سنوورێک بۆ شوێنکات ناهێڵێتەوە. بەڕادەیەک کار لەتاک دەکا، کە ئیدی دەبێ بەڕاستی و بە تەواوی بەخۆیدا بچێتەوە و چاوێکی ڕەخنەگرانەی ورد بە هەموو ئەو ئاکارو خدەو نەریت و بنەما باوانەدا بخشێنێەوە، کە پێشتر تا ڕادەیەکی زۆر پێیان سەرسام بووە و لەژێر کاریگەرییاندا بووە. تا ئەو ڕادەیەی، لەوانەیە هەندێکیانی نەک هەر بەگرنگ، بەڵکو تەواو بە پیرۆزیش زانیبێ و ڕۆژێ لە ڕۆژان بیری لەوە نەکردبێتەوە لێیان لابدا. یاخود لەو بڕوایەدا نەبووە هەروا سووک و ئاسان

ئەلتەرنەتیڤیان بۆ پەیدا بێ. وەلێ ئێوە بە بەراورد لەگەڵ ڕۆشنبیریی جیهانی پێشکەوتوودا، هەست بە پووچی و ئاست نزمی ڕۆشنبیریی جڤاکەکەی خۆی دەکا. بیریش لەوە دەکاتەوە دەستبەرداریان بێ.

بێگومان گۆڕان و پێشفەچوونی تەکنۆلۆجیا، بە تایبەت تەکنۆلۆجیای گەیاندن، دکارێ گۆڕانی ڕۆشنبیریی و بادانەوەی توندو لەپڕو هەڵگەڕانەوە لە چەمک و ئاکارو نەریتە باوەکان بەسەر کۆمەڵگەدا بهێنێ.. ئەم کاریگەرییە بە ڕادەیەکە، ڕەوتی پاشفەڕۆو کۆنزێرڤەتیڤی ناو کۆمەڵ بە جارێک تووشی حەپەسان و ئەوق مان دەکا. لەوانەیە لەلای خۆیەوە بەیاخی بوون، یاخود هەندێ جار بەپشت کردنە ئاکار و بنەما جوانەکان لە قەڵەمی بدا.

هەر لێرەشەوە ڕاگەیاندنی شموولی، کە جاران خۆی تاقانە خاوەن شکۆی بێ ڕکابەری بوارەکە بوو، وەک خێرو حەسەناتی پێبکات بە دڵۆپ وێنە و زانیاریی بەڕەعییەتی بێ ئیختیار دەبەخشی و فیلتەری لەسەر وردو درشتی ڕووداوەکان دادەنا. ئیدی لەمەودوا ناتوانێ بەتۆپزی ڕۆشنبیریی ڕزیوو تۆز لێنیشتووی خۆی بەسەردا بسەپێنێ. بەردەوام ئاستی وشیاریی تاک بەرز دەبێتەوە.. ئیدی بیرۆکەی گۆڕین و بگرە پێویستیی هەنووکەیی گۆڕین لە هۆش و گۆشیدا چەکەرە دەکا. ئیدی وێنەو پیشەسازیی وێنە دەدبێتە باوو پەرەدەستێنێ. پێشبڕکێ لە نێوان کەناڵە هەمە جۆرو هەمە خولیاکاندا دێتە ئاراوە. ئەوسا تۆش وەک تاکێکی چاو کراوەی بوار بۆ ڕەخساو، کام وێنەیە جوانە و لە ئاستێکی بەرزی ڕەوانبێژیی‌و تەکنیکیدایە؛ کام وێنەیە چێژ بەخش و درەوشاوەیە و دەتوانێ سەرنجت بۆلای خۆی کێش بکات و لەگەڵ مگێزتدا دەگونجێ، ئەوەیان هەڵدەبژێری..

فرە سەرچاوەیی بۆ زانیاری و ڕۆشنبیری؛ بۆ هەواڵەکانی ناوەوە و دەرەوە دەبێتە باوو جێی بەتاک سەرچاوەیی سواو و بێزارکەری بێ جۆش و خرۆش لێژ دەکا. ئیدی دەنگ و باس، وەک هەوا بۆ هەمووانە. چیتر ڕاگەیاندنی شموولی دەستەڵاتی بەسەردا ناشکێ و ناتوانێ بەئارەزووی خۆی ڕژدی و چرووکی بنوێنێ و هەواڵە گرنگەکانی کۆشکی دەستەڵات لەسەر خۆی قۆرخ بکا. یاخود تنۆک تنۆک و بە دڵۆپێنەر بە میللەتی ببەخشێ. یان هەر وەک کاڵایەکی ترسناک بەتەواوی لەڕەشە خەڵکەکەی قەدەغە بکا.

تاک بە هۆی ئامێری سەتەلایتەوە، کە ئەوەندەی لەسەر ناکەوێ فشار بخاتە سەر دەرامەت و ئابووریی خۆی و خێزانەکەی؛ بەئاسانی دەتوانێ ئەودیو کەوالیسەکانی دەستەڵاتی وڵاتی خۆی ببینێ. هەموو ئەم پرۆسە گرنگە بە هۆی سەحنێک و دەزگەیەکی سەتەلایت فەراهەم دێ.. هەر ئەوەندەی بوویتە خاوەنی سەتەلایت، ئیدی دنیا بە هەواڵی شەڕو شۆڕو هونەر وزانست و داهێنان و کێشە هەنووکەیی و هەڵایساوەکانیەوە، لەلات ئامادەیە و لە ماڵەکەتدا میوانە. ئەوسا هەموو دەتوانن دەماخ بسووتێنن، لە ڕێگەی بەراوردی هەواڵ و زانیارییەکانەوە، بگەنە ڕاستیی مەسەلەکان و چیدی کەس ناتوانی حەقیقەتیان لێ بشێوێنێ یان پووش بەسەری بکا. بگرە تاک دەتوانێ سەبارەت هەر مەسەلەیەک بەزمانی جیاجیا گوێ لە چەندین گەنگەشە و دایەلۆگ بێ، تا تەواو لە زانیاریدا تژی دەبێ.

جێی خۆشبەختییە تاکی کورد بێجگە لە زمانەکەی خۆی لانیکەم زمانێکی دیکەش دەزانێ، ئەویش زمانی داگیرکەرە. بۆیە هەمیشە دەکارێ هەڵبژێرێ و کۆمەڵێک ئیختیار لە بەردەستیدایە. واتە ڕێگەی حاڵیبوون لەبەردەمیدا تەخت و واڵایە. دەتوانێ کاتێکی

سەرنجکێش و بەسوود لەگەڵ ئەو هەموو بەرنامانەشدا بەسەر بەرێ،کە بەغەیری زمانی خۆی پەخش دەبن و ئاسمانیان تەنیوە و بەپێی خۆیان هاتوونەتە ماڵەکەیەوە. باوەڕم نییە تاکێکی وشیار لە وڵاتی ئێران تاقەت و خولّکی ئەوەی هەبێ گوێ لە بەرنامەی وشک و ڕۆتینی دەم و کاوێژی بێژەری تیڤییە خۆجێیەکانی ئەو وڵاتە بگرێ و بە سەرچاوەی ڕۆشنبیری و زانیاری و دەنگوباس قەبووڵیان بکا. ئەو هاووڵاتییە وشیارە ئەگەر سەتەلایتیشی نەبێ ئەوا سەری سەعاتەکان هانا بۆ ترانسیستۆرەکەی دەبات وگوێ لە ڕادیۆکانی هەندەران دەگرێ، هەمان دەستوور، بۆ کوردێک، کە لە سنووری وڵاتی تورکیا و سوریادا ژیان بەسەربەرێ.

کاتی خۆی لەلایەن گرووپە بانچەپەکانەوە جەختێکی زۆرو گرەوی زۆر لەسەر حەتمییەتی مێژوویی دەکرا، گوایە کار لە چینەکەنی ژێرەوەی جڤاک دەکاو تەخت و تاراجی کۆمەڵگەی کۆن هەڵدەتەکێنێ و لە بناغەوە دەیگۆڕێ. ئێستا ئیتر دەبێ باس لە حەتمییەتی تەکنۆلۆجیا بکرێ. چونکە بێ چەند و چوون، لەباریدا هەیە دوور لە شەڕو شۆڕ و ملانێی سەخت و خوێناویی، بەڕوون و ڕەوانی کۆمەڵ بەرەو قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتووترو گەشەسەندووتر بیگوێزێتەوە و بگۆڕێ.!

تیڤی توانیویێتی هەموو ئاستە جاوازەکان، هەر لە مامۆستای زانکۆوە هەتا نووسەرو جوتیارێکی نەخوێندەواریش، کە پێشتر لە مەتەڵۆک و حیکایەت و بەیت و بالۆرەی کۆن بترازێ هیچی دیکەی نەبیستووە، ئێستا پێکەوە لەسەر خوانی خۆی کۆیان بکاتەوە.. جاران ئەم پرۆسەیە، واتە پرۆسەی کۆکردنەوەی پرۆفیسۆرێک و جوتیارێک لەسەر یەک خوان، جۆرێک بوو لە مەحاڵ.. جاران کاتێ دەقەکان لەسەر کاغەزبوون، تەنیا لەلایەن دەستەبژێرەوە

دەخوێنرانەوە، کە هەر خۆیان خوێنەری کارامە و بەرهەم هێنەری ڕووناکبیری بوون.

با لەکۆمەڵگەی خۆمانەوە نموونەیەک بهێنینەوە: هەتا (مەمی ئالان) وەک دەقێکی نووسراو قەتیسی نێو کتێب بوو، زۆرینەی خەڵک نەیانخوێندبۆوە. کەچێ دوای ئەوەی وەرگێڕدرایە سەر زمانی دراما و لە تیفیدا پیشان درا، ئیدی سنووری بۆ ئاستەکانی ڕۆشنبیریی نەهێشتەوە. چونکە هەموو لایەک بینیان. جیاوازییەکە مەگەر ئەوەندە بێ هەریەکەو بە پێی ئاست و ڕوانینی خۆی کارەکە دەبینێ و لێی تێدەگاو هەڵیدەسەنگێنێ. واتە بینەر هەیە تەنیا وەک حیکایەتێکی دڵداری بۆی دەڕوانێ. کەچی بینەر هەیە دەکارێ دانیشێ بەسەعات گەنگەشەی لەسەر بکا. بینەریش هەیە، لە سۆنگەی شارەزایی خۆیەوە دەتوانێ لە بوارە جیاوازەکانی وەک هونەری وێنەکرتن و جوانکارییەکانی دەرهێنان و فەنتاسیاوە بەدەیان لاپەڕە، تۆژینەوەی لە بارەوە بنووسێ.!

کەچی ئێمەی کورد، یەک لەباری ئەم تەکنۆلۆجیا نوێیە هێشتا بەکاربەرین (مستهلک)، لە کاتێکدا هەم سەردەمەکە و هەم بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانیمان لێمان دەخوازێ و لەوەدایە، تەواو ئاگاداری نهێنی و کاریگەریی بێسنوور و ئەفسوونی ئەم تەکنۆلۆجیا نوێیە بین، کە مرۆڤ لێی تێرنابێ و لە تەماشای ماندوو نابێ و ڕۆژانە چەند ساتێک لە تەمەنی شیرینی خۆی بە دیاریەوە دەگوزەرێنێ.

## (3)

## زەمەن لە تەلەڤزیۆندا

با سەرەتا بە نموونەیەکی زیندوو دەست پێبکەن. گزی و فزیی لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتی گورجستاندا (جۆرجیا) بۆ ماوەک بووە گەرمە هەواڵ و یەکەم هەواڵی سەراپا کەناڵەکانی تیڤی لە دنیادا. شیرڤەرنادزەی سەرۆکی جۆرجیای لە لایەن ڕووسیاوە پشتگیری لێکراو، بەشێوەیەکی نەرێنی بووە ئامانجی نزیکەی هەموو کەناڵەکانی دنیا. چونکە ڕکابەرەکەی دەیەویست گورجستان بەرەو یەکێتی ئەوروپا بەرێت و دژ بە هەژموون و مانەوەی ئەو وڵاتە لە ژێر باڵی ڕوسیادا بوو.. بۆیە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک تێکڕای تەلەڤزیۆنەکانی ڕۆژئاوا ((بە تیڤییەکانی لای خۆشمانەوە، جا پێبزانن یان پێنەزانن)) لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، هەموو ئۆباڵی دواکەوتن و داتەپینی ئابووری ئەو وڵاتەیان خستە ئەستۆی شیڤەرنادزە. هاوکات، لە پڕێکدا (میخائیل سەکاشڤیلی) ی سەرکردەی ڕکابەریان لێ کردینە چە گیڤارای سەردەم.

ئەم کەناڵانە تفیان کردبووە ناو دەمی یەک و دۆخەکەیان بەشێوەیەکی چڕو کاریگەر سەد بارەپات دەکردەوە. ئەوان وەهایان پیشان دەدا ،کە چارەنووسی گورجستان بە سەرکەوتنی شەخسی سەرکردەی ڕکابەرەوە بەندەو ڕۆژانە وێنەی ئەویان لە دەیان گرتەی نایابدا پیشانی دنیا دەدا، کە چۆن بۆ داگیر کردنی پەرلەمانی گورجستان لە ڕیزی پێشەوەی هێرش بەراندایە و سڵ لە

زرێپۆش و هەڕەشەکانی شیفەرنادزەی پڕئەزموون و دنیا دیوە ناکاو وەک کوڕەلاوێکی قۆزی قارەمانی فیلمە بەرەنگارییەکان پیشانیان دەداو بەردەوام فۆکۆسی لەسەر بوو.

هاوکات شیفەرنادزەی کۆنە سەرۆکی ئەو وڵاتەمان دەبینی کونە مشکی لێ ببوو بەقەیسەری و ڕەنگی پێنەمابوو. ئەو وێنانە بە ئاشکرا، بە گوێ و چاوی دنیایاندا دەداو دەیانوت دۆڕاندن بۆ شیفەرنادزە و سەرکەوتنیش هەر بۆ میخائیل سەکاشڤیلیی ڕکابەرەکەیەتی. چونکە سەکاشڤیلی، گورجستان دەهێنێتە یەکێتی ئەوروپاوە. هەر ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپایە دەکارێ بەختیاری بۆ وڵاتی گورجستان دابین بکا.

ئەو تیڤییانە هیچ گرنگییان بە شیفەرنادزە و مێژووی ئەو پیاوە نەدەدا. بەڵێ ڕاگەیاندنی نوێ وەهایە.. مەبەستێتی تۆی بینەر وەها لێبکا، لە هەنووکەی هەتا سەردا ژیان بگوزەرێنی. پشت لە رابردوو بکەی و بۆ ئێستا بژی. ئیدی قیروسیا سبەی چ دەقەومێ و ڕابردوو چ ڕۆڵێکی لە هاتنە کایەی ئێستادا هەبووە. لە ماوەیەکی کورتیشدا تیڤی دەتوانێ پاڵەوان دروست بکاو بەدنیاشی بناسێنێ. وەک سەکاشڤیلیی ناساند.

لەو ملانێ سەختەدا هەموو دەستمان لەسەر دڵمان بوو. وامان دەهاتە بەر زەین، ئەگەر خوانەکەران سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن بدۆڕێ ئەوە مانای وایە ئیدی چارەنووسی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا کەوتوونەتە غەرغەرەوە. کاتێکیش ئەو کوڕە قۆزە بردییەوە ئیدی ئێمە هەموومان ئاهمان تێگەڕا و هەمووشمان گرەومان بردەوە. هەروەک ئەوروپاش بردییەوە و ئەمریکاش کە براگەورە و کوێخای دنیایە گرەوی بردەوە. لەو چەند ڕۆژەدا هەموو کێشەکانی دیکەی دنیا وەلانرابوون تەنیا

کێشەی جۆرجیا هاتبووە پێشی پێشەوە. وەک هەرچی کێشە و گرفت و کوێرەوەری هەبێ لەم دنیایەدا نەمابێ. لە کاتێکدا ئەم پرۆسەیە تا ئەوپەڕی پووچگەرایی بێتام و بێمانایە.!!

ئەوە چ گەشەسەندن و گۆڕانکارییەکە ئەگەر وڵاتێک لە ژێر هەژموونی ڕووسیا دەربچێ و بچێتە ژێر هەژموونی ئەمەریکاوە.؟ مەگەر جیاوازییەکە تەنیا لەوەدابێ جاران کاتێ لە مۆسکۆ باران بووایە ئەمان لە (تەبلیسی) چەتریان هەڵدەدا، کەچی لەمەودوا ئەگەر لە واشنگتۆن بباریێ ئەوان دەبێ لە (تەبلیسی) چەتر هەڵدەن.. لە هەرکوێیەک ئەمریکا بجەنگێ ئەوا دەبێ گورجستانیش سەربازی خۆی بنێرێ و پشکداربێ. هەروەک لەبری بنکە سەربازییەکانی ڕووسیا لە گورجستان ئەوا لەمەودوا ئیتر نۆرەی پەیمانی تەتڵەسییە، بەکەماڵی ئیسراحەت بنکە سەربازییەکانی خۆی لەو وڵاتە دادەمەزرێنێ.. هتد. بەم شێوەیە ڕاگەیاندنی سەردەمی گلۆباڵیزم دنیا لەچەند گرتەیەدا چڕدەکاتەوە. ئەویش بەو شێوەیەی، کە خۆی دەیەوێ نەک بەو شێوەیەی ئێمە مەبەستمانە.

تیڤی لەباریدا هەیە بەماوەیەکی پێوانەیی، تۆی تاک ئەگەر توانایەکی مامناوەندیشت لەبوارە جیاجیاکاندا هەبێ، بتکاتە کوڕی ڕۆژو بەجەماوەری بەرفراوانی دوورو نزیکت بناسێنێ. ئەستێرەکانی تۆپی پێ و سەپەتەو تێنس و بۆکسێن.. گۆرانیبێژو نووسەرەکان.. ئەمانە هەموویان، لەماوەیەکی کورتدا، تیڤی کردوونی بەئەستێرە.

هەندێ جاران هەواڵ لەخۆیدا تەنیا بۆ ئەوەیە ناوودا بۆ کەسی مەبەست پەیدا بکاو بیکاتە کەڵە پیاوی سەردەم و ڕۆستەمی زەمان. ڕاگەیاندنی نوێ گەرەکێتی تۆی تاک چێژ لەمرۆو لەم چرکەساتە ببینی، کە تێیدا دەژیت. ئەو دەتوانێ هەموو دنیای ئەمرۆت لە

چەند گرتەیەکدا بۆ چڕبکاتەوەو وەک هێلکەی پاککراو بیخاتە بەردەستت.

مۆدیلی کاڵاکان لە گۆڕانی بەردەوامدان و تۆ دەبێ ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵیاندا ڕێبکەی و فریایان بکەوی تاکو هەمیشە نوێ و نوێخواز بیت و لە کاروانی پێشکەوتن داوانەکەوی.! بۆ نموونە دەبێ ئاگادار بی، تەلەفوونە دەستییەکەت، کە هاودەمی هەمیشەییتە هەر ڕۆژە و فەنگشونێک زیاد دەکا. ڕۆژ بەڕۆژ سەنگی کەمترو توانای کاری زیاترو فرە مەبەستتر دەبێ. تۆ دەبێ فریابکەوی و بیگۆڕێ تاکو بەردەوام لە هەنووکەدا بژیت.!

هەتا زووە واز لە ڕابردووت بهێنە با ئاوو ئاو بچێت و بۆ ئێستەکانێ بژی. ئەوەی ڕووی دا ڕۆی، خەمی بۆ مەخۆو لە کوولەکەی تەڕیشدا باسی مەکەو ناوی مەهێنە. تۆ بەپێی ڕاگەیاندنی نوێ دەبێ تاکێکی بێ مێژوو و بێ ڕابردوو بیت. تۆ دەبێ شوێن ڕۆشنبیریی ئەم چرکەساتە بکەوی، کە خۆی لەو حەمکە کاڵا ڕیکلام بۆکراوانەدا دەبینێتەوە، کە بەم ڕۆژگارو شەوگارە پیشان دەدرێن و تۆش دەبێ لە گەڵیاندا بورووژێی. ئەمڕۆ سبەینێ کۆن دەکا. لە دەنگ و باسەکاندا ئەوە گرنگە، کە ئەمڕۆ ڕوو دەدا. تەنانەت ئەوان هەوڵ دەدەن کاتێ دوا هەواڵی تیڤییەکەیانت گوێ لێبوو، یەکەم هەواڵیت لەیاد نەمابێ. لە مۆدیلی کاڵا بازرگانییەکانیشدا دیسان هەر ئەوەیان گرنگ و سەرنج ڕاکێشە، کە ئەمڕۆ دەکەوێتە بازاڕەوە. تۆ دەبێ هەرچی زووە واز لەکاڵای دوێنێ بەرهەم هێنراوو پیشاندراو بهێنی و بە دوای نرت و نوێدا بگەڕێی و بەکاری بهێنی. چونکە دوێنێ، دوێنێ (بوو)..!

ئەسڵەن ئامانجی هەواڵەکانی تیڤی ئەوەیە، بەوەی ئەمڕۆ ڕوودەدا، دوێنێت لەیاد بەرێتەوە و هەوڵ دەدا بتکاتە تاکێکی بێ

پێشینەو بێ ڕابردوو. چونکە ئامانجی هەرە لەپێشی گلوبالیزم ئەوەیە پێشینەت، کە لە مێژوو کەلەپووردا بە هەموو فراوانییەکەوە، خۆی دەبینێتەوە لەیاد بەرێتەوە، تاکو لەبریی ئەوان کلتووری خۆرئاوا، بەڵکو بەتایبەکاری کلتووری ئەمریکای لەبری جێگیربکا. بەڵام دیارە ئەو گرووپ و دەستەو ئیتن و نەتەوەیەی کلتوورو ڕابردووی ڕوونی خۆی نەبێ، ناشتوانێ ببێتە خاوەنی ئایندەیەکی ڕوون.

ئەو دەزگەیە بەردەوام هەواڵی نوێت پێدەبەخشێ و بەمەیش تۆ توانای شرۆڤە و بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە گێرە و کێشەکانی، کە لەدنیادا لە ئارادان نامێنێ. بەم شێوەیە ڕابوردوویەکی زۆر نزیکی خۆت لێ دەکەنە مێژوویەکی دێرینەی زۆر کۆن. هەروەها گرنگترین مەسەلەی ئینسانی دەبێتە کۆن و ڕووداوی دیکەی بەسەردا دێ. ئەو دەزگەیە بەردەوام قسە بەسەر قسەکانتدا دێنێ، بابەت بەسەر بابەتەکانتدا دێنێ. بەم پێیە ڕووداوی نوێ هی کۆن دایدەپۆشێ و بێ بەزەییانە دیزە بەدەرخۆنەی دەکا.

ئەگەر بابەتەکە جەنگ بێ، تۆی بینەر هەمیشە چەند گرتەیەکی ئەو جەنگە دەبینی، ئەویش بە دابڕاوی لەو پاڵنەرو هۆیانەی ئەو جەنگەی لێکەوتەوە و لە دەرئەنجامەکانی و هەموو ئەوکارەساتانەی، کە جەنگی گۆرین بەشوێن خۆیدا دەیانهێنێ. بۆیە هەر یەکسەر بە دوای پیشاندانی ئەو چەند گرتەیەدا، لەسەر جەنگێکی وڵات کاولکەر؛ هەمان تیڤی دێت لە ڕێی ڕێکلامەوە دەتباتە هاوینگەیەکی دڵگیرو ئارام و ساماڵ. ئەمجا بەدەم جووڵەی سەماوە، بە هاوکاریی پارچە موسیکێک و چەند کیژۆڵەیەکی جوان و قەدباریک، زەمینەیان گوڵ وچیاو دەریایە، دەتبەنە ئوتێلێکی پێنج ئەستێرەی ئەو هاوینگەیە، کە

ڕیکلامە بۆ هاوینەگەکە. ئا بەم شێوەیە لە هەناسەیەکدا جەنگێکی کارەساتبارو هۆو ئاکامە سەختەکانیت بیردەباتەوە.

ئەو بێژەرانەی دەنگوباسەکان پێشکەش دەکەن و ئەوانەی وا بەرنامەو گفتوگۆو سیمینارەکانی تیڤی بەڕێوە دەبەن هەردەم پەلەیانەو دەڵێی گەلەگورگیان بەدواوەیە. تۆی بینەر بەسەدان جار گوێت لێبووە، چۆن بێژەری تیڤی یان کۆڕو سیمینارو بەزمگێڕ لەبەر کەمی کات قسەی بە میوانەکانی خۆی بڕیوە. یان چۆن میوانەکەی خۆی سەغڵەت کردووە، بەوەی داوای لێکردووە لە ماوەی تەنیا خولەکێک یان نێو خولەکدا بە چڕی بیرو ڕای خۆی لە هەمبەرر بابەتێکی گرنگی هەڵایساوی ڕۆژ دەربڕێ، بێ ئەوەی گوێ بەوە بدات ئاخر چۆن دەکرێ لەسەر جەنگێکی وڵات کاولکەر، کە کێشەی نێوان دوو وڵاتە و دەرودراوسێ دەستیان تێوەرداوەو لەوەدایە ببێتە ئقلیمگیرو بە هەزاران کەسی تێدا ئاوارەو ماڵ وێران بووە، بە خولەکێک یان بە نیو خولەک باس و شرۆڤە دەکرێ؟

تاک لەم سەردەمەدا وەک ئەو ڕێبوارەیە، کە لەنێو شەمەندوفەرێکی زۆر خێرادا بەنێو وڵاتێکی فراواندا لە گەشتدا بێ. ئەو تەنانەت ناتوانێ بە چاکی دیمەنەکانی هەردوو بەری ڕێگەو بانەکانیش ببینێ. بۆیە مەگەر هەر ئەوەندە فریابکەوێ هەندێ وردە تێبینی گشتیی لەلا دروست ببێ، دەنا دیمەنەکان هەتا سەر بە جێگیریی لە بیرو یادەوەریدا نامێننەوە.

خێرایی و هەڵمە هەڵم، هەموو بوارەکانی ژیانی گرتۆتەوە. ئەوەتا لە گۆرانییەکانی ڤیدیۆکلیپدا گرتەکان هەندێ جاران ئەوەندە کورت و خێران؛ نەچاو لێیان تێر دەبێ نەمێشک لێیان حاڵی دەبێ. تۆ ئەگەر چەند جارێکیش ئەو گۆرانییە ببینیتەوە هێشتا هەر لێی تێر نابی.. وێنەگرتنێک تا ڕادەی ئەفسانە خێرا. هەر لەیەک

گۆرانیدا، گۆرانبێژ دەبینی لەسەر زەوی. باشان لەفرۆکەدایە بەئاسمانەوە. دواتر لەبەلەمێکی فڕیوداو لەناو دەریایەکی پانوپۆڕدا چاو کاری لێناکات و بەشوێن خۆیدا شەپۆل جێدێڵێ. جلک وبەرگ و هەموو ئێکسسوارەکان گۆڕاون. پاشتر هەمان گوۆرانیبێژ بە ئوتومبیلێکی دوا مۆدیلەوە شەقامێکی هەردوبەر بەتەلاری بەرزی شووشەبەندو جوان تەیدەکا. پاشتر بەسەر ئەسپێکی خۆشبەزی ڕەسەنەوە دەیبینی. وەرزەکانیش لە گۆڕاندان. تەمەنی ڕاستیی گۆرانییەکەش تەنیا پێنج شەش خولەکە!! دیارە ئەو دەرهێنەرە بەم کارە خێرایەی، هیچ مەبەستی نەبووە تۆ وەک بینەرێک چێژی لێ ببینی. بەڵکو ئەو ویستوویەتی تەنیا بتورووژێنێ. بێکەم و زیاد وەک پیشاندانی چەند گرتەیەک لە جەنگە ماڵ کاولکەرەکەی پێشتر باسمان لێوە کرد. کەواتە وروژاندنی کاتی بۆتە مەبەست.

تۆ لە هەموو بوارێکدا لە بەردەم هەڕەشەی خێراییدای. ڕاکردن بە دوای هۆیەکانی گواستنەوەدا. پەلەکردن لە نان خواردندا و قنیات کردن بە پارووەکانی ماکدۆناڵد و هەمبورگەرو خواردن بە هەڵمە هەڵم و بەدەم ڕێوە. بەپەلە گەیشتنە شوێنی کار. بەپەلە کارکردن تاکو بتوانی فریای ئامێرە نوێیە ئەلکترۆنییەکان بکەویێ. تۆ هەمیشە لە ترسی ئەوەدای بەجێت بهێڵن. جا شمەندوفەرو میترۆو پاسەکان بن، یان مەکینەکانی کارگە، یاخود لێشاوی زانیاری نوێ یانژی مۆدیلەکانی پۆشاک و سەرتاشین. هەمیشە شارستانییەتی لۆقن وا لە پێشتەوە.. تۆی تاکیش بەغاردان وا مل دەنێت و بەهەناسە بڕکێوە دوای کەوتووی و هەرچەند دەکۆشی لەگەڵیدا دەرناچێ! تۆ هەستێکت لەکن دروست دەبێ. هەستی ئەوەی تۆ تاکێکی داوکەوتووی، چەند تەکان دەدەی و مل دەنێی هێشتا هەر فریانکەوی.

فیلمەکانی تیڤیش هەمان دەستوور، بریتین لەژمارەیەکی زۆر دیمەنی تەواو خێرای دەمیەک دراو. هەر دیمەنەش بریتییە لەچەند گرتەیەکی زۆر کورت و خێرای تەریبدارو. بەم شێوەیە تۆ کاتێک فیلمێک دەبینی، ئەوا ژمارەیەک ساڵ و مانگ و ڕۆژی زۆر خێرای چڕکراوەی لەپەستا بەدوای یەکدا هاتووی بەڕووداوی کتوپڕ ئاخنراو دەبینی..

(4)

## ڕیکلام لە تەلەڤزیۆن

تۆ ڕوو لە هەرکوێ دەکەیت، ڕاست بێ یان درۆ، خۆشت بێ و ترشت بێ، بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و بە لێشاوی ڕیکلام ئابلووقە دراوی. دیوارەکان، پێشی تەلارە بەرزەکان، بەڕیکلامی نیۆن و ئەلکترۆنی سەرنجت ڕادەکێشن. سینەماو ڕادوێ و ڕۆژنامەو هەفتەنامەکان پڕن لەڕیکلامی دەنگ و ڕەنگ و وشە. لاپەڕەکانی ئینەترنێت لە ڕیکلامی کاڵاو گەشت و گوزاردا جمەیان دێت. کاتێ ئی پۆستەکەت دەکەیتەوە؛ بەر لەوەی نامەی ئاشناو ڕۆشنا بخوێنیتەوە، ڕیکلام دیقە دیقەت دەدات و پێشت پێدەگرێ. ئەمیان کۆمپیەتەری هەرزان کردووەو ئەویان مۆبیل تەلەفوون.! هەندێ جاران کۆمپانیای ڕیکلامکار لەسەر زمین بوونی نییە و تەنیا مەبەستی پارەکێشانەوەیە. هەر ئەوەندێ خاپانتی و ژمارەی حسابی بانکییەت بۆ نووسی، ئیدی کاتێکت زانی تالآنکراوی!!

تەنانەت تەنەکی خۆڵی سەر پیادەڕەوی شەقام و ناو کۆڵانەکانیش بەڕیکلام بۆ کۆنسێرتی گرانیبێژو نمایشی شانۆ داپۆشراون. زۆرجاران بێئەوەی بەخۆت زانیبێ، کڵاویان لەسەرناوی و خۆت بوویتە ڕیکلامکار!. بەهۆی کڵاوەکەی سەرت، یان بەهۆی تیشێرت و ساقۆو قەمسەڵەکەی بەرتەوە، کردوویانی بەدەزگەیەکی گەڕۆکی ڕیکلام، چالاکانە، وەلی بەئیف، ڕیکلام بۆ تیمێکی یاریی،

گۆرانیبێژێک، کۆمپانیایەک دەکەی! زۆر جاران لەم ئەوروپایە، لە چرەبەندانی ئاپوورەی خەڵکی بان پیادەڕەوو پیاسە شەقامدا، لە هیکرا لووتت بەلووتی لاوێکدا دەتەقێ؛ بۆتە داری ڕیکلام، تابلۆیەکی لەسەر نەڕەی شانە، هەردوو دیوی بەنووسین یاخود بەوێنە پڕکراونەتەوەو بەناو خەڵکدا دەیگێڕێ، یاخود بەدیارییەوە ڕوواوە، هەتا ئاوی پێی دایە، ڕیکلام بۆ کاڵایەک دەکا. لە ماڵەوەش بێ پسانەوە، تیڤییەکەت لەپەستا ڕیکلامی ئەلکترۆنی دەنگی و ڕەنگیت پیشان دەدا.

کاسێتێکی ڤێدیۆت کڕیوە یان لە ئاشنایەکت خواستووە، لەمێژە ناوبانگی ئەو فیلمەت بیستووەو دڵت پێوەیە ببینی. بەڵام بێئەوەی چاوەڕوانت کردبێ یان مەبەستت بووبێ، بەرەوڕووی ڕیکلامی سێ چوار فیلمی دیکە دەبیتەوە، ئەوجا دەگەیتە فیلمی گۆڕین.

سەرچاوەو مەرجەعییەتی ئەم ڕیکلامانە، بریتییە لە کۆمپانیاکانی دنیا، کە بە گورجی و بە زۆری لە ڕێی تیڤییەکانەوە پەخش دەبن. ئەوەندە هەیە بۆ ئێمە دەکرێن بە کوردی و بۆ ئەوان دەکرێن بە عارەبی و.. هتد. دەنا وێنەکان هەر هەمان وێنەن. ئەم ڕیکلامانەش لەسەر شێوەی مووشەکەکانیان دوور هاوێژو کیشوەربڕن. وەک ڕەوانبێژیی وێنە، لە ئاستێکی بەرزدان و بێ سڵاوو ڕۆژباش، ڕاستەوخۆ خۆیان بەناخی دەروونماندا دەکەن. بە تایبەت بە هۆی بریق و باقیانەوە دەتوانن زۆر بە ئاسانی توێژی لاوان بقۆزنەوە. چونکە هێزی قایلکردنیان تێدایەو بە ئاسانی بینەر دەخاپێنن.

ئەوان پەلەیان نییەو پشوویان درێژە.. کۆڵ نادەن و بەدرێژایی ڕۆژو شەو گەنمگردیی دەنووکیان لە سەرمانە. بەردەوام هەمان ڕیکلاممان لە چەندین کەنالەوە پیشان دەدەن و هەدادانیان نییە. واتە پشت بە پاتەکردنەوەی بەردەوام دەبەستن، بۆ ئەوەی جارێ

لەجاران کارمان تێبکەن. بۆیە تۆی تاک لە دەستیان ناقونێیت و ڕزگاربوونت نییە. ئەوان گەرەکیانە مگێزو چێژمان بەو جۆرە لە قاڵب دەن، کە خۆیان گەرەکیانەو لە کارگەکانیاندا نەخشەیان بۆ کێشاوە، تاکو سەرەنجام هەر خۆشیان ببنە تاکە مەرجەعییەت و سەرچاوەی چێژو سەلیقەمان و لە دواجاردا بکارن بە ئاسانی هزریشمان وەک سەلیقەو مگێزمان لە قاڵب بدەن.

ئەم ڕیکلامانە بە هەموو گۆشە و کەلێنێکی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە. لە کۆمەڵگەی بەکاربەردا ( مجتمع استهلاکی) کار وەها دەڕوات و وەهاش بەرەو پێشەوە ملدەنێ. کۆمپانیاکانی دنیا مەبەستیانە لە کورتترین ماوەدا زۆرترین قازانج بەدەست بهێنن. ئەوان دەیانەوێ کاڵاکان ڕمێن پەیدا بکەن و بەسانایی بەسەرماندا ساغیان بکەنەوە. بۆیە زۆریان مەبەستە دنەی تۆی تاکی کڕیار بدەن و تەشویقت بکەن تاکو کاڵاکانیان لێ بکڕی و بەکاریان ببەی.

تەلەڤزیۆنیش ئامێرێکە بۆ کات بەسەر بردن و هەم بۆ ڕۆشنبیری و پێوەندی گرێدان لەگەڵ جیهان و دەوروبەردا. هەڵبەتە ئەمڕۆ کەس ناتوانێ دەستبەرداری تەلەڤزیۆن بێ. بۆیە لە هەموو ماڵێکدا ئامادەبوونێکی بەهێزی هەیە. وەک بڵێی بۆتە ئەندامێکی خێزانەکەمان! تیڤی ئەوەندە ئامێرێکی بەهەژموونە دەستی بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی تەمەنماندا گرتووە. بەڕادەیەک کات لەئاستی چێژی تیڤیدا بێنرخ خۆی دەنوێنێ. دەکرێ بڵێین لەبری ئەوەی ئێمە گەمەی پێبکەین، ئەم ئامێرە ئەفسوونییە، یاری بە تەمەنی ئێمە دەکا.

بۆیە یەک لەباری ئەوانی ڕیکلامکار، کورتترین ڕێیەک بیگرنەبەر ئەوەیانە، لەڕێی تیڤییەکەتەوە لێت وەژوورکەون. لەوێوە بەشێوەیەکی تەواو نرت و نوێ و ڕەنگاوڕەنگ بەباڵای کاڵاکانیاندا

هەڵبدەن. ئەوان لەم کردەو کۆششەیاندا بەپەلە نین.. ئەوان، وەک دەڵێن، کەروێشک بەگا دەگرن. بۆیە درەنگ بێ یان زوو هەر کارت تێدەکەن و فریوت دەدەن. چونکە تیڤییەکەت نەکەناڵێک و نەدوان و نەسەد کەناڵ ڕادەکێشی. کارەکەی ئەوانیش هی ڕۆژو دوان نییە. ئەوان مەبەستیانە تۆ لە بواری بەکاربردندا تاکێکی کڕیاری چالاک بی. پلانیشیان بۆ داناوە، هەردەبێ بەو مەرامەی خۆشیان بگەن..

کەواتە دەکرێ بڵێین بۆ ئەوەی تۆش وەک هەموو ئەوانی دیکە تاکێکی ئیستیهلاکیی چالاک بی. ئەوا بێ ئەوەی بە خۆت زانیبێت و مەستت بووبێ، کەناڵەکانی تیڤی بەشێنەیی، لە ئاسمانڕا لێت وەژوور کەوتوون. ئابلوقەیان داوی و گەلەکۆمەکێیان لێکردووی.

کارتێل و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان، کە دەستەڵاتی پیشەسازی و ئابووریی گەورەو بێسنووریان لە پشتەوەیە، پێویستیی زۆریشیان بە تیڤی و کەناڵە ئاسمانییەکانە، تاکو بۆ ساغکردنەوی بەرهەمەکانیان لە خزمەتیاندا بن.. بۆیە ئامانجی زۆرێک لە کەناڵەکان لە ئامانجی کارتێل و کۆمپانیاکان جودا نابێتەوە.. هەر بۆ نموونە، کۆمپانیای زەبەلاحی جەنەراڵ مۆتۆرزی ئەمەریکایی، لە زۆرێک لە کەناڵە ئاسمانییە ئەمریکاییەکاندا پشکی خۆی هەیە. هەروەسا فلیپ مۆریس، کە زۆر چەشن کالا بەرهەم دێنێ لە پێش هەموویانەوە سیگار، لەم بوارەدا عەجیب دەستانێکی هەیە. کۆمپانیای فیاتی ئیتالیاییش تیڤی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەوان مکوڕن و گەرەکیانە لەم پێشبڕکێ بەگوڕو شێتانەیەدا سەرکەوتنی ئابووریی گەورەو پێشچاو بەدەست بێنن. لە جیهانی سەرمایەشدا بەبێ ڕێکلام پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئابووری دەستەبەرنابێ. چڕی و زۆریی

ڕێکلام لە خۆیدا پاڵنەرێکی بەرچاوە، پرۆسەو خدەی بەکاربردن و کڕین و فرۆخت بەرەوپێش دەبا.

ئەو تیڤییانەی ژمارەیەکی بەرچاوی ڕیکلامی کۆمپانیاکانیان بەردەکەوێ، یان ئەوەتا پشکی کۆمپانیاکانیان تێدایە. لەم حاڵەشدا گەرەکە سیاسەتێکی وەها بگرنەبەر تەواو بەدڵی کۆمپانیاکان بێ، یان ئەوەتا دەبێ خودی ئەو کەناڵە بە هەموو مانایەک و لە هەموو ڕوویەکەوە پێشکەوتوبێ و بینەری زۆری هەبێ. ڕوونتر بڵێین کۆمپانیا جیهانییەکان بۆیان هەیە دەست بخەنە بەرنامە وەرزشی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانیشەوە، جا لە هەرکوێیەک بن. ئەوەتا بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن لە شاشەی تیڤییەکانەوە ڕیکلامی بۆدەکەن، کە فلانە بەرنامەی ڕووناکبیری و کات بەسەربردن... هتد بەسەرپەرشتی فیسارە کۆمپانیا پێشکەش دەکرێ.! زۆر کەناڵیش هەر لەم ڕێگەیەوە، واتە لەڕێی ڕیکلامەوە بودجەی ساڵانەی خۆیان مسۆگەر دەکەن. چونکە ئەو کەناڵەی کاربۆ کۆمپانیا پیشەسازییە گەورەکان بکا، ئەوا لە قازانجی ئابووری بەهرەمەند دەبێ.

ئەوان لە هەموو بوارەکاندا ڕۆشنبیریی ئیستیهلاکییان مەبەستە. دەکرێ بڵێین ڕۆشنبیریی وێنەی ئەلکترۆنیی، بەوەی بازاڕی بۆلای خۆی پەلکێش کردووە، شێوە دابڕانێکی لەچاو ڕۆشنبیریی پێش خۆیدا هێناوەتە ئاراوە. ئەو تیڤییەی بکارێ بەرنامەی لەوانی دیکە سەرنجکێشتر پیشان بدا، ئەوا بێگومان زۆرترین ڕیکلامیش بۆلای خۆی کێشدەکا. ئەو (بێژەر) ەی، یان ئەو پێشکەشکارەی بتوانی بۆ درێژترین کات سەرنجی بینەران بۆلای خۆی بهێنێ و بکارێ بەدیار بەرنامەکەیەوە ئەوقیان بکا، ئەوا ڕیکلامیش بە لێشاو ڕوی تێدەکا.

لێشاوی ڕیکلامیش یەکسانە بەلێشاوی پارە.! ئا بەم شێوەیە، ئەگەری کڕینی کادیرەکانی ڕاگەیاندن لە لایەن کۆمپانییەکانەوە لە ئارادایەو بۆیان هەیە ببنە دەسکەلا بۆ ڕاپەڕاندنی مەبەست و مەرامی کۆمپانیا گەورەکان. ئەوەش بزانە، کە سەرجەمی کۆمپانیاکانی دنیا، دوو هێندەی داهاتی نەوتی هەموو جیهان پارەو پوول تەنیا لە ڕیکلامدا خەرج دەکەن. بەڵکو دەکرێ بڵێین، ڕیکلامیش لە خۆیدا، وەک دەرهێنانی نەوت و کۆمپانیای چێکردنی ئوتوموبیل و بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، پیشەسازییە. ئەگەر ورد سەرنجتان دابێ، وێنەی ڕیکلام هێندەی وێنەی فیلمی کارتۆن، کە منداڵ ئەوق دەکا، سەرنجکێشە و بگرە زیاتریش. تەنانەت وێنە بزۆکەکانی ڕیکلام دەکارن سەرنجی منداڵی ساوایش بۆلای خۆیان ڕابکێشن.!

ئەم توانا سەرنج ڕاکێشەی ڕیکلام لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟

کۆمپانیاکانی ڕیکلام لە فیلم سازیدا زۆر لەسەرن. بەتواناترین دەرهێنەرو باشترین ستافی وێنەگرتنیان لە خۆیان کۆکردۆتەوە. بەنوێترین و پێشکەوتوترین کامێرای تیڤی وێنەکان دەگرن. وێنەی درەوشاوەی بێ تەشویش، کە ئاستی ڕەوانبێژیی ئەلکترۆنییان زۆر بەرزە. بۆیە ئەو کورتە فیلمەی ڕیکلام، کە گەلێ جاران لە خولەکێکیش کەمترە، خەرجییەکی زۆروزەبەندی تێدەکەوێ. چونکە وێڕای ڕاپەڕاندنی کارە هونەرییەکان، ئەو کۆمپانیاکان کاڵاکانیان بە شاجوانی وڵاتێک، ئەکتەرێکی بەناوبانگ، هونەرمەندێکی ناسراو، یان بە یاریزانێکی بەنامێوە گرێ دەدەن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بەپارەو پوولێکی زۆر دەمیان چەور بکەن تاکو قایل ببن لەو ڕیکلامەدا ببنە کەرەستە و بخرێنە کار.. ئەوەتا کۆمپانیایەکی عارەب،

ڕیکلامی تەلەفوونی دەستیی (مۆبایل) بە هونەرمەندی ناسراوی خۆیان (کاظم الساهر) ەوە گرێداوە.

لە ڕیکلامەکەدا ئەلساهیر لەڕێی تەلەفوونی دەستییەوە؛ بەدەم زەدرەخەنەوە گۆرانی دەچڕێ. ئەمەش لەخۆیدا مانای وایە، کە تەلەفوونی دەستی کاڵایەکی ئەوەندە شیاوو بەنرخە، شایانی کەسێکی بەنامێی وەک کازم ئەلساهیرە. وەک لە ڕیکلامەکەدا دەیبینین وەختە لە خۆشیاندا شاگەشکە دەبێ و گۆرانیی بۆ دەچڕێ. دیارە هەر لاوێکی عارەبیش ملی بگری، خەونی پێوە دەبینێ ڕۆژێ لە ڕۆژان وەک ئەو هونەرمەندە بە ناوو دەنگ بێ و لە دنیادا ناسراو بێ. بۆیە ئەم پێکەوەگرێدانە دنەی لاوان دەدا لێی نەوەستن و لەناو دەیان مارکەی تەلەفوونی دەستیدا ئەوەیان بکڕن، کە پەسەندکراوی هونەرمەندێکی وەک کازم ئەلساهیرە.!

جا بۆ ئەوەی کڕیاری مۆبیل تەلەفوون وەک (تەماهی) بچێتە ئاست و ڕیزی کەسێکی وەک هونەرمەند کازم ئەلساهیرەوە، دەبێ لاسایی ئەو بکاتەوە و ببێتە خاوەنی هەمان مارکە تەلەفوونی دەستی..! بەڵام دەبێ لێرەدا ئەو ڕاستییە بزانین، کە هونەمەندی ناوبراو لە پاداشتی ڕۆڵ بینینی لەو کورتە ڕیکلامە فیلمەدا، کە ڕەنگە هەر خولەکێک بخایێنی، لانیکەم هیندەی مووچەی ساڵێکی کرێکارێکی ئەو کۆمپانیایەی ئەم ڕیکلامەکەی بۆ دەکاو خودی کاڵاکەی بەرهەم هێناوە کرێ وەرگرتووە، ئەگەر زیاتری وەرنەگرتبێ!!

هەر بەم شێوەیە ڕیکلامی کالە (پێڵاوی وەرزش)، کە لەنێو توێژی لاواندا برەوی زۆرە، بەرەوڕووی یاریزانێکی بەناوبانگی جیهان کراوەتەوە.. دیارە هەر لاوێکیش ملی بگری، سەر بەهەر نەتەوەیەک بێ، خەونی پێوە دەبینێ لە ئاستی ئەو یاریزانە جیهانییانەدا بێ.. بۆیە کەسێتیی (ڕیکلامکار) بۆ خۆی دنەی کڕیاردەدا

بۆ سەندنی کاڵاکە. ڕیکلامی کرێم و شامپۆو سابوونە جۆراوجۆرەکان، بەرەوڕووی کچە ئەکتەرێکی نازداری جیهان دەکەنەوە، کە کچانی دنیا خەون بە پلەو پایەو جوانی و دەوڵەمەندیی ئەوەوە دەبینن. بۆیە لێی ڕاناوەستن دەبنە کڕیاری ئەو جۆرە سابوون و شامپۆیە.

تەنانەت سیگار، کە کاڵایەکی زیانبەخشە، ڕیکلامەکەیان بەرەوڕووی سوارچێکێکی ڕۆمانسی کردۆتەوە، کە توولەو تانجیی لەدەورەو لە سروشتی کراوەدا دەردەکەوێ و کەسێکی تەندروستی شەوبەکێوە. دوور لە جەنجاڵی و هەوای لەوتاوی شاران، بەچیلکە و چەوێڵ، ئاگرێکی جوانی کردۆتەوەو بەدیارییەوە دانیشتووە.! کام لاو هەیە خەون بە ئەسپ و ڕاوو شکارو شەوبەکێوی و سروشتی کراوەوە نەبینێ؟ ئەگەر جگەرەکێشان ئاکاری ئەو لاوە ڕۆمانسییە بێ، زیانیشی هەبێ قیروسیا، زۆر هەن گوێ بە زیانی سیگار نەدەن و لاسایی بکەنەوە. سەرەنجام دەبنە کڕیاری ئەو جۆرە سیگارەی، لاوە تەندروستە سوارچاکەکە لەو ڕیکلامەدا دەیکێشێ.

ئێمە بێ ئەوەی بەخۆمان زانیبێ هەمیشە لەژێر هەژموون وکاریگەریی ڕیکلامداین. هەمیشە گرتەکانی ڕیکلام جوان و خێران و بەدووی یەکدا دێن. واتە گرتەی کورتن، جگە لەوەی لە گۆشەی تەواو شیاوو هەستیارەوە گیراون، سەرنجکێشن و لە کەشێکی ئەوەند جوان و ڕازاوەدا وێنە گیراون، بینەر ئەوق دەکەن و دنەی دەدن بەدیاریانەوە ڕامێنێ. وەها کاری تێدەکەن، ئەگەر ئەو کالایەی پێویستیش نەبێ، دەماخ بسووتێنێ، پارەی بۆ پاشەکەوت بکاو کوناوکون لە دووی بگەڕێ هەتا دەیدۆزێتەوەو دەیکڕێ!

وەک (د. مستەفا حیجازی) دەڵێ:(( کارکردن لە ڕیکلامدا لەسەر بناغەی هونەری و زانستییە. تیم و کەسانی کارامە و پسپۆڕ

تێیدا کاران. بۆیە هەردەم کاریگەریی ڕیکلام دووجایە. زانستەکانی کاریگەریی لەسەر هەستەکانی مرۆڤ و کاریگەرییە دەنگییەکان لەو فیلمە زۆر کورتانەدا هاریکاریی دەکەن. ڕەنگە درەوشاوەکان و ڕەزم و جووڵە، لە پاڵ نوێترین تەکنیکی تەلەڤزیۆندا پێکەوە لە ڕیکلامدا هاوشانن. ئەمانە بە هەموویان دەبنە هێزی فشار بۆ سەر تاکی بەکاربەر..))

بەسەرێکی دی ڕیکلام بەهۆی هەژموون و فشاری بەردەوامی خۆیەوە، بۆی هەیە کار بۆ سڕینەوەی ڕۆشنبیری و شوناسی نەتەوایەتی و تایبەتمەندییەکانی تاک بکا. بەتایبەتی لەلای وەچەی نوێ، کار بۆ ئەوە دەکا لەبری ئەو ڕۆشنبیرییە محافەزەکارەی هەیەتی، چەشنە کلتوورو ڕۆشنبیرییەکی دیکەی نوێ هەڵبژێرێ.. بیرت بێ ڕۆشنبیریی وێنەش وەک هەر ڕۆشنبیرییەکی دیکە لە ئایدیۆلۆجیا بەدەر نییە. بەتایبەت ئەو گەرەکێتی کارێکی ئەوتۆ بکا کلتووری خۆراوا لە ناخی بینەردا جێگیر بکا.

کۆمپانیاکانی ئەمریکا وەک خاوەنی گەورەترین سەرمایە؛ لەڕێی ڕیکلامەکانیانەوە لەباریاندا هەیە دنیا بەو ڕەنگە بگۆڕن، کە خۆیان مەبەستیانە. ئەوان دەماخ بسووتێنن، هەر لە ڕێگەی ڕیکلامەوە لاوانی دنیا دنەبدەن تا ئەو کاوبۆی و کالەو ساردی و خواردنانەی وەک بەرهەمەکانی کۆکاو پێپسی و ماکدۆناڵدو.. هتد بەکار بێنن، کە کۆمپانیاکانی خۆیان بەرهەمیان دێنن. ئەمەش مانای وایە خوازیارن جیاوازییەکان لەنێوان چێژو سەلیقەو مگێزی خەڵکدا بسڕنەوە. لێرەشەوە گیان و زەینی ڕەخنەگرتن لەنێو بەکاربەراندا دەپووکێتەوە. لانیکەم لە ڕووی فۆرمەوە هەموو وەک یەکیان لێدێ.. چونکە ئەو مۆدیلانەش لە خۆیاندا نموونەی خواردن و پۆشاکی تاکی ئەمریکایین.

ئەم لێشاوی ڕیکلامەی بەو شێوازەی ئەمەریکا هەوەسی لێیەو گەرەکێتی، هەردەم ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێ. ئەمەیش مانای وایە دابونەریت و کلتووری ئەمەریکا بەسەر کلتووری نیشتمانیی وڵاتانی کەناردا دەسەپێنێ.

بەڕابوردنی کات وەهای لێدێ تاک لە جیهاندا دەبێتە بوونەوەرێکی لە ڕۆشنبیریی تایبەت بەتاڵکراوەی وابەستەی ڕووناکبیری و کلتووری ئەمەریکا.. ئەمەش لەخۆیدا یەکسانە بە، بەکاربەری کالای ئەمەریکایی. لێرەشەوە کار بۆ هەرچی خێراتر بەگەڕخستنی ڕەوڕەوەی پیشەسازی ئەمەریکا بەپلەی یەکەم و ئەورووپا و هەوادارەکانیان بە پلەی دووەم دەکرێ..

ڕیکلامیش وەک هونەر، هەم وەک پیشەسازیی؛ بەردەوام لەڕووی فۆرم و تەکنیکەوە بەرەوپێش هەنگاو دەنێ و داهێنان بەخۆیەوە دەبینێ. ئەوەتا ((دی ئێس بی)) واتە هێلەکانی ئاسنی دەوڵەتی دانیمارک. کەسێتییەکی کارتۆنی لە پەڕۆ دەروستکراوی ئەنتیکەی بەناوی ((هارری))ەوە داهێناوە. ئەم کارەکتەرە کارتۆنییە بەهاوکاری ئەکتەرێکی بەناوبانگی دانیمارک بەردەوام لە تیڤییەکانی وڵاتەوە، ڕیکلام بۆ شەمدەفەرەکانی کۆمپانیا دەکا، چۆن بەوپەڕی خێرایی ڕێبوار دەگەیێننە شوێنی مەبەست؛ شەوو ڕۆژیان بۆ نییەو کول و کاس نابن. هەروەها ڕیکلام بۆ ئەو بۆتیک و کویسک و هەموو ئەو کەلوپەلانەی، کە موڵکی ((دی ئێس بی))ن دەکا..

هارری، ئەم کەسیتییە پەڕۆینە، بە قسە قوتەکانی، سەرنجی بینەران بۆلای خۆی دەهێنی و بە شەوقەوە ناچاری گوێگرتن و ڕامانیان دەکا. بزە دەخاتە سەرلێوی بینەران! بۆ گەشت و گەڕان لە ڕێگەی ((دی ئێس بی)) یەوە؛ هەروەها بۆ ڕووکردنە کاڵاکانی دی ئێس بی، هانیان دەدا. بۆیە کاریگەریی هارری دووجایە.. هارری لە

تیڤیداو لەسەر کاغەز، واتە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکانیشدا دەبینرێ. هارری کراویشە بە مەدالیاو کلیلەکانت بۆ کۆدەکاتەوە.. وەکوتر لەبواری ڕیکلامیشدا داهێنانە.

**سەرچاوەکان:**

بۆ نووسینی ئەم زنجیرە وتارەی سەرەوە، سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

(1) الثقافة التلفزيونية، د. عبدالله الغذامي، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، ط1، 2004.

(2) حصار الثقافة، د. مصطفى حجازي، ط1، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء. 1998.

(3) التلفزيون بوصفه نظاما من الوسائط، تأليف: عبدالله الحيدري.

(4) التلفزيون في التحليل البنيوي، بقلم: عدنان مبارک.

(5) التلفزيون كوسيطة بين الانسان والعالم، بقلم: عدنان مبارک.

(6) التلفزيون وثقافة الحاضر، بقلم الباحثة البولندية، ماريولا هوبفنغير، ترجمة: عدنان مبارک.

(7) التلفزيون في الاتصال الاجتماعي والثقافة المعاصرة، بقلم: عدنان مبارک.ەگەڵێک سەرچاوە وەرگرتووە.

(8) ژمارەیەکی زۆر لەگۆڤاری (سطور) ی میسریی.

# پاژی دووەم

(1)

## ڕۆژنامەوانی و توركاندن و بۆناپارت

خەیاڵاتی سیاسەتی توركاندنی لەمەڕ سوڵتان عەبدولحەمید لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، ڕەنگی بۆ دەڕێژرێ. ئەم خەیاڵاتەش لەگەڵ بانگەشە بۆ پێكهێنانی ((كۆمكاری ئیسلامی )) سەرەتاكانی بەدیاردەكەوێ. سوڵتان مەبەستی پێ كۆمكارێ بوو تورك تێیدا سەرەوكاریی سەرانسەری جیهانی ئیسلامی بكا. لە كاتێكدا خودی ئیسلام ئاینێكە، بەكتێب و فەرموودەو پەیامبەرو خەلیفە و ئیمامەكانێوە، بەزمان و ڕەگیشە عارەبییە.. دواتر گیانی شۆڤێنیزم لە ڕێكخراوی ((توركیای لاو)) دا بەرجەستە دەبێ.. پاشتر بە (( ئیتیحاد و تورەقی))، كە ڕێكخراوێكی نەتەوەپەرستی كوێرانەبوو دەشكێتەوەو شكڵگیردەبێ. ڕەنگە ئەم خەیاڵاتی توركاندنە وەهای لە كوردو گەلانی دیكەی غەیرە توركی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانلی كردبێ؛ وەك پەرچەكردار؛ ئەوانیش بەخۆكەون بیرێكی جدیی لە مێژوو، ئاییندە و كلتووری خۆیان بكەنەوە..

ئەوەبوو هەوڵی هەرە شێلگیر بۆ چێكردنی دەوڵەتی نەتەوەیی كورد، لە باكووری كوردستانەوە، كە تەماسی ڕاستەوخۆی بە توركی عوسمانلییەوە هەبوو، لەلایەن میرە بەدرخانییەكانەوە دەستپێكرد. دوای شكست خواردنی شۆڕشەكانیان؛ یەكەم ڕۆژنامەی كوردیی هەر لەلایەن نەوەكانی ئەو سەروەرانەوە سەریهەڵدا.. لێرەدا

پرسیارێک دێتە ئاراوە: (( لە سۆنگەی چییەوەیە، ڕۆژنامەی کوردیی لە میسرەوە چاپ و بڵاو دەبێتەوە؟))

یەک لەباری خۆم بڕوام بەوەنییە، کە سەرهەڵدانی هەر دیاردەیەک تەنیا هۆکارێکی لە پشتەوەبێ. ڕاستە ئەودەم وڵاتی میسر ژێر دەستەی عوسمانلی نەبوو. ئەمەیش هۆکارێک بوو. بەڵام گەلێ جاران وەها ڕێکدەکەوێ هۆکارێک لەوانی دیکە گرنگترو کاریگەرتر بێ.. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم: پێم وایە ئێمە چەند قەرزاری وڵاتی میسرین ئەوەندەیش قەرزاری ناپلیۆن بۆناپارتین. چونکە کاتێ میسری داگیرکرد؛ لەگەڵ خۆیدا چاپخانەشی گەیاندە ئەو وڵاتە. بۆناپارت خەڵکی میسری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوی ڕۆژنامە بەزمانی عەرەبی هاندا. چونکە وێڕای ژمارەیەک زانا لە بوارەکانی زانستدا، لەگەڵ هەڵمەتەکەی خۆیدا چاپخانەشی بارکردبوو. ڕووناکبیرانی میسر بۆخۆشیان دان بەم فاکتەدا دەنێن.

وەک مێژوو بۆمانی دەیگێڕێتەوە، ئەو داگیرکەرە هوشیارە هێشتا بەلەشکرەکەیەوە لە نێو دەریادا بووە، ڕۆژنامەی چاپکراوی لە کەشتییە جەنگییەکانیدا ئامادەکردووە؛ تاکو هەرکە پێی نایە سەر کەنارەکانی میسر، بەنێو خەڵکدا بڵاوی بکاتەوە. خۆ دیارە ئەو بەچ نیازو مەبەستێک ئەم کارەی کردووە. بەڵام هەڵمەتەکەی ناپلیۆن دامەزراندنی چاپخانەو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی، لەو وڵاتە لێکەوتۆتەوە. دواتریش بەدرخانییەکان ئەم دەرفەتەیان لە میسر پێزانیوەو بە چاکەی خۆیان و کورد سوودیان لێ بینیوە.

لێرەشەوە، لە داهێنانی ڕۆژنامەوە، وەک پەرچەکرداری ئەو سیاسەتە شۆڤێنییەی تورکی عوسمانلی، ڕووناکبیرانی کورد بەخۆکەوتوون. لێرەدا وتارو ستوونی ڕۆژنامەیان ئەفراندووە. کاتێ کەوتوونەتە نێو سەدەی بیستەمەوە لە پاڵ شیعردا، کە مێژوویەکی

کۆنی هەیە، ژانری دیکەی ئەدەبییان داهێناوە، کە هەرە گرنگترینیان ڕۆمانە، بەزنجیرە لە ڕۆژنامەدا بڵاویان کردۆتەوە. ئەمجا چوونەتە ژێر کاریگەریی ئەوروپای سەدەی بیستەمەوە، کە بەقوتابخانەی هەمە جۆری ئەدەبی و ڕێبازی شێوەکارو بە چەندین تەرز مۆسیقاو گۆرانی جەنجاڵە. سەدەیەک لێوانلێوە لە بزاڤی ڕووناکبیریی و داهێنان..

ڕێبازەکان ئەمەندە زۆرو فرەخولیا بوون. بەرهەمی ڕۆمان و شانۆو چیرۆک ئەمەندە بە چەندایەتی زۆر بوون، ئاکام گۆڕانی چلۆنایەتییان بەسەردا هات و ئەم شۆڕشی زانیارییەی ئێستای ،کە لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە سەرەتاکانی بەدیار کەوت و تاکو ئەوش بە هاوکاریی تەکنۆلۆجیای پێشکەوتووی گەیاندن، کە بەهەمان گوڕو تین، هاوتەریبی بەرهەمە هونەرییەکان بەڕێوەیە، لێکەوتەوە..

ئەم دۆخە نوێیە کاریگیشی کرد ڕووناکبیری کورد هەبن بکەونە کلکایەتی بۆ هەر مۆدیلێک خۆراوایی بێ. تووتی ئاسا لاساییان بکەنەوە و هەرچی دەڵێن شێوازو تەکنیکی خۆیان نەبێ. بەڵام هاوکات ژمارەیەکی زۆری نووسەریش هەبوون و هەن، توانییان و ئێستاش دەتوانن سوود لەو پێشکەوتنە ڕۆشنبیرییە فرەلایەنەی خۆرئاوا ببینن. خۆیانی پێ پێشبخەن. لە هونەرو ئەدەبی پێشکەوتووی دنیاو دەوروبەر بەهەرەمەند ببن و بزاڤی ڕوناکبیریی کوردیش پەرە پێبدەن.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم: ئەو فێڵە کۆڵۆنیالییەی ناپلیۆن بۆ ناپارت بۆ داگیرکردنی وڵاتی میسر گرتییەبەر. ئەو فێڵەی لە بارکردنی ئامێری چاپ و چاپکردنی ڕۆژنامە، لە کەشتییە جەنگییەکانیدا خۆی بینییەوە،گەیشتە سەر زەمینی میسر. دواتر هەم بە خێری میسرو

هەم بە خێر بۆ کوردیش شکاوەتەوە.. بزانە، تەنانەت داگیرکەری دوژمنی گەلانیش ئەگەر ڕۆشنبیر بن، سوودێکیان بۆ گەلانی بندەست هەردەبێ.. بەڵام تۆ چی لە داگیرکەری نەخوێندەواری خێڵەکی و بێ ئەزموون هەڵدەکرێنی، غەیری قڕکردن و ئەنفال؟!

www.dengekan.com
2/7/2007

(2)

## پرسی ئازادی و

## ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆ ؟!

بەری هەر تشتێک ئازادیی ڕۆژنامەوانی بەشێکە لە ئازادیی ڕادەربڕین، کە هەرە گرنگترینی ئازادییەکانە و بگرە سەرباشقەیانە. چونکە بەبێ فەراهەم بوونی ئازادی ڕادەربڕین هیچ کام لە ئازادییەکانی دیکە چێنابن و نایەنە واری پراکتیزەوە.. ئەم ئازادییەش ئۆرگانە فەرمییەکانی دەوڵەت، جا دەوڵەتی نیشتمانی بێ یانژی داگیرکەر، بە خێرو حەسەنات نەیانبەخشیوەتە جەماوەر. بەڵکو ئازادی گفتوگۆو ڕادەربڕین هەوڵ و تەقەللایەکی درێژی خاوەن مێژووە؛ نووسەرو ڕۆشنبیرانی ئازاد، بە ڕەنج و پێداگرتنیان، بە قوربانیدانیان، لە پرۆسەیەکی نەپساوی سەختی درێژخایەندا بەدەستی دێنن و بەدەستیان هێناوە. ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرە خۆنەویست و ئازاو پشوو درێژانەی، کە لەگەڵ ڕژێم و دەسەڵاتە ملهوڕە یەک لە دوای یەکەکاندا، لە کێشە و ملانێی دەستەویەخەدا بوون، ڕەنگیان بۆ ڕشت و بناغەیان بۆ دانا.

مێژووی ئازادیی ڕادەربڕین. لەکن ئێمەی کوردیش یەکسانە بە مێژووی خەبات و ژیانی کۆمەڵێک لە نووسەرو هزرڤانی ئازاو هێژا. ئەوانەی چاویان لە دەستکەوتی مادی و پلەوپایە نەبوو،

ئەوانەی بەرگرییان کردو قوربانییان دا ، بەردی بناغەیان دانا.. هەمیشە ئەو نووسەرانە ئازادیی ڕۆژنامەوانی دەخولقێنن، کە بۆخۆیان خاوەنی بیری ئازادن و ملکەچی هیچ کۆت و بەندێکی حیزب و تایفە و خێڵ و ئۆل نین. مرۆڤی کۆیلەو وابەستە ناتوانێ کۆت و زنجیری دەست و پێ و گەردنی خۆی داماڵێ و ئازادی بۆ خۆی فەراهەم بکا چجای ئەوەی بۆ جەماوەرو ڕۆژنامە و میدیا.؟!

ڕۆژنامەی ئازادیش، وەک دیاردەیەک، دەرئەنجامی کردەو کۆششی ئەو هزرڤان و نووسەرە بەڕێزانەیە، کە بە درێژایی ڕەوتی پڕ لەکەندو لەندی مێژووی ئەم میللەتە، هەر یەکەو لە بوارو ڕشتەکەی خۆیدا لە ئاستی دەزگە ترسناکەکانی ڕژێم و دەوڵەتانی داگیرکەردا، بە نیمچە دەسەڵاتەکەی خۆشمانەوە توانیویانە بڵێن (نا).!

هەوکە، بەزۆریی هەر ئەو رۆژنامەنووس و شاعیرانەی بۆ بەعسیان دەنووسی و بەشان و باڵیدا هەڵیاندەداو پڕ بە گەروویان ((بەڵێ بەڵێ بۆ سەددام)) یان دەچڕی، لە کایەکەدا کاراو دەستڕۆیشتوون.. یان ئەوانن، یان خەڵکانێکی تەواو بەتاڵ و دەست و پێ سپی و بە بوارەکە نامۆن و حیزب و میزب دایتاشیون.! ئەوساش و ئێستاش، دەرهەق بە ناڕەوایی و ناجۆرییەکان، بێجگە لە (بەڵێ بەڵێ!!) هیچ نارەزاییەکیان پێ نەبووە و ناشبێ.

کوردی باشوور بە خوێنی نووسەرو ڕۆشنبیرانی هێژای وەک عەبدولخالق مەعروف، شاکر فەتاح، دارا تۆفیق، سەیدا ساڵح یوسفی و ئەبوبەکر عەلی و بە هەوڵ و لەخۆبوردەیی چەندینی دیکە، کە ئێستا وێنەی پەپوولە پاییزە بە وڵاتانی خۆرئاوادا بڵاوبوونەتەوەو هەریەکەیان لە کونجێکدا گیرساوەتەوە. بەڵێ ئەوان ئەم چەردە ئازادیی ڕادەربڕینەی ئێستایان دەستەبەر کردووە..

www.dengekan.com
2/7/2007

وەکو تر ئەگەر فاکتەرە دەرەکییەکان بگرین، دەبینین دوو گۆڕانکاریی مەزنی نێودەوڵەتی ڕۆڵ لە ئازادیی ڕۆژنامە و ڕادەربڕیندا دەگێڕن و دەرکەوتنیان لەم سەردەمەدا بەچاکەی ئازادیی ڕۆژنامە و میدیا بەگشتیی شکاوەتەوە و کاریگەریی بەرچاوو نکوولی لێنەکراویان لەسەر ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ئەم ئۆرگانە گرنگەی ڕۆشنبیریی بەگشتی هەیە.

**یەکەم**: هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەڵات بەگشتی، ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوی جیهان هەژێنی ئەوتۆ بوو، لەسەر ئاستی دنیا کارێکی زۆری کردە سەر ئازادیی ڕادەربڕین. چونکە لەژێر سایەی ئەو ڕژێمەدا، کە هەر بەناو سۆسیالیستی بوو، درۆی شاخداری لەگەڵ کرێارو ڕووناکبیر مێژووشدا دەکرد. بە درێژی و پانی هەر پانزە کۆمارە یەکگرتووەکەی ژێر سایەیدا ئازادی ڕادەربڕین و میدیای ئازاد بزربوو. ئێمە هەموو، خۆشمان بێ و ترشمان بێ، بەشێکی دانەبڕاوین لەم کۆمەڵگە جیهانییە. بۆیە هەر گۆڕانێکی گەوهەریی ڕوودا. ئەوا ئەرێنی بێ یان نەرێنی، ڕەنگدانەوەی لەسەر ئێمەش دەبێ.

ئێمە ئێستا لە جیهانێکی تاک جەمسەریدا دەژین. جەمسەری دووەم، کە بەناو سۆسالیستی بوو، هیچ بڕوایەکی بەفرە دەنگی و فرە حیزبی و فرە مینبەری نەبوو، ئەو بڵاڤۆکانەی لەوێ لە ئارادابوون موڵکی حیزب و ڕێکخراوەکانی بوون. وەشانی مۆڵەت پێدراوبوو، کە بێکەم و زیاد بەیان و هەواڵ و فەرمایشتە دۆگما وەک نەخشی بەردو پیرۆزەکانی سەرکردایەتیی حیزب و دەستکەوتەکانی وەردەگێڕایە سەر زمانی بانگەشە و پڕوپاگەندە و لە فۆرمی ڕۆژنامەو بڵاڤۆکدا جارێکی دی بڵاوی دەکردنەوە. لەوێ ڕکابەری ئاشکرا نەبوو. هەموو زارەکان (لەواشە) کرابوون و

نزیکەی گشت قەڵەمەکانیش قەڵەمی تاقانە حیزب بوون! ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕادەربڕین لەئارادا نەبوو.. بۆیە بە هەرەس هێنانی ئەم بلۆکە (بەناو سۆسیالیستی) یە، لەمپەرێکی زەبەلاحی بەردەم ئازادیی ڕادەربڕینیش بە گشتی هەرەسی هێنا.

**دووەم**: شۆڕشی تەکنۆلۆجیا و زانیاریی: ئەو پێشکەوتنە فراوان و خێرایەی، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە بواری تەکنۆلۆجیای زانیاریدا هاتە ئاراوە و بەهەرچوار کەناردا تەنییەوە، پێشتر مرۆڤایەتی بە خۆیەوە نەبینیبوو. بەجۆرێ لە ڕووی ڕووناکبیرییەوە دابڕانی هێناوەتە ئاراوە، ئێستا بەهۆی سێکوچکەی تیڤی، مانگی دەستکردو کۆمپیوتەرە، بە دەنگ و ڕەنگ ئاگاداری دنیای. لەکاتێدا هەتا چەندساڵێک لەمەوبەر ئایەو مایە ڕۆژنامەت لەبەردەستدا بوو. ئەم دیاردەیە بۆ فراوان کردنی ڕووبەری ئازادیی ڕادەربڕین بەگشتی ڕێگە خۆشکەرێ بوو.

زۆربوونی ژمارەی مانگە دەستکردەکان بۆ کوردیش هەر بەسوود بوو.. سەتەلایتەکان ئاسمانیان تەنی.. دەیان و سەدان ماڵپەڕی ئینتەرنێت هاتنە کایەوە. کوردیش لەم پێشکەوتنە بەهرەمەند بووەو چەندین ماڵی لە ئاسمان دامەزراندووە، ئەم ماڵپەڕانە سنوور بەزێنن و لەمەوەلا دەسەڵاتە شموولییە کونەفیشاڵەکان ناتوانن فیلتەر لەسەر هەواڵ و زانیارییەکان دابنێن و درۆو فیشاڵمان بەڕاستی و حەقیقەت پێ بفرۆشن. لەمەودوا هەموو کەس ئاگاداری وڵاتی خۆی و هەموو دنیاشن. خەڵک پێدەزانن لەودیو پەردە ئەستوورەکانی سیاسەتەوە چی ڕودەدا. کارەساتەکان هەروا بەئاسانی دیزە بەدەرخۆنە ناکرێن. ناڕەوایی و گەندەڵییەکان ئاشکرا دەکرێن و لەقاودەدرێن..

ئەم ماڵپەڕانە، جۆرە ڕۆژنامەیەکی نوێیان هێناوەتە ئاراوە، کە بەخۆڕایی و لە ماڵەکەی خۆیدا، هاووڵاتی بە دنیای دوورو نزیکەوە دەبەستێتەوە. پێشوەخت لە مەترسییەکان ئاگاداریان دەکا. لێرەوە تاک دەتوانێ بە دەنگ و ڕەنگ ئاگاداری هەواڵە گەرماوگەرمەکان بێت و لێیان حاڵی بێ. هێڵی ئینتەرنێت، لە هەمان کاتدا هاووڵاتی دەکاتە خاوەنی تەلەفوون و تیڤی و ڕادیۆ و پۆستی ئەلکترۆنی و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و لێشاوی زانیاریی. بەنرخێکی کەم ئاگاییەکی زۆری پێدەبەخشێ، ئیتر هیچ پێویستیی بەوە نابێ تەماشای ڕۆژنامەی زەردی فایلڕەشەکانی ناوخۆ بکات و کاتی زێڕینی خۆی بە فیڕۆ بدات.

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی ئەوەی لە ژێر بەڕەدایە بۆ هاووڵاتیی دەخانە سەر بەڕە. کەس بۆی نییە سانسۆری بخاتەسەر و چاوی لێ سوور بکاتەوە. ئەم ماڵپەڕە کاراو ئازایانە بەم ڕۆژگارە خەریکی ئەوەن درۆی شاخداری کاربەدەستانی ملهوڕ سپی دەکەنەوە و لە قاویان دەدەن. هەروەک بەردەوام ڕۆژنامەکانی ناوخۆش بەدرۆ دەخەنەوە. بۆیە ئازادیی ڕۆژنامەو ڕادەربڕین هەروەک لە سەرەتاوە باسمان کرد خێرو حەسەناتی ئەم و ئەو نییە. بەقەدەر ئەوەی زادەی ڕەنج و قوربانیدانی ڕۆشنبیرە ئازادیخواکان و دەستکەوتی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای زانیارییە.

لەو وڵاتانەی قات و قڕیی ئازادی ڕادەربڕینەو چاوی سانسۆر هێشتا هەر سوورە؛ لەوێندەرێ، تاکە هوشیارەکانی کۆمەڵ، کاتی زێڕینی خۆیان بەفیڕۆ نادەن و گوێ لە تیڤی و ڕادوێ درۆزنەکانی وڵاتی خۆیان ناگرن. بەڵکو هەرکە سەری سەعاتی لێهات ئیدی سەحنەکانیان دەخەنە سەر ئەو کەناڵەی بڕوایان پێیەتی. یان بەشێنەیی لەدووی ئەو ماڵپەڕە دەگەڕێن، کە ڕاستییەکان دەخاتە ڕوو.

مرۆڤی ئەم سەردەمە بێجگە لە زمانی زگماگی خۆی، لانی کەم زمانێ دوانی دی دەزانێ. بۆیە بەوە تینوێتی ناشکێ، یان با بڵێین لاپرەسەنی( فزوول) تێرنابێ تەنیا بە زمانەکەی خۆی گوێ بۆ هەواڵەکانی وڵاتی خۆی و جیهان ڕادێرێ. بەڵکو ئەو بێپەروا سەردانی کەناڵە بیانییەکان دەکا. چونکە ئەو کەناڵانە لەبەر ئەوەی هەم ئازادن و هەم کەسانی پسپۆڕ بەرێوەی دەبەن. خێراو گەرماوگەرم دەگەنە سەر ڕوداوو خاوەنی وێنەی جوانی بێ تەشویشن و لە هەواڵە نوێەکانی وڵاتەکەی خۆی، لە هەر کیشوەرێکی زەویدا بێ ئاگاداری دەکەنەوە. ئەوان زیاتر ڕێزی بینەریان لەلایە. دێن چاودێری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش بانگهێشت و پشکداری هەواڵەکان دەکەن تاکو وێنەیەکی گشتگری ڕاست و جوانی هەمەلایەنە لەسەر ڕەوشەکە پیشان بینەر بدەن. بۆیە ئەگەر تەقینەوەیەک لە سلێمانی ڕوویدا، ئەوا خەڵک لەوێ پشت دەکەنە کەناڵە کوردییەکان و بێمنەت تیڤییەکانیان دەخەنە سەر (سی ئێن ئێن) و (فۆکس نیووز) و (بی بی سی) و العربیة و... هتد. ئەو کەسەی سەحنیشی نەبێ پەنا بۆ ترانسیستۆر دەبا.!

خەڵکی ئێران و لوبنان و سوریاش، بۆ ئەوەی بزانن داخۆ دوا کێشەی فرنە ئەتۆمییەکان و لێپێچینەوەی مەسەلەی کوشتنی حەریری گەیشتە کوێ؟ گوێ لە ڕایۆو تیڤییەکانی خۆیان ناگرن. ئەگەر گوێشیان لێبگرن ساکارانە بڕوایان پێناهێنن. بەڵکو دێن لەگەڵ هەواڵ و شرۆڤەکانی کەناڵە بیانییەکاندا بەراوردی دەکەن. ئەوسا بەئاسانی دەگەنە دەرئەنجامی دروست. هەروەک ڕادیۆکانی هەندەرانیش بە ئاسانی ڕێیان لێناگیرێ.

ئەو ڕۆژنامەیەی لە ناوچە پاشڤەڕۆکاندا بوونەتە زوڕنای دەستی حیزب و دەستەڵات؛ لە وڵاتانی ئازاددا هەر بە ڕاستی دەستەڵاتی

چوارەمن. ئەوان وەک ئاو خواردنەوە گەندەڵی کاربەدەستان لەقاو دەدەن. هەر بە لەقاودانەوە ناوەستن بەڵکو هەتا دادگا لە گەڵیاندا دەچن و لەکۆڵیان نابنەوە و تەنانەت خوێنەر لەدەنگ وباسی بەندیخانەشیان ئاگادار دەکەنەوە.

بەڵێ لە ئەوروپا ڕۆژنامە دەستەڵاتی چوارەمە و دەکارێ بە یەک پاشقول پشتی دەسەڵاتی سیاسی لە عەرد بدات ئەگەر بەڵگەی لەسەری هەبوو.! ئەوان پێچەوانەی ڕۆژنامەکانی لای خۆمانن، کە خەڵکی پاک و ڕۆشنبیر دەکوتنەوە و درۆی شاخداریان بۆ هەڵدبەستن. بەڵام لە ئاستی گەندەڵیی کاربەدەستاندا زمانیان لاڵە. ئەوانە با چاک بزانن ئەو ڕۆژنامەیەی ڕاستگۆ نەبێ قسەی ئێرە و ئەوێ برناکات و بۆ ئایندەش نابێتە سەرچاوە بۆ مێژوو.. چۆن مێژوو ئەم پیلانە قەبووڵ دەکات؟ هەرکاتێ حیزب بیەوێ ئەوا وەک خوبزە بن، ڕۆژنامەنووسانی خۆی گاڵبدا کوێرانەو بەپای پیلان گەورەترین پیاوچاکی بۆ بکەنە پیاوخراپ و یان بە پێچەوانەوە! دیارە ئەم پیلانە ئەوپەڕی ناڕەواییە. ڕۆژنامەی ئازاد گەرەکە وابەستەی چارەنووس و ئازادی و کەرامەتی ئینسانی کورد بێ، نەک بە پێچەوانەوە!

لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕۆژنامە بە شێوەیەکی گشتی گەشەسەندنێکی هەمەلایەنەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. هەر لە ئامێری چاپەوە بگرە هەتا جۆری کاغەزو وێنە. هەروەها تیراژی هەڵکشا.. ڕۆژنامەکان بەگشتی لەهەمان کاتدا دەبنە ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی و دەچنە سەر تۆڕی ئینتەرنێت. ئەمەش مانای وایە بروسکەیی دەگەنە هەموو خوێنەرێک لەهەر قوژبنێکی ئەم دنیایەدا بن. وێڕای ئەوەی کوردیش وەک میللەتانی دیکەی ئەم جیهانە، نەۆ لەگەڵ هەموو کەم و کووڕییەکانیشیدا، خاوەنی چەندین ڕۆژنامەی ئەلکترۆنییە، کە لەدەرەوەی کوردستان، دوور لەچاوی سانسۆر چاپ

دەبن. لە ڕووی داراییشەوە ئەو خەرجەیان تێناچێ، بۆیە چاو لەدەستی فلان و فیسار حیزب نین. بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو پێشڤەچوونەدا هێشتا هەر لێشاوی ڕۆژنامە بەجیاوازی خولیاو ڕێبازیانەوە تاسە و تینوێتی خوێنەر ناشکێنن و کاریگەرییان بەپێی پێویست نییە.

لێرەدا دەمەوێ لەسەر تەنیا یەک هۆکاری ئەم دیاردەیە بدوێم و من وەهای دەبینم: ئەگەر بەراوردێک لەنێوان سەرنووسەرو کاربەدەستانی دیکەی ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ، لەگەڵ ڕابوردوویەکی نزیکدا بکەین، هەست دەکەین بەراوردەکە هەتا ئاستی بوورانەوە پێکەنیناوییە!! نەمرانی دوێنێ بەر لەوەی دەست بدەنە کاری ڕۆژنامەوانی؛ تواناو بوونی خۆیان لەنێو جەماوەردا سەلماندبوو. هەروەک متمانەی زۆرینەی خەڵکیان بەدەست هێنابوو. خۆشەویستی خەڵک بوون و پڕ بەمانای زاراوەی (ڕۆشنبیری) و بەپێی سەردەمەکەی خۆیان ڕۆشنبیرو قاڵبووی ڕۆژگاربوون.. هەرکامیان بگری، بێجگە لە زمانی زگماکی خۆی، لانی کەم چەند زمانێکی بیانیشی زانیوە. ئەوان گەرچی دەرچووی هیچ پەیمانگە و کۆلیجێکی ڕۆژنامەوانی نەبوون، وەلێ خاوەن سەلیقە بوون و بەشوێندا چوونیان هەبووە. گەورە نووسەر و مێژوونووس و چیرۆکنووس بوون.

لە قات و قڕیی ئەو سەردەمە تاریک و نووتەکەدا، بە بەراورد لەگەڵ ئێستەی دنیای مۆدرندا، ئەگەرچی ئەوسا بواری ڕاگەیاندن تەواو بەرتەسک و فشار دەها بە هەژموونتر بوو؛ لەگەڵ ئەوەشدا ناووداوی ئەو نەمرانە؛ سنوورە دەستکردەکانی بەزاندبوو. ئەوان بە هۆی بەرهەمە نایابەکانیانەوە ناسراوبوون و ناوو ناوبانگیان بەرەو پارچەکانی دیکەی کوردستان پەڕیبۆوە.. دە فەرموون بە ئەرکی مەزانن، خۆتان سەرپشک بن و بەراوردێک لە نێوان میقداد مەدحەت

بەدرخان، پیرەمێرد، گۆران، برایم ئەحمەد، هەژار، حوزنی موکریانی، ساڵح یوسفی، کاکەی فەلاح، نافیع یونس و شاکر فەتاح و... هتد لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە تەمەن درێژەکانی ئێستادا بکەن، ئەگەر بەشی بەروادی تێدا ماوە و پێکەنینتان نایە؟!

ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆ دەبێ ڕۆژنامەکەی متمانەنەو ناووداوی لای خوێنەر بۆ سواڵ بکا، چونکە ئەوان بۆ خۆیان کەسانی بێ پێشینەی لەناو کۆمەڵدا نەناسراون.! ئەم ناجۆری و بێمانابیە لەکاتێکدایە، لەبری هەفتەنامە و مانگنامەی جاران، کە ئەو دەمە هەر ئەوەندە لە تواناداا بوو. ئێستا ڕۆژنامە لە ئارادایە. بە بەراورد لەچاو ئەوسادا، نەو ڕێژەی خوێنەرو خوێندەوار چەند بەرامبەر زیادیان کردووەو ژماری هەڵگرانی بڕوانامەی بەرز لەگەڵ ئەوسادا هەر بەراورد ناکرێ و پرۆسەی ڕۆژنامەوانیش لە ڕووی تەکنیکەوە، زۆر بەرەو پێش چووە. بە ژمارەش، دیسان بڕی ڕۆژنامەی چاپکراو گەلێک لەو زەمانە هەڵیبواردووە. ئێستا بەحساب دوور لە قەیچی و چاوی زەقی سانسۆری داگیرکەران ئەسپی خۆمان، یان خۆیان تاودەدەن و ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیشی هاتۆتە پاڵ.

کەچی زۆربەی ڕۆژنامەنووسە تەمەن درێژە سوننەتییەکانی ئەمڕۆکە، لە تەنکاودا مەلە دەکەن و بەعالەمی ئاشکرا پێیانەوە دیارە، کە ناخوێننەوەو نازانن و بەشوێنداچوونیان یان کزە، یان هەر نییانە. دەستیان بە قەڵەمەکانیانەوە دەلەرزێ و سنوورێکی بڤەی سووریان بۆ کێشراوە نابێ لێی دەرچن. بێدادی و ناجۆرییەکانی هەناوی کۆمەڵگەگی کوردستان وا خەریکە ڕێ بۆ ڕاپەڕینێکی نوێی جەماوەریی خۆش دەکەن. بۆگەنی بێدادی کۆمەڵایەتی و جیاوازیی چینایەتی و گەندەڵی لەوێوە دەگاتە جەمسەری باکوورو باشوور. یەختە گورگەکانی وەتەن چنگ و کەڵبەیان لە نیشتمان و سامانی

نیشتمان گیرکردووە؛ کەچی ئەو ڕۆژنامەوانانە لەوێندەرێ کەپووی خۆیانی لێدەگرن و خۆیانی لێ نەبان دەکەن و نووزەیان دەرنایە. بە کورتی بەشێکی زۆری ئەوانە بە ڕۆژنامەوانی حیزب (تەعین) بوون و هەرچی هەستی بەرپرسیارێتی بێ دۆڕاندوویانەو لەبەر دەم لێپرسینەوەی مێژوودان.!

لە لایەکی دیکەوە هەندێ لە کارمەندانی ڕۆژنامەکان بۆخۆیان کەسانی دۆڕاون. مرۆڤی دۆڕاویش نەگوێگری هەیە و نەخوێنەر. بگرە ئەو دۆڕاوانە هەتا ئێستاش ڕووی نێو کۆمەڵ و ئاوەدانییان نییە و ناتوانن بە ئاشکرا لەنێو خەڵکی نیشتمان پەروەردا خۆیان دەربخەن و وەک کەو چوون. چونکە خەڵک مێژوویانی لەبیرە. بۆیە باوجوودی تاکوتەرای ڕۆژنامەوانی کارا و خاوەن هەڵوێست، هەمیشە لەوێ دەریایەک گومان لە نێوان ڕۆژنامەو جەماوەردا لە ئارادایە. ڕۆژنامەوانێک ئەگەر ڕابوردوویەکی پاکێ نەبێ، ڕاستیشی وت هەر خەڵکی بڕوای پێناکەن. یەکێ لەو مەرجانەی وا دەکەن خەڵک گوێ لە ڕۆژنامەوان و بێژەری ڕادوێ و وتیڤی بگرن ئەوەیە، کە دەبێ جێی متمانەی بینەرو خوێنەر بن. بۆیە ئەوانە ئەگەر پلەکانی گەرماو نرخی دراوەکانیش بخوێنێتەوە هێشتا هەر بڕوایان پێناکرێ و وەک دەڵێن: قسەیان دەهێنێ پوولێک!!

هەر وەک ئەو سەردەمەش بەسەرچوو خەڵک وتارێک پەسەند بکات بەناوی خوازراوەوە نووسرابێ. ئەم ڕۆژگارە سەردەمی دەمامک کردن نییە. ئەوەی لەو دیو دەمامکەوە تەقە لە بەرامبەرەکەی بکا، یان وەعزو فەرمایشت بڵاو بکاتەوە دەبێتە پەندی بسات. ئەمڕۆ سەردەمی ڕوونی و ڕووبەڕوو ڕادەبڕینە. سەردەمی پیشاندانی بەڵگەو کرداری کۆنکریتییە. ڕوونی لەوتار و ڕوونی لەکردارو خەرجییەکاندا.. تەنانەت ڕوونی لە چیرۆک و

ڕۆمانەکانیشدا. بودجەکان دەبێ ڕۆژانەو مانگانە لەپێش چاوی خەڵکدابن. سەردەمی دیجیتاڵە، کە دەکاتە ژمارە. بەڵی هەموو شتێک دەبێ بەژمارەبێ.

کوردیش وەک هەموو میللەتانی دیکەی دنیا، زیندووە. کوردیش سەردەمی قسەی زلی بێ بناغە و ختتوکەدانی سۆزو سەدبارەپات پێفرۆشتنەوەی شەڕەتەقەی جەنگی پارتیزانیی چیاو، وتارخوانی و شیرە شیڕی پشتی مایکرۆفۆن و ستوونی ڕۆژنامەی حیزبی تەنگە چێکڵدانەی تێپەڕاندووە.. سەردەمی بەسەر دنیادا کرانەوەیە. بەلای لاوی کوردیشەوە ئەمڕۆکە، هەواڵی مۆدیلی نوێی پۆشاکێ، ئوتوموبیلێ، کچە ئەکتەرێ، یاریزانێ، نووسەرێ، گۆرانیبێژێ دەها لە کەونە هەواڵی جەنابی مەسوولێک، کە ساڵێک بەو عەیام بە بڕنەوەکەی جغارەی هەڵگرتووە و ئەمڕۆکە چوار ژن و سێ بەنزینخانەو حەوت دێبەرو پێنج تەلاری هەیەو لەچوار پێنج بانکی ئەوروپادا دۆلارو یورۆی قایم کردووەو (گوایە) باسی نیشتمانپەروەریی خۆی دەکاو (بەدرۆ) بەزەیی بەکیمیاباران کراوو ئەنفال کراواندا دێتەوە، گرنگترە.! جاران چەکی سپی لەبەر پشتوێنی بوو، ئێستاماڵی سپی!!

ئەوان لاوی زەمانێکی دیکەن و ئاوات و ئارەزوویان لەگەڵ ئێوەدا نایەتەوە. سەری خۆتانیان پێوە مەیەشێنن، لێک حاڵی نابن. هەروەک گوێش لەدرۆ ڕەنگی و بەئیکۆکانتان ناگرن، ئەگەر هەموو خوێی خوێڵێنەکەش بۆ خۆشکردنی تامی درۆکانتان بەکاربەرن! زەمەنی خێرای ئەلکترۆن لەمێژە ئێوەی لەدوای خۆیەوە جێهێشتووە. بەس بەلارەلار دوای مێژوو بکەون! ئایندەی ڕۆژنامەوانی لە کوردستاندا گرێدراوی چارەنووس و کەرامەت و ئازادیی ڕادەربڕینی تاکی کوردو نەتەوەکانی دیکەیە.

(3)

## ڕۆژنامەی ئازاد و ئازادیی ڕۆژنامەوانی

ئەوەندەی لەم کوردستانەدا وشەی (ئازادی) بەسەر زاری خەڵکەوەیە، باوەڕناکەم لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا نیو ئەوەندە دووبارە ببێتەوە. ئەم هەموو جەخت لەسەر (ئازادی) کردنە، بەجۆرەکانێوە لەسەر ئەم پانتاییە نا ئارام و نا جێگیرەی کوردستان، مەدلوولی خۆی هەیە و تەمتومانێک گومان بەرپادەکا. باسکردنی ئازادییەکان بۆتە قەوانێکی سواوو تامی تێدانەماوە. ئەوا سەد ساڵەی ڕۆژنامەوانیشی بەسەرداهات. ئەم یادەش لانی کەم پرسی (ئازادیی ڕۆژنامەو ڕۆژنامەی ئازاد) دەورووژێنێ. پێویستە هەموو لایەک ئەو ڕاستییە بزانێ هاشە و هووشە، شائیعەو مقۆ مقۆ، لەو جۆرە جڤاکانەدا پەرەدەستێنێ، کە دەسەڵاتداران ڕاستییەکان پووش بەسەر دەکەن، فیلتەر لەسەر هەواڵ دابنێن و حەقیقەت لە خەڵک دەشارنەوەو چاو لە ڕۆژنامەوان سوور دەکەنەوەو دەمی هۆیەکانی ڕاگەیاندن دادەخەن. باشترین ڕێگەچارەیەکیش بۆ بنبڕکردنی شائیعە و بێبڕوایی ئەوەیە، زانیارییەکان بەمەعافی و ڕوونی لەبەر دەست هاوولاتیدا بن. ڕاستگۆیی ڕاگەیاندنەکان، کە لە ئازادیی ڕۆژنامەوە دەست پێدەکا، گرنگترین چەکێکە بۆ بە گژداچوونەوەی هاشەوهووشە و پڕوپاگەندەی ناحەزان.

مایەی خۆشحاڵی و شانازیی گشت خوێندەوارێکە، کە ڕۆژنامەی (کوردستان) ی دایک. سەدەیەک لەمەوبەر لە غەریبی، بەڵام

بەئازادی لەدایک ببێ. ئازادیی ڕۆژنامە واتە ئازادیی بیری خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر. ئازادیی ئەوانەی هەڵیدەسووڕێنن و کاری تێدادەکەن. دیارە ئەو ڕۆژنامەیە نەیتاونێوە لە (ئەستانە) یان لەهەر شارێکی دیکەی بندەستی عوسمانلی دەربچێ، بۆیە ڕێگەی غەریبیی گرتۆتەبەر. هەر لەبەر ئەوەیش، کە ئازاد بووە و تەسلیم بە هیچ دەوڵەتێک نەبووە، نەیتوانیوە بەبەردەوامی لە قاهیرەش جێگیر ببێ. جێگەی لەسەر ڕاوەستان و قسە لەسەرکردنە، دوای تێپەڕینی سەدەیەکیش بەسەر یەکەم ڕۆژنامەی ئازاددا هێشتا کورد لە هیچکام لە پارچەکانی کوردستاندا، واتە لەسەر خاکی خۆی نەیتوانیوە تاقە یەک ڕۆژنامەی ئازاد دەربکا.

خەڵک چاووەڕوانی ئەوەیان لەم هەلومەرجەی باشووری کوردستان دەکرد، چەند ڕۆژنامەیەکی وەها چێبکرایە جێی ئومێد بوونایە. کەسانی بیرئازاد، دوور لەکاریگەریی حیزبایەتی بەڕێوەیان ببردایە. ئاوات و ئامانجیان بەپلەی یەکەم سەرفرازیی ئەم گەڵە بوایە. هەموو دەزانین ڕۆژنامە داهێنراوێکی خۆراواییە. هەموو ڕابەرانی ڕۆژنامە لە ڕۆژئاواو ئەمریکا بەڕاشکاوی دەڵێن: ئەو ڕۆژنامەیەی حیزب دەریبکا، یان بەلای حیزبێکدا دایبشکێنێ، بە ڕۆژنامەی ئازاد حساب ناکرێ.

ڕۆژنامە بۆ میللەتی ئازاد هەواڵنامەیە. لە هونەری گەیاندن و ڕازاندنەوەی هەواڵدا پسپۆڕە. هەواڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی.. بەڵام بۆ کورد، کە گەلێکی بندەست و پارچەکراوە، کارێکی نادروستە ئەگەر تەنیا بەگەیاندنی دەنگوباسەوە ڕابوەستێ. دەبێ کاری یەکەمی بەرگری بێ لە مافەکانی میللەتەکەی بە هەموو مانای مافەوە.

## ڕۆژنامەی حیزب

حیزب دەسەڵاتە. دەسەڵاتێکی پاوانخوازەو چاوی تێرنابێ. لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی دواکوتوودا یاساشکێنە. سەرکوتکەوە. دەیەوێ حیزبەکانی دیکەی ڕکابەری هەڵلووشی و لەهەناوی خۆیدا هەرسیان بکا. زیندان و گوێ و چاوی نهێنی هەیە. لێرە ڕاگەیاندنی حیزب لەهی حکومەت هەمەڕەنگترو بەربڵاوترو بەتواناترە.. حیزب وەک خۆی هێزو دەسەڵاتە. هەمیشە لە پایجۆڕی قۆرخکردنی دەستەڵاتەکانی دیکەشدایە. بە دەستەڵاتی چوارەم و بەدەوڵەتیشەوە. بۆیە چالاکانە ڕۆژانامەو کەناڵەکانی دیکەی گەیاندن لەم پێناوەدا دەخاتەکار. ئەگەر ڕۆژنامەی هەبوو. بێگومان لە گۆشەنیگای خۆیەوە، لەبن کاریگەری بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە ڕاکانی دەردەبڕێ و ئاگاهی بڵاودەکاتەوە. واتە سوود و قازانجی خۆی پێشدەخا. مەبەستێتی هەمیشە هێزی زێترو جەماوەری زۆرو بۆرتر لەدەوری دروشمەکانی خۆی، کە بەزۆری کاتین خڕبکاتەوە. بەپێی تاکتیک و هەڵوێستی ڕۆژانەی خۆی قسە لەسەر ڕووداوەکان دەکاو هەڵیاندەسەنگێنێ. بەژەوەندیی بەرزی حیزب لەسەرو هەموو شتێکەوەیە؛ دەکاتە سەرمەشق. ڕۆژنامەکەی دەبێتە ئۆرگانی حیزب نەک دەنگی تێکڕا یان زۆرینەی خەڵک.

ڕۆژنامەی حیزب بەشێکی زیندوو لە ڕاگەیاندنی حیزب پێکدێنێ و تەرجەمەی بڕیارەکانی سەرکردایەتی حیزب دەکا. لە ڕێگەی وتاری ژمارەوە بۆچوون و جیهابینی حیزب لەمەڕ بارودۆخ و ڕووداوەکان بڵاودەکاتەوە. چونکە لە دیدی سەرکردایەتی حیزبەوە نووسراوە. نەک لە بەرژەوەندیی باڵای میللەتێکەوە، کە دەشێ خەون و ئاواتی فراوانتری هەبێ.  مێژووی کۆن هاوچەرخ، زۆر حیزبمان پێ دەناسێنێ، کە لەبەر خاتری دەستکەوتە تەسکەکانی

خۆیان لە ڕاستەڕێ لایانداوەو خلیسکاونەتە باوەشی ناحەزانەوە. بۆیە ڕۆژنامەی حیزب بە ڕۆژنامەی ئازاد حساب ناکرێ.

## ڕۆژنامەی ئازاد کامەیە؟

ڕۆژنامەی ئازد، هەواڵنامەی کۆمەڵگەی پێشکەوتووی پشەسازییە. کۆمپانیایەک، چەند کەسێک، بە شێوەی هاوپشک (مساهمە) دەریدەکەن.. بەڵام بۆچی کۆمەڵگەی پیشەسازیی؟ چونکە هەر ڕۆژنامەیەک بگری بەپێی قەبارەی خۆی فەرمانبەری ئیداری و ستافی نووسەرو کاریکاتێریست و چەندین پەیمانێری لە پایتەخت و شارە گرنگەکانی دنیا و شوێنی ڕووداوە گرنگەکانی وەک بەرەکانی جەنگ و جەنگی ناوخۆو شوێنی کارەساتی مرۆیی و سروشتیی لە پڕی هەیە. ڕۆژنامەی کۆمەڵگەی پیشەسازی وەک ئەوانەی لای خۆمان پشت بەو نووسەرانە نابەستێ، کە لە دەرەوە بەشداریی تێدادەکەن. بگرە حسابێکی ئەوتۆ بۆ دەرەوەی ستافی خۆی ناکا.

ئەگەر ڕۆژنامەیەک ویستی لەسەر چالاکیی شانۆیی بنووسێ. ئەوا ڕەخنەگرێکی شانۆیی شارەزا بەکرێ دەگرێ. گرێبەستێکی لەگەڵدا مۆردەکا، تا هەفتانە لەسەر ئەو شانۆگەرییانەی بۆ بنووسێ، کە لەو وڵاتدا نمایش دەکرێن و بەرودوا لە ستوونەکەی خۆیدا بڵاوی دەکاتەوە.

ڕۆژنامە بەژمارەی ستوونەکانی حسابی بۆ دەکرێ. کەواتە سوپایەکی لەکەسانی شارەزا پێویستە. ئەمانە هەندێکیان بە تەلەفوون و فاکس و ئی پۆست، نوێترین هەواڵی پێڕادەگەیێنن و هەیانە شەوانە خەریکی نووسین و ستوونی خۆیەتی. هەیانە کامێرای لەشانەو بۆ گرتەیەکی سەرسووڕمێن و سەرنجکێش، کام شوێنەی سەخت و خەتەرناکە دەیگاتێ. بۆیە ئەم گەلە خەڵکە بەفرۆختی

ڕۆژنامەکە ناژین. چونکە بێجگە لەم ڕێی تێدەچێ چەندین ڕۆژنامەی دیکە لە سەرانسەری و لۆکال لە هەمان شارهەبن دەربچێ..

ڕۆژنامەش وەک هەموو کاڵایەکی دیکە، ملکەچی یاسای خواست و خستنەڕووە. ڕکابەری هەیە و دەکرێ لە وڵاتێکدا دەیان ڕۆژنامە و هەفتەنامەی هەمە خولیاو هاوچەشن لە کێبڕکێدابن. ڕۆژنامە بەو ڕیکلامانە دەژی، کە بەردەوام لەکارگەو کۆمپانیاکانەوە بۆی دێ. دیارە لەبازاڕی خۆراوای ئازاددا، هەر کۆمپانیایەک و دەیەوێ بە سەرنجکێشترین شیوە، بەوێنەی ڕەنگیی جوان، بەکاڵاکانی خۆیدا هەڵبدا، هەتا ڕمێن پەیدا بکەن.

ڕۆژنامەش لەبەرئەوەی جەماوەرییە و پێش بەرچایی دەگاتە ماڵەکان، بۆ ئەم مەبەستە شیاوترین شوێنە. ڕۆژنامەی وا هەیە زیاتر لە (دە) لاپەڕەی ئاگاداری و ڕیکلام هەیە. ئەمە بێجگە لەو ڕۆژنامانەی، کە هەر لەبنەڕەتدا بۆ ڕیکلام چێبوون. ئەو ڕۆژنامەیەی نرخی لەوانی دیکە هەرزانتر بێ، ئەوا زۆرترین خەڵک دەیکڕن. بۆیە زۆرترین تیراژیشی لێ بڵاو دەبێتەوە. کەواتە شیاوترین شوێنە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕیکلام. ئەمانیش دێن گرانترین نرخ لەسەر ڕیکلامەکان وەردەگرن.

ئەمە دەستوورێکی زێڕینە ڕۆژنامە پەیڕەوی دەکا. ئەوەش لەولاوە بوەستێ نهۆ ڕۆژنامەی خۆڕاییش داهاتووە. کە لە شوێنە گشتییەکانی وەک ناو پاسەکان و وێستگەکانی میترۆ و ترەین و لە چوارڕیان و شوێنە بەئاپۆراکاندا بە سەفتە دایدەنێن. ئەم جۆرەیان واتە ڕۆژنامەی خۆڕایی. لە هەموو ئەوانی دیکە جەماوەریترن. لە هەموو ئاشیک دەکەن. واتە گرنگیی بەبابەتی دیکەی ڕۆژ دەدەن. ڕیکلام بۆ کارگەو دوا مۆدیلەکانی تەلەفوون و بۆ کاڵای هەمە

ڕەنگی سوپەر مارکێتەکان، بۆ بیرۆکانی گەشت و گوزار بڵاودەکەنەوە..

لێرەدا بێکارەکان بەشوێن کاری گونجاودا دەگەڕێن، کە وەک کاڵا دیسان هەر لەم ڕۆژنامە خۆڕاییانەدا ڕیکلامی بۆ کراوە. ئەمە وێڕای ئەوەی نوێترین هەواڵی و ڕووداوی ئەوتۆی تێدایە کە خەلکەکە بەگشتیی بەداویاندا وێڵن و لەسەریان ڕادەوستن. ئەم ڕۆژنامە خۆڕاییانە تەنیاو تەنیا لەسەر داهاتی ڕیکلام دەژین. بەگشتی لەم جۆرەیاندا بابەتەکان کورتن و پوخت و وێنەدارن. دیارە هەموو وێنەکانیش ڕەنگاوڕەنگن. هەردەم پێشبینی کەش و هەوای هەفتەیەک بڵاو دەکەنەوە. دیارە یەک لەباری تاکی ئەوروپایی زانینی کەش و هەوا زۆر گرینگە.

ئەم ڕۆژنامانە خۆیان لە زنجیرە نووسینی گەو (ئەڵقە) لە دوای گەو دەپارێزن. ئەمانە بۆخۆیان بەخۆڕایین سەرباری ئەوەش خەڵک بەپارە ڕادەگرن تاکو بایانی زوو لە چوارڕیانەکاندا، هەر بەدەم ڕێوە سەرو دانە بداتە دەست ئەوانەی بەپایسکل و بە ئۆتومبیلی خۆیان یان بەپیادە دەچنە سەرکارو ڕێیان ناکەوێتە پاس و میترۆ و ترەینەکان. لێرەوە دەردەکەوێ ئەم ڕۆژنامانە بێ بەرانبەر دەگەنە دەست هەموو هاووڵاتییەک بێ جیاوازیی. کەواتە هەر کاڵایەک هەر وەزیفەیەکی نوێ، لێرەدا ڕیکلامی بۆ بکرێ، دەکەوێتە پێش چاوی هەموو تاکێکی ئەو وڵاتە. لە وڵاتی دانیمارک ( میترۆ ئێکسپرێس و ئوربان) دوو نموونەی تەواو بەرچاوی ڕۆژنامەی بەربڵاوی خۆڕایی جەماوەری و میللین، کەتەنیا لەسەر ڕیکلام دەژین و بەتیراژی زۆر بڵاودەبنەوە.

((بەشێوەیەکی گشتی گەڕاوەی (مرتجع) هەر ڕۆژنامەیەک نابێ لە 15 % ی کۆی ژمارەکانی تێپەڕێنێ، دەنا بڵاوکردنەوەی دەبێتە

کارێکی بێکەڵک. لە دۆخی وەهادا دەبێ بەدوای هۆکارو ڕێگە چارەدا بگەڕێ.)) (1)

ڕۆژنامە هەرگیز ناتوانێ بەفرۆختی ڕۆژانەی، خۆی بژیێنێ و دەرامەت دابین بکا. جاری واهەیە بێ ئەوەی سیاسەتی ڕۆژنامەکە بخوازێ و لەڕووی غەفڵەتەوە لەسەر جمێن و پلارهاویشتن (قذف و تشهیر) ڕۆژنامە نووس یانژی سەرنووسەر بەرەوڕووی دادگا دەبێتەوەو بەهەزاران دینار سزادەدرێ. بۆیە ڕۆژنامە سەرمایەی زۆرو زەبەندی گەرەکە. بۆ دابین کردنی ئەم سەرمایەیە، دەبێ وەک جۆگەلە ڕیکلامی تێبرژێ. (( بەگشتی دەرامەت لە ڕێی ئاگادارییەکانەوە بە 60%ی داهات خەملێنراوە.. ئاگاداری لە ڕۆژنامە میسرییەکاندا 35 بۆ 40%ی بودجەی هەر ڕۆژنامەیەک دابین دەکا. چونکە (میسر) وڵاتێکە تاکو ئێستاش هاوردەی لەهەناردەی زێترە.)) (2)

لەبەر ئەو هۆیانە ناکرێ لە کۆمەڵگەی کوردەواریی بێ پیشەسازیدا ڕۆژنامەی ئازاد بەڕێوەبچێ. بەڕاست لەم هەرێمەی ئێمەدا ڕۆژنامە ڕیکلام بۆ کام کاڵای بازرگانی و کامە کۆمپانیا بڵاوبکاتەوە؟ دیارە کۆمپانیاو حکومەتەکانی ناوچەکەش ئاگادارییەکانی خۆیان بەرەوڕووی ڕۆژنامەکانی لەمەڕ خۆیان دەکەنەوە. ئیدی ڕۆژنامەی ئازاد لەکن ئێمەی کورد بەچی دەرامەتی خۆی مسۆگەر بکا؟

زۆر جاران کاتێ تەنگژەی ئابووریی ڕووی کردە ڕۆژنامە، ناچاردەبێ یان دایبخا، یاخود لە ژێرەوە دەست لەگەڵ حکوومەتەکان تێکەڵ بکاو ناچار بەبەرتیل وەرگرتن ببێ. کاتێ بەرتیلیشی وەرگرت ئیدی دەبێتە گوێ لەمست و ناتوانێ وەک جاری جاران دەنگی دلێر بێ. بەڵکو ناچاردەبێ لە هەموو ناجۆری

وکەم و کورتییەکان و تەنانەت لە گەندەڵییەکانیش چاو بپۆشێ. بۆیە سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی ئازاد لە پارچەکانی کوردستان هێشتا کاتی نەهاتووە.

ماوەیەکە هەندێ هەفتەنامە لە ناوەوەی وڵات خۆیان بە ڕۆژنامەی ئازاد بەجەماوەر دەناسێنن. لە ڕاستیدا ئەوانە ئەرکی پاک و پیرۆزی ڕۆژنامەیان ونکردووە و فێڵ لەخۆیان و لە جەماوەریش دەکەن. کە دەبوو وەک ئەرکی ڕۆژنامەوانی داوایان لێدەکا، بەرچاوی جەماوەر ڕوون بکەنەوە. ئەوی ڕاستی بێ ئەوانە ڕۆژنامەی هاشەو هووشەن (دعاية)، کە زیاتر لە سەردەمی جەنگ و جەنگی سارد بەجێماون. ئەمەش مانای وایە، هەرچەندە جەنگی نێوخۆ لە کوردستان نەماوەو تفەنگەکان بێدەنگ بوون وەلێ قەڵەمەکان بۆکاتی تەنگانە ئامادە و لەسەر چزن.

هەر تاکێ کەمێ هوشیاریی سیاسی یان ڕۆشنبیریی لەخۆیدا گومان ببا هەستی پێدەکا. چونکە کاتێ سەرنجی لاپەڕەکانیان دەدەی ڕیکلامیان تێدا بەدی ناکەی. ئەگەر هەشبێ ناکاتە ئەوەی مانگانەی کارگوزارێک دابین بکا..! کەواتە لەکوێیان بوو؟ یان ئەوەتە پارە لەدەزگەیەکی نهێنیی ناوەکی یاخود دەرەکی وەردەگرن! یان بەلای کەمەوە گەورە کاربەدەستێکی یەکێک لەدوو حیزبەکە خەرجیی دەکێشی.

ئەم دیاردەیە هەتا بڵێی خەتەرناکە. چونکە کارێکی پۆلیسی و موخابەراتییە. مەبەست پێ ناوزڕاندنی نووسەرو ڕکابەری سیاسی لەلایەک و بەشەوو ڕۆژێک دروست کردن و هەڵتۆقاندنی پاڵەوانی قەڵب (تەزویر) و نووسەری قەڵب و هونەرمەندی قەڵب و هیچ لەباراداا نەبووە و بۆ کپکردنی ئۆپۆزسیۆنە.

هەرچۆنێک بێ ئەم ڕۆژنامانە ئەگەر ڕاستیش بڵێن قسەیان ئێرەو ئەوێ بڕناکا. چونکە شوکر وشیارە مرۆڤی ئەم چاخی ئەلکترۆنە. کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە. دوای ئەوەش ئەو خاکە سوتماکەی کوردستان هەزاران پێداویستی هەنووکەیی هەیە، بۆچی پارەی ئەو میللەتە بەفیڕۆ دەدەن. خۆ دوو حیزبەکەی کوردستان، ناڵێم هێندەی هەموو حکوومەتەکانی نێو یەکێتی ئەوروپا کەناڵی ڕاگەیاندنی بینراو بیسراوو نووسراویان هەیە. چونکە حکوومەتاکانی ئەوروپا بێ زمانحاڵن و ئەو کارەیان بەرەوڕووی ڕۆژنامەی ئەهلی کردۆتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو دوو حیزبەی کوردستان هیندەی حکوومەتەکانی تورکیاو ئێران و سووریاو ئوردون و لوبنان و کوێت بەسەریەکەوە، بگرە زیاتریش میدیایان هەیە!! جێگەی سەرسوڕمانە هەرێمێکی گچکەی چوار ملیۆنی هیندەی شەش دەوڵەت، کە کۆی حەشیمەتیان نزیکەی دووسەد ملیۆنە، کەناڵی هەمەڕەنگی میدیای هەبێ و تاکە یەک ڕۆژنامەی ئازادیشی نەبێ؟!

## ئازادیی ڕۆژنامەوانی

هەر لەگەڵ باس لە ئازادیی ڕۆژنامە کرا ئیدی ملهوڕان، لەهەرکوێ بن لەرزیان لێدێ و کێچ دەکەوێتە کەوڵیان و لەنگەریان تێکدەچێ. چونکە ئازادی ڕۆژنامە دەکاتە ئازادبوونی وشە لەکۆت و بەندو بڕوابوون بەپەیفین. وشەیش سیحری خۆی هەیە. زەنگی ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەو پیاوە بەجەوهەرەی، کە هێمان نوستووە. ئەگەر زەنگی وشە بەئاگای هێنا و ڕابوو، ئیدی تەلیسمەکان تێکدەشکێنێ و تەخت وتاراجی زۆرداران دەخاتە مەترسییەوە. سیحری وشە لە پێچکردنەوە مێژووییەکاندا ڕۆڵی خۆی هەیە. ناپلیۆن وتوویەتی(( ئەوەندەی لەسێ ڕۆژنامە دەترسم ئەوەندە لە

سەد هەزار سەربازی جەنگاوەر ناترسم!)) بەدیارخستنی نارەزاییەکان، هەلدانەوەی دەمامک لەرووی گەندەلییەکان. لەقاودانی جاش و فایلرەش، قسە لەسەر ناجۆرییەکانی ناو کۆمەل و درمە جڤاکییەکان و جیاوازییە چینایەتییەکان، هەموو ئەمانە لەرێی وشەو لەنێو ستوونەکانی رۆژنامەوە بەرێوە دەچن. ئەمەش مانای وایە، ئەگەر ئەوان جلەویان بۆ رۆژنامەی ئازاد شلکرد، ئەوا بەدەستی خۆیان ئاو دەکەنە ژێر خۆیان و دەستیان لەبنی هەمبانەکەوە دەردەچێ!

کورد لەو سۆنگەیەوە کە سەدان ساڵە لە ئازادییەکان بێبەشە، ئیدی چلۆن داوای ئازادیی رۆژنامەوانیی لێدەکرێ؟ کوردستان بۆ خۆی ئازاد نییە. ئایا دەکرێ نیشتمانێک بندەست بێ، کەچی لافی ئازادیی رادەربرین لێبدا؟ (( ئازادیی لە خاکێکەوە هەلناقولێ هەتا ئەو خاکە ئازاد نەکرێ و نەبێتەوە بە مولکی خاوەنەکانی!)) (3)

مرۆڤی کورد بە نووسەرەکانیشێوە. هەردەم لەبەردەم فشاردا بوون و دەست و دەمیان بەستراوە. داخۆ لەهەموو مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا هەولێکی بەرچاوی وەک ئەو هەولەی کە (قاسم ئەمین) لە رۆژنامەی (المؤید)ی میسریدا بۆ ئازادیی ئافرەتان دای و سەریشی گرت، بەدی دەکرێ، ؟

زۆربەی رۆژنامەکانی لای ئێمە حکوومەتی سەردەست خێری پێکردووین، کاتێ پێی بەخشیوین و بەئیرادەو خواستی خۆمان دەرمان نەکردوون. هەردەم وێنەیەکی گەورەی پادشا و حوکمرانی ئەو سەدەمە بەلای سەراوردەوە بووە. ئەمەیش لەخۆیدا ئەوە دەگەیێنێ کە ئێوە هەرچی دەلێن لە سایەی دەستەلاتی ئەو پادشا و سەرۆکەوەیە و بۆتان نییە لێی لابدەن. (( رۆژنامەی لادەر دەکاتە کۆمەلگەیەکی لادەر لەهزرو زەوقی گشتیدا. لەکاتێکدا رۆژنامەی

جدی دەکاتە میللەتێکی جدی و بنیاتنەرو کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو، لە نێوان تاکەکانیدا و بەگشتی.)) (4)

هەموو ئازادییەکان دوور لە ئازادیی ڕۆژنامە ناتەواوو ناکامڵن. چونکە ونبوونی ئازادی ڕۆژنامەوانی دەکاتە ونبوونی ڕادەربڕین. مرۆڤیش کە نەیتوانی بەئازادی ڕای خۆی دەرببڕێ ئەوا دەبێتە کۆیلە، با ئاڵاو دەوڵەت و پەرلەمانیشی هەبێ. بۆیە (( ڕۆژنامەی ئازاد زامنی ڕاستەقینەی ئازادیی سیاسییە. پاسەوانی دەستپاکی نەتەوەیە. لە ڕاستیدا ئاوێنەی ئەو نەتەوەیەیە. زمانحاڵێتی، کە هزرو بیروڕاو ئارەزوو و پێویستییەکانی دەردەبڕێ و گوزارشت لە ئازارو ئاواتەکانی دەکا. هێزیشی هەر لێرەدایە.)) (5)

لەو بڕوایەدام لەم هەل و مەرجەی باشووری کوردستاندا، ئەگەر ڕۆژنامەیەکی ئازادی وا هەبوایە بگەیشتایەتە سەرانسەری باشوورو لە بادینانەوە هەتا سۆران بیانخوێندایەتەوە، جەنگی ناوخۆ هەڵنەدەگیرسا. چونکە دەبووە نوێنەری ڕای گشتی. بەڵکو دەیتوانی ڕای گشتی بکاتە هێزێکی کاریگەر. دیارە ڕای گشتی، کە ئێستا خەفەیە و نازانێ لەکام میمبەرەوە دەنگی خۆی بڵند بکاو بیگەیێنێ، دژی ئەم جەنگەیە.

میرابۆ، کە یەکێک بوو لە قارەمانانی شۆڕشی فەرەنسا دەڵێ: (( ئازادی ڕۆژنامەوانی دەرمانی گشت دەردانە؛ کۆت و بەندکردنیشی بەتەنیا کۆسپ لەبەردەم پیاوە شەریفەکاندا دروست دەکا.))

دیارە ئازادی ڕۆژنامەیش سنووری هەیە. نابێ سنووری ئازادیی کەسانی دیکە ببەزێنێ. لەم ڕووەوە لە پێش یاسادا بەرپرسیارێتی لەسەر شانە. جمێن و گەف و سووکایەتی کردن بەهەر مرۆڤێک سزای گەورەی لەسەرە. بەمەرجێ لەو وڵاتەدا یاسا هەبێ و سەروەر بێ. کەچی لەم باشوورەدا تاکو نهۆ چەندین جار بوختانی

ناڕەوا بۆ زیندووترین و وریاترین کەسانی ئەم گەلە هەڵبەستراوەو سوکایەتییان پێکراوە. کەتنکەرانیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون. لەکاتێکدا دەبێ ڕۆژنامە دەنگوباسی ڕاست و دروست بڵاوبکاتەوە. قەڵەم پاک و زمان پاک بێ. (( ئەو ڕۆژنامانەی پڕکێشی ئەوەدەکەن درۆو دەلەسە بڵاوبکەنەوە، پێویستە ئەوە بزانن، کە داینەمێت لەچاو درۆو دەلەسەدا شتێکی بێ بایەخە و ئەوانە تاوانێکی گەورە دەرهەق بەمرۆڤ دەکەن.)) (6)

ڕۆژنامە دەبێ لای کورد ڕۆڵی گرنگتری هەبێ تا لای میللەتانی دەوروبەر. پێویستە بەرگریی لەمافی تاکەکان بکا، نەک شاڵاویان بباتەسەر. چونکە بەو کارەی ڕای گشتیی پەرت دەکاو ناکۆکی دەنێتەوە. دیارە ئەم کارەش تەواو پێچەوانەی ئەرکی ڕۆژنامەیە. (دۆچی) بەم شێوەیە پێناسەی ئازادیی ڕۆژنامەوانی دەکا:(( بەشێوەیەکی گشتی مافی تاکە بۆ گوزارشت لە بیروباوەڕی خۆی، بەهۆی چاپەمەنییەوە، بەهەموو شێوەکانێوە، لە کتێب یان نامیلکەو گۆڤار! یاخود لە ڕۆژنامەدا، یانژی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە، بێ ئەوەی ئەم چاپەمەنییانە ملکەچی مۆڵەت وەرگرتن یان سانسۆری پێشوەخت ببن، بە ڕەچاوگرتنی بەرپرسیاربوونی دانەرەکەی لەڕووی شارستانی و جینائییەوە.)) (7)

گەلێ جاران شاردنەوەی ڕاستییەکان لە جەماوەرو دەستگرتن بەسەر دەنگوباسداو تەنگ هەڵچنین بە ئازادیی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەوانی و توند کردنی سانسۆر دەبنە مایەی بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندەی ژەهراوی و درۆو هاشەو هووشە لەناو خەڵکدا. ئەم دیاردەیەش ورەی جەماوەر دادەبەزێنێ و نەرێیانە کار لەدەروونی دانیشتوان دەکا و لە ناخەوە کلۆریان دەکا.

بەرنارد شۆ لە شانۆگەریی کلیۆپاترادا دەڵێ:(( ئەگەر لەم دنیایەدا مرۆڤ بیەوێ شتێک بڵێ، زەحمەت لەوەدا نییە هانی بدەی بیڵێ. بەڵکو زەحمەت لەوەدایە ڕێی لێبگری و نەهێڵی بە بەردەوامی بیڵێت و بیڵێتەوە.))

ڕۆژنامەی بێ ئازادیی ڕۆژنامە نییە. هەواڵنامەیەکە لەقەد باڵای فەرمانڕەوای سەرکوتکەر بڕاوەو چێکراوە. نابێتە دەنگی خەڵک. تەنیا دەنگی دەربارە. ڕۆژنامەی بێ ئازادیی وەک میللەتێکی بێ سەروەریی وەهایە. کۆت کردنی ڕۆژنامە وەک قەدەغەکردنی زمانی گفتوگۆو ڕەخنە وەهایە، کە بەبێ سەربەستی کۆمەڵ چەق دەبەستێ و ناتوانێ بەرو پێشەوە هەنگاو بنێ. (( ئازادیی ڕۆژنامەوانی لەڕووی مێژووییەوە ئازادیی چاپە. بەڵام لەم ڕۆژەدا ئازادیی ڕۆژنامەوانی ـ بەشێوەیەکی گشتی ـ ئازادیی سەرنووسەرە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ئەو ڕایانەی هەڵیان دەبژێرێ، بێ گوێدانە ئەوەی داخۆ ئەوانەی بڵاویان دەکاتەوە بەدڵی حکوومەتە یان نا؟ بەدڵی هەر کۆمەڵێکی دیکەیە لەخەڵک ـ هەرچەندە دەست ڕۆیشتووبن ـ یان نا؟ بەڵام ئەم ئازادییە یاسا سنووری بۆ داناوە. یاسا، جمێن و دەست درێژ کردنە سەر حکوومەت و بەزاندنی سنووری ئاین و سەنگینی و تێکدانی ئاسایشی گشتی و زیادەڕۆیی بۆ سەر ئیمتیازاتی پەڕلەمانی ڕوون کردۆتەوە.)) (8)

ئازادیی ڕۆژنامەوانی لق و پۆی لێدەبێتەوە و پێوەندیی لەگەڵ ئازادیی ڕاگەیاندندا هەیە بە جیاوازیی کەناڵەکانییەوە، کە ئەمڕۆ بۆتە مافێکی ڕەوای میللەتان و بەشێکیش لەمافی مرۆڤ.

سەرچاوەکان:

(1) ادارة الصحف، د. حسين عبد القادر. ط(1)، قاهرة، 1957، ص/2.
(2) هەمان سەرچاوە، ل/22 ـ 23.
(3) صحافة العراق، فائق بطي، بغداد، 1968، ص/85.
(4) بين الأدب والصحافة، فاروق خورشيد، قاهرة، 1961، ص/8.
(5) المدخل الى التحرير الصحفي، د. عبداللطيف حمزة، ط(2)، قاهرة، ص/17.
(6) فن الصحافة، أدموند كويلنتز، ترجمة، أنيس صائغ،1958، ص/255.
(7) حريةالصحافة، د. عبدالله اسماعيل البستاني. القاهرة، 1950، ص/5.
(8) هەمان سەرچاوە، ل/7.

## (4)
## چیرۆک لەڕۆژنامەدا

### پێناسەیەکی ڕۆژنامە:

ڕۆژنامە هەواڵنامەیە. بڵاوکراوەیەکە ڕۆژانە دەردەچێ و (هەواڵ) کە هەمیشە مرۆڤ هەڵوەدای بووە و لاپڕەسەنی (فضول) خۆی پێ تێرکردووە؛ لە سەرچاوە تایبەتییەکانەوە وەریاندەگرێ و دەیانکاتە گشتی، تاکو هەمووان سوودی لێ ببینن. لەهەواڵی ئەو شارەوە، کە ڕۆژنامەکەی لێ چاپدەبێ بۆ هەواڵی هەرێمەکە و پاشان بۆ هەواڵی وڵاتانی دەرودراوسێ و ئەمجا جیهان. (( ڕۆژنامە بۆ ئەوە هاتۆتە ئاراوە تاکو دەنگوباس بگوێزێتەوە. پردێ بێ لە نێوان فەرمانڕەواو هاووڵاتیدا. لە نێوان خوێنەرێک و خوێنەرێکی دیکەدا. لە نێوان هەر بەشێک لەبەشەکانی جیهاندا. کێ چووزانێ؟ لەوانەیە لەئایندەیەکی نزیکدا ببێتە پردێک لەنێوان زەوی و ئاسمانی دووردا.)) (1)

ڕۆژنامە لەگەل داهێنانی ئامێری چاپدا هاتە ئاراوەو پەرەی سەند. دەنا پێشتر هەواڵە گرنگ و سەیرو سەمەرەکان بەڕوونی و ئاشکرا نەگەیشتونەتە کۆمەڵانی هەراوی خەڵک. بەڵکو تایبەت بوون بە دەرباری میرو پادشا و گەورە پیاوانی ئاین. بەڵام نهۆ (( ڕۆژنامە یەکەم شتە، کە خوێنەر پێش بەرچایی بەدیداری شاد دەبێ.

هەروەها دوا شتیشە پاش ماندوو بوون و ڕەتاندنی ڕۆژێک دەیبینێ و ئیدی بەسەریدا چاو لێکدەنێ و دەنوێ))(2)

ڕۆژنامە هاودەمی نزیکی مرۆڤی شارستانییە. لێی وەڕس نابێ چونکە بەردەوام هەواڵ و زانیاریی نوێی پێدەبەخشێ. ئەگەر ڕۆژنامە بۆ گەلانی دنیا هەواڵنامەبێ و بۆ کات بەسەربردن بێ و خەڵکی نیوە خوێندەوار لەدەوری خڕببنەوە، لە هەموو ئاشێک بکا بەڵام لەهیچی نەماڵێتەوە. لەهەر بابەتەو چەردەیەک بڵاوبکاتەوە. ئەوا بۆ ئێمەی کورد تەواو بە پێچەوانەوەیە. بۆ کورد کە سەری دنیای لێ هاتۆتەوەیەک، وەهای لێ چاوەڕوان دەکرێ ڕۆژنامە چرایەک بێ دەوروبەری بۆ ڕۆشن بکاتەوە. قوتابخانەیەک بێ هوشیاریی پەخش بکا. پەرە بەزمان و ئەدەب بدا. مێژووی کۆن و نوێی تێدا بنووسرێتەوە. هەر بۆیەکا ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی لای ئێمەی کورد، جیاواز لەگەلانی دەرودراوسێ وەک بۆنەیەکی نیشتمانی سەرنج دەدرێ و ساڵانە یاد دەکرێتەوە.

## چیرۆک چییە؟

ئەگەر ڕۆژنامەگەریی پیشەبێ، ئەوا چیرۆک هونەرە. بەڵکو لکێکی گرنگی هونەرە. چیرۆک لە دەوری (تیمە) یەک دەسووڕێتەوە. خەیاڵ ڕۆڵێکی گرینگی تێدا دەگێڕێ. بە زمانێکی جیاواز لەزمانی ڕۆژنامە، دەنووسرێ. چونکە زمانی ڕۆژنامە دەکرێ بڵێین دۆخێکی مامناوەندە، کەوتۆتە نێوان زمانی مشتوماڵ کراوی ئەدەبیی، کە پشت بە ڕەوانبێژیی وێنە دەبەستێ. لەگەڵ زمانی سەر شەقامی خەڵکی دا، کە ئەوەندە گوێ بەڕازاندنەوەو هونەری ڕستەسازی نادا. ڕۆژنامەوان بەزۆریی هەواڵ لە سەرەتاوە بۆ کۆتایی دەگێڕێتەوە،

بەڵام چیرۆکنووس سەرپشکە لەکوێوە، چیرۆک دەیگێڕێتەوە. بەڵام ئەم بەزۆریی لە ئەلفەوە حیکایەتەکەی ناگێڕێتەوە.

چیرۆک زمانی ئیماژەو ڕەمزو دەمامک بەکاردەبا. بەڕستەی کورت و چڕو بەمانا ئاخنراو، بە شێوازێکی هونەریی کێشەیەک دەگێڕێتەوە. گەلێ جاران بۆ بەدەستەوەدانی مانا پەنا بۆ هونەرەکانی دیکە دەباو لێیان دەخوازێ. یان دەکرێ بڵێین کێشەیەکی ساکارو ئاسایی بە شێوەیەکی نائاسایی دەگێڕێتەوە. دیارە چیرۆکی کلاسیکی ئەو سەردەمە، هەنگاو بەهەنگاو پابەندی پەرەسەندنی گێڕانەوە بوو. بەڵام نهۆ ئەو یاساو ڕێسایانە وەک جاران نەماون. لەگەڵ پێشوەچووندا، ئەمیش هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوە.

چیرۆک هونەریی خەلقکردنی وێنەی لڤلڤۆکە، خەیاڵی خوێنەر دبزوێنێ. چیرۆکی زۆر کورت، بەبێ وێنە کارێکی مردووە!! جگە لەوەی، وشەکان لەپیستی خۆیان دەچنە دەرەوەو مانای دیکە بەدستەوە دەدەن، تەواو پێچەوانەی زمانی ڕۆژنامە، چونکە لەزمانی ڕۆژنامەدا وشەکان، لە مانا فەرهەنگییەکە بترازی هیچی دیکەیان لەماناو ئیماژە و وێنە، لە ناخیاندا حەشار نەداوە، تاکو خوێنەر سەرسام بەکەن. ئەوەندە هەیە وشەکان لەپەستاو بەشوێن یەکدا جەڵەبوون و هەواڵی کوتومت دەگێڕنەوە.

دەکرێ بڵێین: چیرۆک واتە دەسپێک، ڕووداو، کەسێتی، پەرەپێدان بەرەو ،لوتکە، خاڵی ڕۆشنکردنەوە.. هەموو ئەمانە لە بۆتەی کاتشوێندا.. بەڵام چیرۆکی نوێ ئەو سنوورانە دەبەزێنێ. چیرۆکیش وەک هونەرەکانی دیکە، دەرهەق زەمانە لە گۆڕان و پێشوەچوون و نوێ بوونەوەدایە و ناکرێ بەسەر چەند خاڵێکدا دابەشی بکەین. یان وەک جاران، مامەڵەی لە تەکدا بکەین؛ کاتێ دەهاتن ژمارەی وشەکانیشیان دەخەمڵاند.

ئەو دەم پێودانگێکی توندو مەحکەم سەبارەت زەمەنی کورتە چێرۆکیش لە ئارادابوو. ناونیشانێکی هەبوو، پوختەی نێوەڕۆکی چیرۆکی لەخۆیدا هەڵدەگرت، یاخود ناوی یەکێک لە قارەمانانی چیرۆکەکەی لەخۆی دەنا. نهۆ چیرۆکی نەفەس کورتی وەها داهاتووە کە بریتییە لە چەند دێڕێک و لای خۆمان گەڵێک ناوی لێنراوە. وەک چیرۆکی زۆر کورت، کورتیلە چیرۆک، یان وەک حەزرەتی شێخ محمەدی خاڵ لە فەرهەنگەکەیدا نێوی لێناوە (چیرچیرۆک). بەندەش نێوم لێناوە ڕۆژنامە چیرۆک.

هەرچی چۆنێک بێ هێشتا هەر سنوورێکی وەهمی لە نێوان ژانرە ئەدەبییەکاندا ماوە. لە چیرۆکدا کێشەیەک هەیە. یان لە نێوان مرۆڤ و خودی خۆیدایە، واتە دەروونییە. یاخود لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤدایە، وەک هەموو ئەو کێشانەی ئەمڕۆ مرۆڤ دوچاریان دەبێ. یاخود لە نێوان مرۆڤ و سروشتدایە. دیارە دەکرێ لە نێوان گیاندارانیشدا بێ هەوەک دەکرێ لە نێوان گیاندارو سروشتدا بێ.

دەکرێ گیانداران وەک دەمامک یاخود نما بەکار بهێنرێن. هەرچۆنێ بێ چیرۆکنووس لە زەمینەی واقیعەکەیەوە بەباڵی خەیاڵ دەفڕێ. ئیدی مەرج نییە ئەوەی دەگێڕێتەوە ڕوویدابێ یانژی لەوانەبێ ڕوویدا. چونکە ئێمە ناتوانین سنووری نەگۆڕی بۆ دابنێین. سنوور بۆدانانی ئێمە لە داهێنانی ئەو کەم دەکاتەوە. چونکە خەیاڵ و فەنتازیا، کە لەم ڕۆژگارەدا ڕۆڵ دەبینن سنووریان بۆ نییە. بەڵام بۆمان هەیە لەسەر چیرۆک قسەو تۆژینەوە و گەنگەشە بکەین.

هەرچۆنێک بێ دەتوانین بڵێین، کورتە چیرۆک، کورتە درامایەکە. هەندێ دەڵێن، پەرەسەندنی حیکایەتە. هەندێ دەڵێن فرێ بەسەر فۆلکلۆرەوە نییەوە ڕەگەمای ناچێتەوە سەر حیکایەت. بەڵکو بۆ خۆی سەربەخۆیەو ڕەنگدانەوەی گۆمەڵگەی چینایەتییە.

لەگەڵ سەرهەڵدانی چینی بۆرجوادا پەیدا بووە. واتە بەشۆڕشی پیشەسازییەوە وابەستەیە و منداڵی شارستانە.

بەندیوارییەکی بەرچاوی لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەوتە ناسیونالیستەکانی کۆمەڵگەی خۆراواییدا هەبووە.. ئێمە وتمان چیرۆک سنوور ناخوازێ. بەڵام کتێبخانەکانی ئەوروپا ئاوەهای دەپۆلێنن؛ ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەم تەرحە چیرۆکانە تاکو نهۆش لەکنەمە پەیدا نەبوون. وەلێ ئێمە وتمان کورتە چیرۆک ژانرێکە بەشوناس خۆراواییە. بۆیە پۆلێنەکەش هەر لەلایەن ئەوانەوە دەردەچێ. ئێمەی خۆرهەڵاتیش تەنیا سەلماندنمان لەسەرە، کە نەدەبوو وەهابێ! بەڵێ کتێبخانە گشتییەکانی ئەوروپا ئاوەها کورتە چیرۆک دەپۆلێنن: حیکایەت ئامێز، فەلسەفی، ترسناک، مێژوویی، ئینسانی، پێکەنیناوی، کریمیناڵیتی، خۆشەویستی، مۆدێرن، پۆلێتیک واتە سیاسی، سایکۆلۆجی، ئاینی، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، ساتیرە چیرۆک، ساینس فیکشن واتە خەیاڵی زانستی، ژیننامە، سیخوڕیی، ورووژاندن، چیرۆکی ڕەمزیی..

## لەنێوان ئەدەب و ڕۆژنامەدا:

نێوانی ئەدەب و ڕۆژنامە وەک نێوانی شانۆو سینەما وەهایە. سەرەتا سینەما لە شەرشانی ئەکتەرو دەرهێنەرانی شانۆ کەوتە سەر پێی خۆی. چونکە شانۆ پێش هونەری سینەما هەبووە. ڕۆژنامەیش لەسەر دەستی ئەدیبەکاندا گەشەی کرد. ئەوان بەڕیوەیان دەبردو بۆیان دەنووسی. تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش کۆلیج و پەیمانگەی تایبەت بە ڕۆژنامەوانی لە خۆرهەڵاتی ناقین پەیدا نەببوون. بەڵکو کەسانی ئەدیب و ڕووناکبیری بە سەلیقە، خۆیان کاریان تێدا دەکرد.

www.dengekan.com
2/7/2007

زۆر نووسەری ناوداریش هەبوون، ڕۆژنامە ناوبانگ و شۆرەتەی بۆ پەیداکردوون. ئەویش لە ئەنجامی کارکردنی بەردەوامیان لە بوارەکەدا، بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە شیعرو چیرۆک، بەبێ وەستان وەهای کردووە جەماوەرێکی بەرین بیانناسێ و بەشوێن کارەکانیاندا بچێ. ئەمە لەوڵاتی خۆرئاوای دوای داهێنانی ئامێری چاپ. لە کوردستانیش هەمان دەستوور. بەڵام دەبێ لەیادمان بێ، کە ڕابەرەکانی ڕۆژنامەوانیی لەکن خۆمان، هەڵکەوتووی سەردەمی خۆیان بوون. ئەو گوڵانە بوون، کە لەسەر بەردی ڕەق دەڕوێن. کەسانی پشوودرێژو ڕۆشنبیر بوون. وەک سەرکردەو ڕابەر سەیرکراون. بەرلەوەی شوێن ڕۆژنامەش بکەون جێی بڕوای خەڵک بوون. لە هیچەوە ڕۆژنامەیان خولقاند. بێ ئەوەی خاوەن دەرامەت بن. بێ ئەوەی خاوەن دەوڵەت و ئاڵا بن. بێ ئەوەی کۆمپانیاو سەرمایەداری کوردیان لەپشتەوە بووبێ، دەستیان داوەتە ئەم کارە، کە ڕاپەڕاندنی لەنێو میللەتێکی نەخوێندەواری ناوشیاردا هەروا ئاسان نەبووە.

ئەگەر بێتو ئامارێک ڕێکبخەین، دەبینین زۆربەی ڕۆژنامەنووسان لەبنەڕەتدا ئەدیب بوون. وەک عەلائەددین سەجادی، ئیبراهیم ئەحمەد و شاکر فەتاح، کە چیرۆکنووس بوون. یاخود وەک: پیرەمێرد و گۆران و کامەران وکاکەی فەللاح، کە شاعیر بوون. ئێستاشی لەگەڵدابێ، ڕۆژنامەنووسی پسپۆڕ لە دەرچوانی کۆلیجەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی، لەچاو ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامەو هەفتەنامە و ئەوانی دی، کە هەرگیز مێژووی میللەتی کورد بەخۆیەوە نەدیوە، ژمارەیان ناگاتە ژمارەی پەنجەکانی تاکە دەستێک!

کەواتە ڕۆژنامەنووسی کورد بە زۆریی ئارەزوومەندن. ئەگەر دەرچووی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی بوونایە، هێندە گرنگییان بە شیعرو چیرۆک نەدەدا. چونکە ڕۆژنامەنووس شارەزاییەکی قووڵی لەلکەکانی ئەدەبدا نییە. یان دەکرێ بڵێین وەک خوێندوارێکی هاکەزایی لە ئەدەب دەگا. بۆیە هەتا ڕۆژنامە بەرەو پێش بچێت، ئەوا ڕووبەری ئەدەب لە لاپەڕەکانیدا کەمتر دەبێتەوە. ئەگەر ڕۆژنامەوانە پێشەنگەکان لەدەرگەی ئەدەبەوە هاتبنە نێو دنیای ڕۆژنامەوە، ئەوا سەردەم وەها پێویست دەکا ڕۆژنامەنووسانی نوێ لەدەرگە فراوانەکەی ڕۆژنامە خۆیەوە، بێنە ناوەوە.

ڕۆژنامەنووسی ئەم سەردەمەیش بەوتاری خێراو ڕیپۆرتاجی وێنەداری ئەنتیکە و هەواڵی سەیرو سەمەرەوە خۆی خەریک دەکا، نەک بە ئەدەبەوە. چونکە ئەوانەی پێشتر خوازیاریان زۆرترە. بۆیە لەنێو ئەواندا نێوبانگ پەیدا بکا چێترە. چونکە جەماوەرێکی پان و بەرین، نەک لە نێو ڕووناکبیراندا، کە لەلایەک کەمایەتین و لەلایەکی دیکەوە خەمی قووڵبوونەوەیان هەیەو بەوتاری نێو ڕۆژنامە تینوێتییان ناشکێ...

زۆر جاران لەبەر کەمی وتار، دایەلۆگ، توێژنەوەو ڕیپۆریاژی سەرکەوتووە، کە بەلای ئەدەدا بادەدەنەوە. هەروەها ڕۆژنامەنووس لەبەر پڕکاریی خۆی کەمتر بواری بۆ خوێندنەوەو خۆپێگەیاندن بۆ دەڕەخسێ. بۆیە ناتوانن ڕای ڕاست و دروست لەهەمبەر بەرهەمی ئەدەبیدا بدەن. ناتوانن بەرهەمی جدی و نوێ لەهی کلاسیک و سواو هەڵاوێرن. ئەوان ئەگەر ڕۆژنامەنووسی ڕاستی بن، ئەوا لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییە کەمەی، کە لەسەر شیعرو چیرۆک و شانۆ هەیانە، بڕیاری خۆیان دەدەن؛ کێ شاعیرەو کێ چیرۆکنووس.

www.dengekan.com
2/7/2007

ئەوان زیاتر دوای چیرۆکنووس و شاعیری باوی سونەتیی ئەو سەردەمە دەکەون، کە لەدنیای مۆدرندا باوی نەماوە. چونکە هەمیشە و لە هەموو دنیادا ئەم دیاردەیە هەیە، کاتێ لەپڕ لاوێک سەرهەڵدەدا هەموو ڕێساو یاساکانی کۆن وەلادەنێ و بەرهەمی شاکاری پەی پێنەبراوی پێبێ. بەڵام زۆرجار ڕۆژنامەوانی لای خۆمان ناتوانێ ئەم هەڵاوێرانەە پێ ناکرێ و زۆر جاران بەهەڵەدا دەچن. بەڵکو برێ جار خودی ئەم ئەم ڕۆژنامەنووسانە هەراو ناکۆکی لە نێوان ئەدیباندا دەنێنەوە. ئەوان بۆخۆیان متووی شەڕە دەنووکن، هەر بۆئەوەی بازاڕی ڕۆژنامەکەیان ڕوو لە گەرمی بێت و ڕمێن پەیدا بکا. لێرەدا باسی ئێستا دەکەین، کە نامەخانەکان بە ڕۆژنامە و هەفتەنامەو دوو هەفتەنامەو پاشکۆ جەنجاڵن.

دیارە ئەدیب ددان بەتوانای ئەدەبیی ڕۆژنامەنووسدا نانێ. چونکە ڕۆژنامەوان لەهەموو ئاشێک دەکەن و فریای هەمووشی ناکەون. بۆیە ڕواڵەت بینن و ناکارن ڕۆبچنە نهێنییەکانی دەقی ئەدەبییەوە، لەکاتێکدا نووسەر لە کاری خۆیدا شارەزاو کارامەیە. چونکە ڕۆژنامەنووسی پیشەیە نەک هونەرو ئەدەب. لێرەدا مەبەستم لە ڕۆژنامەنووسی ئەدیب نییە.. چونکە لەنێو ڕۆژنامەنووسانیشدا ئەدیب هەڵدەکەوێ، وەک چۆن لەنێو توێژی مامۆستا و نوژدارو پارێزەردا هەڵدەکەوێ.

جاری واهەیە ڕۆژنامە بەزۆری زۆردارەکی و بەحوکمی بەردوامبوون و بڵاوبوونەوەی لەنێو جەماوەرێکی بەریندا، کەسانی وەها وەک شاعیرو چیرۆکنووس بەخەڵکی دەناسێنن، کە فڕیان بەسەر ئەدەبەوە نییە. ئەمانە برێ جار حیزب دایاندەتاشێ. دەبنە مۆتەکە بەسەر ئەدەبەوە بەگشتی و نێوەندەکە ژەهراویی دەکەن. کەواتە ئەدەبی کرچ و کاڵی ڕۆژنامە هەندێ جاران زیانیشی

بەرەوتی ئەدەبیی گەیاندووە. ئەوی ڕاستی بێ کاری سەرەکیی(( ڕۆژنامەی سەرکەوتوو ئەوەیە غەریزەی لاپڕەسەنیی لەلای زۆرترین کەس، بە جیاوازی مەیل و ڕووناکبیری و بۆچوونیان بۆ ژیان تێر بکا.)) (3)

لەم ڕۆژگارەدا شیعرو چیرۆک و شانۆو شێوەکار، گۆڤاری تایبەت بەخۆیان هەیە. ئەوە ئەرکی سەرشانی نەقابە، یەکێتی و ڕێکخراوی تایبەت بەنووسەرو هونەرمەندو شێوەکارانە، کە لەپاڵ کاری ڕێکخراوەیی دوور لە حیزبی خۆیاندا زمانحاڵی خۆیان هەبێ. لەپاڵ کاری ڕێکخراوەیی ناحیزبیدا مشووری بڵاوکردنەوەی بەرهەم و پاراستنی مافەکانی دیکەی نووسەرو هونەرمەندان بخوات و بەتەنگیانەوە بێ. زۆریترین دەستکەوتی مادیی و هونەرییان بۆ مسۆگەر بکا. لەهەندێ شوێن ڕۆژنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە وەک (الاسبوع الادبی) لە دیمەشق و پاشکۆی هونەرو ئەدەبی برایەتی لە هەولێر. ڕۆژنامەوان و ئەدیب قەڵەم کۆیان دەکاتەوە.. دەنا (( لەڕاستیدا ڕۆژنامەوانی پیشەیە ـ حرفە ـ و ئەدەب هونەرە. جیاوازیی نێوانیان دەکاتە جیاوازیی نێوان ڕۆژنامە و ئەدیب.)) (4)

دیارە ڕۆژنامەش بەمەبەستی دەرهێنانیکی سەردەمییانەو ڕەچاوکردن و ڕازاندنەوەو هێڵکاریی بۆ بابەتەکانی نێو ڕۆژنامەکە پێویستییان بە هونەرمەندی شێوەکار هەر دەبێ. ئەمڕۆ ئەستاتیکا چۆتە هەموو بوارەکانی ژیانەوە تا بە ڕۆژنامە دەگا. یەکێک لەمەرجەکانی ڕۆژنامەی ئەم چەرخە شێوەی دەرەکی و جوانیی دەرهێنانە.

ئەدەب و ڕۆژنامەوانی هەر زووماڵی خۆیان جیاکردەوە. ڕۆژنامە بووە پیشەو زووتر لە ئەدەب دوای دەستکەوتی مادی کەوت. ئەگەر ڕۆژنامەنووسێ ئەدیب بێ، وەک ئەوەیە نوژدارێک

و پارێزەرێک ئەدیب بێ. ئەوەندە هەیە ڕۆژنامەنووس. هۆیەکانی بڵاوکردنەوە، کە ڕۆژنامە لەگرنگەکەیانە. لەدەستی خۆیاندایە، کەس دەست ناهێنێتە ڕێیان و مەرجیان بەسەردا ناسەپێنێ. دەنا ڕۆژنامەنووس پرۆسەی مامەڵەکردن لەگەڵ وشەدا بەئاسانی دەگرێ و وەک نووسەر بەجدی نەیداوە بەکۆڵیدا. ئەو وشە بەو پەڕی ساکارییەوە بۆمەبەستی گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی بەکاردەبا. تەواو وەک نوژدارو ئەندازیار بەکاری دێنێ. هیچ ماندوو بوونێکی بەدەستەوە نابینێ..(( ئێمە ڕاهاتووین پێناسەی ئەدەب بەوە بکەین، کە هونەری گوزارشتە بەوشە. دەتوانین بە ڕۆژنامەوانی بڵێین پیشەسازیی بازرگانی کردنە بەهەواڵەوە. ئەوەی کە هیچ گومانی تێدا نەماوە ئەوەیە، کە یەک لەباری ڕۆژنامەوان، وشە بەتەواوی نرخی خۆی لەدەست داوە. تەنیا ئەوەندەی نرخ بۆماوەتەوە، ئامرازێک بێ مانایەک بگەیێنێ بێ ئەوەی ئەم ئامرازە کێشێکی گەورەی هەبێ. چونکە دەتوانرێ بە ئامرازێکی دیکەی وەک وێنە بگۆڕدرێتەوە. کەچی ئەدیب ناتوانێ دەستبەرداری وشە ببێ. چونکە وشە تەنیا هەر ئامراز نییە، بەڵکو پێکهێنەری هونەرەکەیە.)) (5)

کەواتە زمانی ڕۆژنامە بەتەنیا زمانی گەیاندنە. ڕۆژنامە ئەدەب دەکاتە کاڵایەکی بەکاربردن (إستهلاكي). ڕۆژانە وەک (هەواڵ) حسابی بۆ دەکاو سەرنجی دەدا. واتە حسابی ئایندەی بۆ ناکا. چونکە ڕۆژنامە تەنیا باس لەو ڕۆژە دەکات کە تێیدا بڵاودەبێتەوە. کەچی ئەدەب ئایندەخوازەو دەیەوێ بەنەمریی بمێنێتەوە. دوای ئەوەش ڕۆژنامەوان تەنیا بایەخ بەناوەرۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتی چیرۆک دەداو لایەنی هونەری و ئەستاتیکی و ڕەوانبێژی فەرامۆش دەکا.

لەلایەکی دیکەوە، هەرچی ئەکادیمییەکانە حسابێکی ئەوتۆ بۆ ڕەخنەو چیرۆکی نێو ڕۆژنامە ناکەن. بەلای ئەوانەوە، کاتێ وترا (ڕەخنەی ڕۆژنامەیی) واتە ئەو ڕەخنەیە نا ئەکادیمییە، سەرپێییە و بێ پرۆگرامە و لە تەنکاودا مەلەدەکا. کەواتە، کاتێ ڕەخنەگری جدی گرنگی بەو جۆرە چیرۆکە نادا، کاتێ خوێنەری جدی لێی لووتەلایە، هۆی سەرەکیی ئەوەیە نووسەرەکەی لە رۆژنامەدا بڵاوی کردۆتەوە. بۆیە بەکاریکی ئەدەبی و هونەریی رەسەنی نازانن. دیارە هی وایش هەن کاتێ لە ڕۆژنامەدا چێرۆکێکیان بڵاودەبێتەوە ئیدی پێی خەنی دەبن و لەخۆ بایی دەبن. بەڵام نووسەرو توژەرە پسپۆڕەکان ئەو بەهرە بچووکانە بەفەرمی ناناسن و ددانیان پێدا نانێن.

چونکە ئەگەر ئێمە ئەوروپاییانە مامەڵە لەگەڵ چیرۆکنووسدا بکەین. ئەوا دەبێ سەرنجی کۆمەڵە چیرۆکەکەی بدەین، کە وەک کتێب بەچاپی گەیاندووە. ئەمجا سەرنجی ئەوەش بدەین بزانین کام دەزگەی وەشان ئەرکی چاپی گرتۆتە ئەستۆ؟ چونکە دەزگەی وەشان پسۆپۆڕی خۆیان هەیە. ئەگەر بەرهەمەکە بە ئەدەب نەزانن بڵاوی ناکەنەوە. چونکە لە ئەوروپادا کتێب بەکاڵابووە. ئەمەیش مانای وایە لەبەردەم ئەگەری قازانج و زیاندایە. لەوێ هیچ دەزگەیەک ناچێتە ژێر چاپکردنی بەرهەمی کرچ و کاڵی نائەدەبی.. چونکە زیان لە خۆی دەکەوێ نەک لە نووسەرەکە. واتە ئەگەر بەختت هێنای و دەزگەیەکی ئەوروپایی کۆمەڵە چیرۆکیکی بۆ چاپکردی، ئەوە مانای وایە سەرەتا دانی بە بەهرەی تۆدا ناوە، ئەوجا چۆتە ژێر ئەو بارە. بەڵکو هەندێ دەزگەی وەشان هەن، کە لە جیهاندا خاوەنی ئەزموون و ناوو داون، دکارن ئەدیب دروست بکەن. واتە دکارن بە فەرمی بەجیهانی بناسێنن.

ڕۆژنامەنووس متووی هەواڵی گەرم وگوڕە تاکو هەرچی زووە بەخوێنەری بگەیێنێ. لەم ڕووەوە هەردەم هەوڵی دەست پێشخەریی ڕۆژنامە (سبق صحفي) دەدەن. لێرەوە زوو بەدەم ڕووداوەوە دەچن و تێدەکۆشن لەگەڵ سەرچاوەکانی هەواڵدا ئاشنایەتی ببەستن. چونکە هیچ کاڵایەک وەک کۆنە هەواڵ بێ نموود و بێ بازاڕ نییە. دیارە ڕووداوو هەواڵ دەکرێ ببنە هەوێنی چیرۆک لەلای چیرۆکنووسان. هەروەک دەکرێ ببێتە هەوێنی ڕۆمانیش وەک (سەربوردەی دەریاوانێکی خنکاو) یانژی (هەواڵی فڕاندن)ی لەمەڕ گابریل گارسیا مارکیز. بەڵام ئەوان ئەوەندە لێی بەپەلە نین. بەڵکو لەکن ئەوان ماوەیەکی پێدەچی تاکو کامڵ دەبێ؛ دەگاو خەیاڵی خۆیانی لەدەور دەئاڵێنن، ئەوجا دەبێتە هونەر. جاری واش هەیە ڕووداو چەند گرنگیش بێ هێشتا هەر چیرۆکنووس ناجووڵێنێ. کەچی وەکیدی چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوان هەردوولایان بەگشتی گرنکی بەکێشەی ڕۆژانەی مرۆڤ دەدەن. جێی باسە مارکیز ڕۆمانی دووەمی بەزمانی ڕۆژنامەش نووسیوە. واتە بۆ نووسینی ڕۆمان، سوودی لەزمانی ڕۆژنامە بینیوە.

## چیرۆک لەڕۆژنامەدا بۆ؟

چیرۆک هونەرێکی زیندووی جەماوەرییە. هونەری گێڕانەویە. لە سەردەمی ئەفسانەو حیکایەتەوە تاکو نهۆ خەڵک لە هەموو چین و توێژەکان بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ شلکردووە. هەندێ لە پادشاکان حیکایەتخوانیان هەبووە. حەمە پاشای حیکایەتخوان، کە ژمارەیەک لە حیکایەتەکانی (مەملەکەتی ماسی)ی بۆ من گێڕاوەتەوە، دەیوت : (( من حیکایەتخوانی شێخ مەحموود بووم.))

ئەفسانە و خورافە هەوڵی لێکدانەوەی ژیان و مەرگ و پەیبردن بەنهێنییەکانی گەردوونیان داوە. ئەوەندە هەبوو. لە کۆندا حیکایەتەکان نەدەنووسرانەوە. بەڵکو دەماو دەم و پشتاوپشت دەهاتن. وێڕای ئەوەی هونەریی نەبوون، کەوتبوونە سەر دەم و دووی حیکایەتخوان و شێوازی گێڕانەوەی. ئەگەرچی گرنگیی حیکایەت و ئەفسانە بە هەموو جۆرەکانییەوە لە هونەری داڕشتنیاندا نییە، بەڵکو گرنگیی لە ناوەڕۆکیاندایە، کە خەڵکی هەڵوەدایان بوون. کەواتە چیرۆک بەگشتی ڕەگ و ڕیشەی کۆنی لەزەینی مرۆڤدا هەیە. پاشان نووسەری نوێش هات هونەری ئامێتە کردو کاڵایەکی نوێی بەبەربڕی. خوێنەر بەتاسوقەوە دەیخوێنێنەوە. بۆیە بڵاوکردنەوەی، ڕمێن بۆ ڕۆژنامە پەیدا دەکا. دیارە ئێمە لیرەدا باس لەسەرەتاکان و سەرهەڵدانی ڕۆژنامە دەکەین. دەنا ئێستا ئەدەبی نێو ڕۆژنامە، بەگشتی و بە هەموو لقەکانییەوە هیچ باگێژەیەک بەرپا ناکا. ئێستا ئەدەب گۆڤاری تایبەت بەخۆی هەیە و ئەدیبەکان بۆ خۆیان سەرپەرشتیی دەکەن. ئێمە باس لە سەروەختێک دەکەین، کە ڕۆژنامە وەک ئێستا بەربڵاو نەبوو. ئەوەندە لق و پۆی لێ نەڕوابوو.

لە چیرۆکیشدا، بەوێنەی هەواڵی گرینگ، تەشویق هەیە. کە تاسەر سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ، تاکو بزانێ ئاکامی قارەمانەکان بەچی دەگا. لە هەزارویەک شەوەدا (( شەهرزاد توانی خۆی لەو چارەنووسە ڕەشە دەرباز بکا، کە کچانی پێش خۆی دووچاری دەبوون. چونکە زانیی چلۆن چەکی - تشویق - بەکاربهێنێ. ئەو چەکەی فۆرستەر ئاماژەی پێدەدا، کە تاکە ئامرازی ئەدەبییە کاربکاتە سەر ملهوڕو دڕندەکان. ئەو کچە بەو هۆیەوە ژیانی خۆی کڕییەوە. توانی بەردەوام شا شەهریار سەراسیمە بکاو هانی بدا

بزانێ دواتر چی ڕوودەدا. ئەوەبوو، هەرکە خۆر هەڵدەهات دەوەستا و لە ناوەڕاستی ڕستەیەکدا بەئەبڵەق بوونەوە بەجێی دەهێشت.)) (6)

چیرۆکی گیاندارانیش لەبەرەبەیانی مێژووەوە سەرنجی گوێگرانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. وەک ئەوانەی کلیلە و دیمنەو چیرۆکەکانی ئیسۆب. بگرە لە دۆڵی میزۆپۆتامیادا مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان. لەوساوە خەڵک هەڵوەدای بیستنی ئەو تەرزە حیکایەتانەن. هەندێ جار گیانداران دەمامک بوون بۆ پادشاکان و حیکایەتەکان دەمیان لە پۆلیتیکەوە داوە. لەڕێگەی نمای گیاندارانەوە ڕەخنەی توندیان لە ناجۆرییە کۆمەڵایەتییەکان گرتووە و جیاوازیی و میانەی یەکجار زۆری نێوان ژیانی بەختەوەرانەی نێو کۆشک و سەراکان و ژینی تاڵ و بەدحاڵیی ڕەشە خەڵکەکەیان وێناکردووە. وا لێرەدا لەسەر زاری بێچووە مەیموونێکەوە حیکایەتێکی گیانداران (فەیبل) وەک خۆی وەردەگێڕین، کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە:

*نامەیەک لە مەیموونەوە بۆدایکی*

*بۆ دایکی بەڕێزم (لودی لودی)..*

ئەگەر هەواڵی جگەرگۆشەی خۆت (ئوکو ، دل ، بی) دەپرسی، ئەوا بزانە، کە (ئور) شاری خۆشی و کەیف و سەفایە. (ئەریدو) یش شاری هەرزانییە. لەگەڵ ئەوەشدا من لەپشت هۆڵی موسیکەوە پاشەرۆک دەخۆم، نەبادا لە برسانا ڕەق هەڵێم و بمرم.. تامی نان و شەرابم نەکردووە. فریامکەوە، بە پەلە لەلای خۆتەوە کەسێکم بە شوێندا بنێرە! (7)

کەواتە چێرۆک لە بەرەبەیانی مێژووەوە، بام لە فۆرمی ئەفسانەو (فەیبل)یشەوە، واتە لە زاری گیاندارانیشەوە بووبێ. دەمی لەزۆر مەسەلەی مرۆڤایەتی و جیاوازیی چینایەتییەوە داوە. ئەم حیکایەتە بەو کورتییەی خۆیەوە زۆر شتمان پێدەڵێ، کە ڕەنگە مێژوونووسەکان لاشیان لێ نەکردبێتەوە. واتە هەقایەتی ئەوساش وەک چیرۆکی ئێستا، هەر وابەستەی ژیان و گوزەرانی مرۆڤ بووە. (( سەرنووسەرەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە هەستیان کرد بوار بۆ بڵاوکردنەوەی چیرۆکی نوێ لە ئارادایە. جۆرە چیرۆکێک، کە خولیای مرۆڤایەتی تێدابێ. جگە لەوەی جێگە زۆر ناگرێ، کارێکی ئەدەبییەو داواکاریشی لەسەرە. هەروەها هەستیان کرد، ئەو چیرۆکانەی سۆز ئامێزن سەرنجی ئافرەتان زیاتر ڕادەکێشن. ئەمەیش هاوکات هانیان دەدا ڕیکلامەکانی ناو ڕۆژنامەکەیش بخوێننەوە. بڵاوکردنەوەی چیرۆک بۆی هەیە پردێکی خۆشەویستی لە نێوان ڕۆژنامەو جەماوەردا هەڵبەستێ. مانای وایە ئەمان بەتەنگ کڵۆڵی مرۆڤەوەن.)) (8)

لای خۆمان هەفتەنامەی (ڕێگای کوردستان) وەک نەریتێک، لەدوا لاپەڕەی خۆیدا چیرۆکێکی منداڵان ( هەندێ جار) بەوێنەوە بڵاو دەکاتەوە. ئەم جۆرە چیرۆکەش جگە لەمنداڵان خوێنەری دیکەشی هەیە. مەبەستم لەوەیە منداڵ بە بۆچون و تێگەیشتنی خۆی و گەورە بە تێگەیشتنی خۆی دەیخوێنێتەوە. ڕەنگە هەردوو لایان چێژی لێ ببینن.

وا دیارە مەیل و ئارەزووی خوێندنەوەی چیرۆک ڕوو لە هەڵکشان بێ، بۆیە گەلێ جاران (هەفتەنامەی ئەدەب و هونەری برایەتی) لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا، کورتە چیرۆک بڵاودەکاتەوە. زۆر نووسەری ناوداری دنیاش لە ڕۆژنامەدا چیرۆکیان

بڵاوکردۆتەوە.(( دانیال دیفیو، چیرۆکە خەیاڵییەکەی خۆی. لەسەر شێوەی هەواڵ لە ڕۆژنامەی ـ ذە ڕیفیو ـ دا بڵاوکردەوە. پاشانیش چیرۆکە کلاسیکییەکەی، کە بەناوی ـ ڕۆبنسون کرۆزۆ. وە بوو.. ڕەنگە چیرۆکی خەیاڵی زانستییەکەی لەمەڕ ـ ڕێچارد ئادەمز لۆک ـ کە بەزنجیرەو بەناونیشانی ـ پێکەنینی مانگ ـ لە ڕۆژنامەی ـ سەن 1835 ـ بڵاوی کردەوە، بوویێتە هۆی ئەوەی فرۆختی ڕۆژنامەکە سەربکەوێ. پێکەنینی مانگ سەلماندی، کە هەرچەندە چیرۆکەکە خەیاڵێش بێ، هێشتا هەر دەتوانێ سەرنجی کەسانی ڕۆشنبیرو سادەیش وەک یەک بۆلای خۆی ڕابکێشێ. لە ڕاستیدا نووسەرانی ڕۆژنامەکە، ئەم چیرۆکەیان وەک ڕێگەیەک بەکار هێنا بۆ ئەوەی بە تیراژی زیاتر بفرۆشرێ.)) (9)

کەواتە کەسانێکی زۆر لەچین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ، لەبەر خاتری چیرۆکەکان بەشداری ئەو ڕۆژنامە بوون. ئافرەتان ڕێژەیەکی بەرچاوی باشدارانی ئەو ڕۆژنامەیەیان پێکهێناوە؛ بەتایبەتی لەبەرئەوەی چیرۆکەکان بەلای سۆزو خۆشەویستیدا دایانشکاندووە. هەر بۆیەکا زۆرجاران ڕۆژنامەکان جاڕی پێشبڕکێی چیرۆک دەدەن. بەمەش چیرۆک نووسان بۆ هاریکاری و بەشداریکردنی جدی لە ڕۆژنامەدا، هاندەدەن.

## جۆرەکانی چیرۆک

بەلای خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری ڕۆژنامەوە، دەبێ ڕۆژنامەنووس لێوەشاوەبێ. سەری لە هەموو کێشەو باس و خواسێک دەربچێ. ڕۆژنامەکەی پێویستیی بەهەر بابەتێک بوو، لە چاوپێکەوتن، ڕیپۆرتاج، نووسین دەربارەی پیشانگە، شیکاری سیاسی و گوتاری کۆمەڵایەتی، بابەتی کات بەسەربردن، ئەوا ئەو

ڕۆژنامەوانە بتوانێ بەئاسانی دەستەبەری بکا. تەنانەت دەبێ ئامادەیی تێدابێ وەک پەیامنێر بچێتە بەرەکانی جەنگ. ڕۆژنامە بەتایبەت لەم سەروبەندەدا ڕووی دەمی لە چارەکە خوێندەواە و پێویستیی بەقووڵبوونەوەی ئەوتۆ نییە. چونکە کەسانی ڕووناکبیر بەزانیاریی سەرەتایی نێو ڕۆژنامە داناکەون و لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوی بەرزترە زانست و زانیاریی وەردەگرن و پشتی پێ دەبەستن. کەواتە ڕۆژنامەنووس چاوەڕوانیی ئەوەیشی لێکراوە، ئەگەر پێویست بوو، ئامادەیی تێدابێ چیرۆکیش بنووسێ. ئێمە دەتوانین ئەم جۆرە چیرۆکەی، کە ڕۆژنامەوان دەینووسێ ناوبنێن ڕۆژنامەچیرۆک.

## ڕۆژنامە چیرۆک

ڕۆژنامەو چیرۆک هاوشێوازن. ڕۆژنامەنووسان بۆخۆیان، کاتێ باسی تاوانێک، ئاگرکەوتنەوەیەک، لەهێڵ دەرچوونی شەمەنەفەرێک، بەربوونەوەی فڕۆکەیەک، پێکدادانی دوو خێڵ، کودەتایەکی سەربازی دەکەن، هەوڵ دەدەن وەک چیرۆک بیگێڕنەوە. سەرەتاو کۆتایی و لوتکەی هەبێ. بەڵام ئەوان بەشێوازێکی ساکار دەینووسن. خەیاڵ لێرەدا ناکەوێتەکار. فەنتاسیا ونە. چیرۆکەکە زۆر کورتە. وشەکان تەنیا مانا فەرهەنگییان هەیە و مەدلوولی دیکەو مانای دیکە لە خۆیاندا هەڵناگرن. بەڵام سەرنج ڕادەکێشن. چونکە مرۆڤ بۆخۆی بەعەزرەت بیستن و خوێندنەوەی هەواڵی نوێوەیە. کاتێ شەوانە لەڕادوێ و تەلەفزیۆنەوە گوێی لەهەواڵی نوێی گرینگ دەبێ، ئەوا بۆ سبەی هانا بۆ ڕۆژنامە دەبا، تاکو جاریکی دی ڕوداوەکە وەک چیرۆک بخوێننەوە.

ڕۆژنامە چیرۆکیش دوای ئەوەی وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان دەداتەوە، ئەمجا دروست دەبێ. پرسیارەکان بە وشە پرسیارییەکانی (کێ، لەکوێ، کەی، چی، چۆن) دەست پێدەکەن. ئەگەر هاتوو نەختێک درێژەمان بە پرسیاری پێنجەم، کە بە(چۆن) دەستی پێکرد دا، ئیدی ڕۆژنامە چیرۆکەکەمان بە تەواویی بۆ دروست دەبێ. (د. عبد اللطيف حمزة) لە کتێبەکەی خۆیدا وەک (چیرۆکە هەواڵ) ئەمەی خوارەوەی بەنموونە هێناوەتەوە:

(( دوێنێ لەسەر ڕێگەی میسری نوێ. لەکاتیکدا شوفێرێکی مەترۆ سەری لەفارگۆنەو دەرهێنابوو، مەترۆکەیش بە خێراییەکی زۆر دەڕۆیی، سەری بەر دارتەلێکی کارەبا کەوت و دەستبەجێ مرد. لاشەکەشی فڕێدرایە دەرەوە. مەترۆکەیش بەهەمان خێرێی لەسەر ڕەوتی خۆی بۆ پێشەوە بەردەوام بوو.)) (10)

وەک دەبینین ئەم چیرۆکە هونەریی نییە. هەواڵێک دێنێ و دەبا. ترسناکەو سەرسووڕهێنەریشە. بەکەمترین وشە مەبەستی گەیاندووە. وا لە خوارەوە نموونەیەک لە ڕۆژنامە چیرۆکی کوردیی دەخەینەڕوو. چیرۆکەکە ناونیشانی (شەڕە دامە لە هەولێر)ی هەڵگوتووە، لە ئێوارە گوڵانەوە وەرگیراوە:

(( لەگەڕەکی کووران کۆمەڵێک پیاوی بەساڵاچوو و ڕیش سپی، بەردەوام لەبەر دەرکی مزگەوت بۆخۆیان دامە دەکەن. کەچی لەم ڕۆژانەدا لەسەر دامەکردنیش شەڕێک پەیدابوو. دوو کەس کەوتنە گیانی یەک و لەسەر دامە هەموو سورو گوێلاکی یەکتریان شکاند.)) (11)

## چیرۆکی هونەریی لە ڕۆژنامەدا

ڕاستە ڕۆژنامە بەپلەی یەکەم هەواڵنامەیە. بەڵام دەتوانێ هونەرەکان لەخۆیدا کۆبکاتەوە. دەنگوباسی شانۆ، نوێترین گۆرانی.. هەواڵی تازەترین فیلم.. باسی پیشانگە شێوەکارییەکان. زۆر جاریش میوانداریی کورتە چیرۆکی هونەریی دەکا. ئەگەر درێژ بێت، بەزنجیرە بڵاوی دەکاتەوە. یەک لەباری نووسەری کورد، سەردەمانێکی دوورو درێژ بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبییەکان ڕۆژنامە تاکە بواربوو. تا ئەم دواییەش گۆڤار ، یاخود هەفتەنامەو مانگنامەی تایبەت بەلکەکانی ئەدەب، وەک شیعرو چیرۆک و دەقی شانۆیی و ڕەخنە لەئارادا نەبوو. بۆیە بەناچاریی شاعیرو چیرۆکنوسان ڕوویان کردۆتە ئەو بڵاکراوەیەی، کە لەبەر دەستدایە. ئەویش تەنیا ڕۆژنامە بووە. ئەگەرچی تاکو ئێستاش ئێمە بەهەڵە زاراوەی ڕۆژنامە بەکاردێنین. چونکە کورد بەدرێژایی تەمەنی سێ ڕۆژنامەی هەبووە. بەو مانایەی ڕۆژانەو بە بەردوامی دەرچووبن.. ئەوانیس (برایەتی، یەکەم ژمارەی، ڕۆژی 1974/1/8 دەرچوو. دوا ژمارەی (26)، کەوتە ڕۆژی 1974/2/7وە. لەوەبەدوا بۆتە هەفتەنامە... )) (12)

لەدوای ڕاپەڕینیشەوە سێ ڕۆژنامەمان هەیە: کوردستانی نوێ و برایەتی و ئێوارە گوڵان. ئیدی هەموو ئەوانی دی هەفتەنامەن. هەندێ، ماوەی نێوان دوو ژمارەیان لەهەفتە پترە. هەشیانە دوو هەفتەنامە و مانگنامەن.

کورتە چیرۆک خوێنەری زۆرە. جێگەی زۆر داگیر ناکا. ئاسانەو خوێنەر تێیدەگا. بەزمانێکی ئەدەبیی تۆکمە و لە بەرگێکی هونەریی بەرزدا ڕەخنە لەکۆمەڵ دەگرێ و لە کێشەکانی خەڵک دەدوێ.

خەیاڵی تێکەڵ دەبێ و خەیاڵی خوێنەر دەجووڵێنێ. ئەگەر سۆز ئامێز بێ ئافرەتان پتر دەیخوێننەوە. هەندێ جاران پاڵەوان دەبێتە دەمامک. نووسەرانی کوردیش وەک هی هەموو دنیا سەرەتا لە ڕۆژنامەدا چیرۆکیان بلاوکردۆتەوە. بۆخۆشیان هەندێ جار هەر لەو ڕۆژنامانەدا وەک نووسەر کاریان کردووە. دواتر لەبەرگێکدا وەک کتێب بلاویان کردوونەتەوە. ئەگەرچی ڕۆژنامە هەن چیرۆکیان بلاونەکردۆتەوە. وەک: (( پێشکەوتن 1920 سلێمانی، ڕۆژی کوردستان 1922 سلێمانی، بانگی کوردستان 1922 سلێمانی، بانگی حەق 1923 سلێمانی، ئومێدی ئیستیقلال 1923 سلێمانی، دیاریی کوردستان 1925 بەغدا، زبان 1937 بەغداد، ئازادی 1959 بەغداد، خەبات 1959 بەغداد، ڕووناکی، 1959 بەغداد.. ))(13) هەندێکیان لەبەر ئەوەی لەسەردەمێکدا دەرچوون هێشتا چیرۆکی هونەریی لەباشووری کوردستان لەدایک نەبووە. هەندێ لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەی سیاسی و ئۆرگانی حیزبەکان بوون.

(( لەخەوما ی جەمیل سائیب، کە یەکەم چیرۆکی هونەرییە لە باشووری کوردستان نووسرابێ، لە ژمارەکانی (29 ـ 56) ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە) و دواتر لە ژمارەکانی (ژیان)دا، لەنێوان سالانی (1925 ـ 1926)دا، بە زنجیرە بلاو کراوەتەوە.)) (14) دوای (50) ساڵ ئەوجا بۆتە کتێبێکی سەربەخۆ. بەلام هیچ کام لەم ڕۆژنامانە وەک (هاوکاری)، کە لە (1970)دا دامەزراوە، لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە ئەوەندە چیرۆکی هونەریی تێدا بلاونەبۆتەوە. ڕەنگە لە هەزار کورتە چیرۆکی تێپەڕاندبێ. وێڕای ئەوەی بەزنجیرە چەند ڕۆمانێکیشی بلاوکردۆتەوە.

## ئەمڕۆی چیرۆک

مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی پێمان دەڵێ: بۆ بڵاوکردنەوەی کورتە چیرۆک لەباشوور ڕۆژنامە بەپلەی یەکەم هاتووەو پاڵپشتی ئەم هونەرە نوێ و شارستانییە بووە. ڕۆژگارێک چیرۆک دەنگی زوڵاڵی خەڵک بوو. خوێنەر تامەزرۆی بوون. چونکە لەبریی ئەوان دەدوا. لەبریی ئەوان داکۆکی لەمەسەلە چارەنووس سازەکان دەکرد. کێشە هەڵایساوەکانی دەکردە ناوەرۆکی خۆی. چیرۆکی هونەریی و بەرگری ئەم دەست و ئەو دەستی دەکرد. لەماڵ، لە چایخانەدا، لەپەناوە، دەبووە مایەی دەمەتەقێ ومشت و مڕی خەڵک. ورەی داڕووخاوی خەڵکی بەرزدەکردەوە.. لەدوای ڕاپەڕینەوە ئیدی چیرۆک و لقەکانی دیکەی ئەدەب و هونەر ئەو بایەخەیان نەما. حیزبەکان پاشەکشەیان بە ئەدەبی بەرەنگاریی کردو نووسەرکانی ئەدەبی بەرەنگارییان پەراوێزکرد.

ئەمڕۆ چیرۆکی نێو ڕۆژنامە ناتوانی ئەو باگێژەیەی جاران بنێتەوە. ئەوسا خەڵک ڕۆژنامەکانی ژین و هاوکارییان بەو مەبەستە خوێندۆتەوە، تاکو بزانن نووسەرە نیشتمانپەروەرەکان، لە بندێڕی چیرۆک و شیعرەکانیانەوە چۆن بۆ ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسییان ڕوانیوە؟ بەهێماو ئاماژە چییان پێدەڵێن؟ بەڵام ئەمڕۆ چارەکە ڕووناکبیر، کاتێ ڕۆژنامە دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەیەتی بزانێ کێشەی نێوان دوو هێزە سەرەکییەکەی باشوور گەیشتە کوێ؟ لە بندێڕی وتاری سەرکردەکاندا چ شتێکی نوێ هەیە؟ داخۆ ڕێکدەکەون یان نا؟ کێشەی نێوان عیراق و ئەمریکا بەکوێ دەگا؟.. هتد

کەس بەو مەبەستە ڕۆژنامە ناخوێنێتەوە تاکو بزانێ، داخۆ چیرۆکی فڵان و فیسار نووسەری تێدایە یان نا.. بەڵکو چیرۆک بۆتە

کەمالیات! وەکی دی چیرۆکی ڕۆژنامە هەرکە ئێوارەی بەسەدا هات ئیدی لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا کۆن دەبێ و دەکرێ بەسفرە؛ ئەگەرچی بۆ تەندروستیش خراپە! لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەک گۆڤاری تایبەت بە ئەدەب و ڕووناکبیریی وەک ڕامان، کاروان، گەلاوێژی نوێ، پەیڤ بەردەوامن. نووسەران زێتر چیرۆکەکانیان بەرەوڕووی ئەو گۆڤارانە دەکەنەوە، چونکە ئاستی هونەرییان بەرزترەو بۆ مێژوو دەمێننەوە. بەرهەمەکانیش لەشوێنی شیاوی خۆیاندان. بەهێڵکاری و وێنەی خاوەنەکانیان دەڕازێنرێنەوە. بەڵام وەک پێویست خوێنەر سەری تێنەکردوون. وا دیارە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخی نەوچەکەدا بەگشتی، مگێزی خوێنەریش گۆڕاوە.

دیارە خەریکە پاشکۆی ڕۆژنامەی تایبەت بەهونەرو ئەدەب دەبێتە باو. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەڕۆڵی پاشکۆی ئەدەب و هونەری برایەتی و ڕێگای کوردستان بدەین و وەک دیاردەیەکی شیاوو ئەرێنی بیاننرخێنێ.

## ئەنجام

کەواتە چیرۆک لەڕۆژنامەدا دوو جۆرە، چیرۆکی هونەریی و ڕۆژنامە چیرۆک. ڕۆژنامەش گەلێ جار میونداریی چیرۆکی هونەریی کردووە. ئەگەرچی ئێستا ئەدەبی ڕۆژنامە هیچ کاریگەرییەکی نەماوە، بەڵام لە سەرەتاکاندا، کاتێ چیرۆکی هونەریی لەوەدابوو پێڕەوکە بێ، ڕۆژنامە ببوە هاندەرو وەک بڵاڤۆکێکی جەماوەریی باوەشی بۆ کردبۆوە. سەردەمەکە وەهابوو؛ بۆ بڵاوکردنەوە تەنیا ئەو (دەروو)ە لەئارادا بوو. ڕابەرانی چیرۆکی هونەریی کوردیی: جەمیل صائیب، شاکیر فەتاع، محەڕەم محەمەد ئەمین، عەلائەددین سەجادی، مەحموود ئەحمەد، محمەد مەولود؛ تێکڕا لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی خۆیاندا چیرۆکیان بڵاوکردۆتەوە.

ئەگەر ڕۆژنامە بۆ گەلانی خواپێداو جێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی نوێ و سەرسووڕمێن بووبێ. چاودێریی دام و دەزگەکانی حکومەت بکا. جێگەی ڕیپۆرتاج و پەیفین بووبێ، بۆ کات بەسەربردن بێ، ئەوا بۆ میللەتێکی بندەستی وەک ئێمەی کورد، ئەرکی گەورەتری لەئەستۆ بووە. لە شەوی ئەنگوستەچاودا تروسکایی بووە و بەدەستکەوتێکی مێژوویمان لەقەڵەم داوە. وێڕای هەواڵ، مێژوو، فەلسەفە، وەرزش، فۆلکلۆر، شیعرو چیرۆکیشمان لێ بارکردووە.

www.dengekan.com
2/7/2007

سەرچاوەکان:

(1) جلال الدين الحمامصى، المندوب الصحفى، دار المعارف، 1963، ص/15.

(2) فاروق خورشيد، بين الادب والصحافه، ط (1)، قاهره، 1961، ص/8.

(3) هەمان سەرچاوە، ز/32.

(4) هەمان سەرچاوە، ل/42.

(5)هەمان سەرچاوە، ل/46.

(6) ف. فريزر بوند، ترجمة، راجى صهيون، مدخل الى الصحافه، بيروت، 1964، ص/152.

(7) بۆ سەرچاوەی تەواوی دەقەکان بڕوانە: مقدمة في أدب العراق القديم، طه باقر، دار الحرية، بغداد، 1976 ، ص/180 ـ 186.

(8) هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ص/177 ـ 178.

(9) هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل/352.

(10) د. عبد اللطيف حمزه، المدخل الى التحرير الصحفي، ط(2)، قاهره، السنة(؟)، ص/101.

(11) ئێوره گوڵان، ژماره(89).

(12)حسين عارف، بيبليۆگرافياى چيرۆكى كوردى، ج(1)، هەولێر،1987، ل/10.

(13) هەمان سەرچاوە، ل/13.

(14)هەمان سەرچاوە، ل/138.

## (5)

# کاریکاتێر لە بزاڤی ڕۆژنامەوانیدا

کاریکاتێر تابلۆیەکی شێوەکارە، لەهونەری پۆترێتەوە نزیکە، چونکە شێوەکار هەردەم پێویستیی بەکێشانی ڕووی کەسێتییەکان دەبێ، کە بەزۆری گەورە کاربەدەستانی دەست ڕۆیشتووی کۆمەڵن. دیارە ئەوەی لەناخدا بێ لەسەر ڕووخسار ڕەنگ دەداتەوە. واتە ڕوو ئاوێنەی ناخە. لێرەشدا وەک پۆریتێت گۆشەکانی چاوو لێوو کەپوو گرنگن. بە هێڵی دەرەکی (ئاوت لاین) و جاران بە ڕووبەری ڕەش و سپی دەکێشرا. بەڵام دوای ئەوەی ڕەنگ گەیشتە لاپەڕەکانی ڕۆژنامە، ئیدی کاریکاتێری ڕەنگیش دەرکەوت و بڵاوبۆوە. برێ جاران تەنیا هێڵەو ڕووبەری نێوان هێڵەکان پڕناکرێتەوە.

کاریکاتێر پشت بە زێدەڕۆیی دەبەستێ. بیرۆکەیەک لەخۆیدا هەڵدەگرێ. زیاتر شوێن دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەوێ. هونەرمەندی کاریکاتێر دەبێ هەستێکی سیاسیانەی هەبێ و شارەزای کون کەلەبارەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتیی بێ. چونکە کاریکاتێر گەر بەدەستی ئەنقەستیش بیەوێ توخنی سیاسەت نەکەوێ، هێشتا هەر ناتوانێ. باسی تۆپی پێش بکا، گرگڕ دەیباتەوە سەر سیاسەت.

ئەو بابەتی زیندووی ڕۆژ هەڵدەبژێرێ، کە مقۆ مقۆی لەسەرە، قاقا پێی پێدەکەنێ و دەیداتە بەر حەملەی ڕەخنە. برێ جاران پێکەنینێک دەنێتەوە لە گریانەوە نزیکترە. کەسی مەبەستی پێ ئەوقدەبێ و تووشی شۆک دەبێ. لە ڕووی فۆرمەوە لە کاری پۆستەرو کارتۆنی منداڵانەوە نزیکە. تەنیا بەسەرنجدانی، بینەر لێێ حاڵی دەبێ و چێژی لێ وردەگرێ و زەردەخەنە دەپەڕێتە سەر لێوانی. باس لە کێشەیەک دەکا، لە نبەڕەتدا هەیە، کاری هونەرمەند لێرەدا ئەوەیە کوتوپڕو بەتوندی و زەقی بیهێنێتەوە یادو بیکا بەقسەی ڕۆژ.

دەستەڵاتداران هەوڵ دەدەن ئاریشەکان بشارنەوە، بەڵام کارکاتێر بەپێچەوانەوە، جاردەداو بیری بینەریان دەخاتەوە و فۆکۆسیان لەسەر دەکا. برێ کاریکاتێر زۆر لە وتاری دوورو درێژێ ڕۆژنامە کاریگەرترن! چونکە لە سروشتی کۆمیدیادان و لەگەڵ ئاوەزدا دەپەیڤن. وێڕای خولقاندنی پێکەنین، کە بۆ مرۆڤی ئەم چەرخە دوونە، کە هەردەم سترێسی لەسەرە، زۆر پێویستەو تا درەنگانێ کاریگەریی لەیادەوەریدا دەمێنێ. کاریکاتێر بێ ئەوەی پێویستی بە وەرگێڕان بێ سنوورەکان دەبڕێ. چونکە ئەو بەزمای شێوەکار دەدوێ، کە جیهانییە.

ڕۆژنامەی ئەم سەردەمە ئەگەر بێ کاریکاتێر بوو، ئەوا بێگومان لە ڕەگەزێک بێبەشەو دەلاقەیەکی تێدایە. چونکە هیچ هونەرێک نییە هێندەی کاریکاتێر پیاوانی سیاسەت سڵی لێ بکەنەوەو پێی سەغڵەت بن.

لەسییەکانی سەدەی بیستەمدا، کاتێ تەنگژەی ئابووریی تەنگی بەئەمریکا هەڵچنیبوو، کاریکاتێرەوانێکی ئەو وڵاتە بە نێوی (تۆماس ناست)، گەورە پیاوانی سیاسەتی ئەو وڵاتەی هەر لە وەزیرەوە تا ئەندامانی ئەنجومەنی پیران (سیناتۆرەکان) و ئەندام پەرلەمانەکانی

کردبووە کونەوە. چەند کۆشایان و بەرتیلیان پیشان دا، ئەو هونەرمەندە کۆڵی نەدا. دەسەڵاتدارانی ئەو ئەمەریکا زەبەلاحە لە پەڕەمووچەکەی دەسڵەمییەوە.

کاریکاتێرەوانی بەتوانا ئەو کەسەیە بتوانێ کارەکەی بێ تەشەر (تعلیق) بخاتەڕوو. واتە تابلۆکە بۆخۆی بدوێ و پێویستی بەوە نەبێ لەبنەوە وشەو ڕستە بنووسێ. ڕەوانبێژیی کاریکاتێر لەوەدایە هێڵ وڕووبەر خۆیان بدوێن. ئەگەر وشەی بەکاربردو ڕوونکردنەوەی دا، مانای وایە نەیتوانیوە بەهێڵ و ڕووبەر گوزارشت بکا. چونکە کاریکاتێر هونەری شێوەکارە نەک پەخشان. ئەگەرچی هەندێ هونەرمەند بەو مەڵامەتە نووسینی لەگەڵدا بڵاودەکەنەوە، گوایە ئاستی ڕەمەکیی خەڵک ڕەچاودەگرن، گوایە لەگەڵ ئاستی بەرزی ڕووناکبیردا بەراورد ناکرێ، ڕۆژنامەیش بڵاوکراوەیەکی جەماوەریی و میللییە.

لەگەڵ ئەوەشدا نەو گۆڤارە ئاست بەرزەکانی بواری ڕووناکبیری، کاریکاتێری بێ تەشەرو ڕەنگیی ئاست بەرز، کە تایبەتە بەتوێژی ڕۆشنبیر لە لاپەڕەکانی خۆیاندا بڵاودەکەنەوە. وێڕای ئەوەیش کاریکاتێریستی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە بتوانێ بەکەمترین و ناسکترین و ڕەوانترین هێڵ گوزارشت بکا. دیارە تەردەستی لەم کارە هونەرییەدا مەرجێکی گرنگە.

کاریکاتێر دەتوانێ لە ڕۆژنامەدا ڕۆڵی خۆی بەچاکی بگێڕێ. چونکە بەهەزاران دانەی لێ چاپ و پەخش دەبێ و بە فراوانی دەکەوێتە پێش چاوی خەڵک. هەر بۆیەکا کاریکاتێریستەکان ئەگەر جڤات و سەندیکایان هەبێ، چاکتر وایە لە پاڵ ڕۆژنامەنووساندا کاری سەندیکایی خۆیان ڕاپەڕێنن.

www.dengekan.com
2/7/2007

(( وێنەی کاریکاتێریی، ورد وردە، بەئاسانی وا خەریکە جێی وتارو دەگرێتەوە.)) (1) زۆر کەڕەت لای خۆمان کاتێ ڕۆژنامەت لێ وەردەگرن، تەنیا بۆ ئەوەیانە چاوێک بەوێنەکانیدا بخشێنن. پاشان گورجێ دەیدەنەوە دەستت، هەر وەک نەخوێندواربن ئەم تەکلیفە دەکەن! دیارە لەم سەردەمەدا وێنە بەجۆرەکانییەوە ڕووبەرێکی فراوانی لە پانتایی ڕۆژنامەدا داگیرکردووە. چونکە وێنە، دێرووک و ڕووداوەکان بەچەسپاوی و بەرجەستەیی تۆمار دەکا. کەلێنێ بۆ گومان ناهێڵێتەوە. وێنەش بە دیکۆمێنت حسابە.

ڕۆژنامەکانی کورسستان بەگشتی لەم لایەنەوە هەژارن. هۆیەکەشی ئەوەیە، ئێمە هونەرمەندی کاریکاتێرمان هەندە کەمە لەنرخی نەبووندایە. دیارە هەموو هونەرمەندێکی شێوەکار، لەتوانایدا نییە وێنەی کاریکاتێریی بکێشێ. ئەم هونەرە چ وەک تەکنیک و چ وەک بیرۆکە تواناو لێوەشانەوەی گەرەکە. ڕەنگە هەبێ لە هێڵکاریدا دەستێکی خاراوی هەبێ، وەلێ هوشیارییە سیاسییەکەی ئەوەندە نییە بگاتە هانای، تاکو بیرۆکەی زیندووی فریا بخا. بۆیە زۆر جاران دێن لە ڕۆژنامە عارەبی و جیهانییەکانەوە کاریکاتێر دەگوێزنەوە. بەتایبەت لەو ڕۆژنامە عارەبییانەوە، کە لە ڕۆژئاوا دەردەچن. لەوێ ڕووبەرێک بەقەبارەی ئازادیی ئەوروپا، ئازادیی بۆ ئەوانیش ڕەخساوە. ئەمانیش دێن وەک خۆی یان بەکەمێک دەستکارییەوە دەیانگوێزنەوە. هەندی کەڕەت تەشەرەکەی بنیشیان وەک خۆی وەردەگێڕنە سەر کوردیی.

سەلامە موسا دەڵێ: لە ڕۆژنامەی (نیۆیۆرک تایمس) ی ئەمرکاییەوە دەگێڕنەوە، کاتێ بەڕێوەبەرەکەی هەستی بە دابەزینی فرۆختی لەچاو ڕۆژنامەکانی دیکەدا کردووەو زانیوێتی لەگەڵیاندا دەرناچێ، چۆتە لای سەرنووسەر و پێشنیازی کردووە، تا

سەرخۆشێکی قسەخۆشی بۆ پەیدا بکا، دەستی نووسینی هەبێ، تا بەدەم خەیاڵاتی مەیەوە بۆ خوێنەران بنووسێ. کاتێ سەرنووسەر لە مەبەستی پرسیوە، ئەویش لەوەڵامدا وتوویەتی: ڕۆژنامەکەمان زیاد لە ئنزی (حد) خۆی جدییە. نوکتەو قسەی خۆشی بۆ دەرمان تێدا بەدی ناکرێ. خوێنەرانیش لەو حەمکە جدییەتە بێزارن، ناوبەناو ئارەزوویان لەقسەی خۆشە. هەر لەبەر ئەمەیشە ڕۆژنامە بەنێوبانگەکان بەشێک لە ستوونەکانی خۆیان بۆ نووسەرە ڕۆح سووک و قسە خۆشەکان تەرخان کردووە.

بۆیە ئێستا، ڕۆژنامەکان، بەهۆی ئەم جۆرە نووسەرانەوە دڵی خوێنەرانیان خۆش دەکەن و دەیانهێننە پێکەنین. خوێنەر هەن لەبەرخاتری ئەم جۆرە گۆشانە و لەبەر خاتری کاریکاتێر دەبنە کڕیاری هەمیشەیی ڕۆژنامەکان..(( وێنەی کاریکاتێریی کات بەسەربردنێکی خۆشە، پێویستی بە بیرۆکەیەک هەیە نوکتە ئامێز بێ و هەندێ جار بێ ئەوەی پێویستی بەنووسین بێ، ڕوونی بکاتەوە، خۆی مانا بەدەستەوە بدا. یان هەندێ کەرەت کەمترین وشەی گەرەک بێ.)) (2)

بەڵام ئێستا ئاستی وشیاریی خەڵک لەجاران بەرزترە و چێژو سەلیقەیان شارستانیترو مشت و ماڵ کراوترە.. بۆیە چاکترین و شیاوترینیان ئەوانەن، کە بۆخۆیان مانا بەدەستەوە دەدەن و پێویستییان بەڕاڤە نابێ. بەلای (سەلامە موسا)وە کاریکاتێر دەکرێ بەدوو بەشەوە (( تایبەتی و گشتی.. تایبەتی ئەوەیە باس لە کەسێتییەک دەکا. ئاکارو هەڵوێستی بەرامبەر دیاردەیەک ئاشکرا دەکا. گشتی ئەوەیانە، کە لەمانای ئەو کاریکاتێرەوە نوکتەیەک پێکدێ، بەهای کۆمەڵایەتی خۆی هەیە. بەهەردوو جۆرەکەیش

چارەسەری باری کۆمەڵایەتی دەکەن. دەنگ و باس و ڕەهەندەکان ڕوون دەکەنەوە.)) (3)

گەلێ جاران کاریکاتێریست خۆی وەک هونەرمەندێکی بەسەلیقەو توانا، بیرۆکەیەک، وەک (تیمە)ی چیرۆک، لە خەیاڵیدا گەڵاڵەدەبێ. دوای تێفکرین و لێ خوردبوونەوە، لەقاڵبێکی هونەریدا، وەک هونەرمەندێکی تەڕدەست و قامک نەرم، بەهێڵی جوان و ڕووبەری تاریک و ڕۆشن، زیرەکانە دوای کۆمەڵێک سکێچ، دایدەڕێژێ و دەیداتە دەست سکرتێری نووسین. جاری وایش هەیە. لە ئەنجامی ڕێکەوتن لە نێوان سکرتێری نووسین و هونەرمەنددا لەدایک دەبێ. وەک ئەوەی کەسێتییەک، یان دیاردەیەکی ناپەسەند و ناجۆر لەئارادایە. سکرتێری نووسین دێ، هێڵە سەرەکییەکانی یانژی بیرۆکەکەی بۆ هونەرمەندەکە ڕوون دەکاتەوە. ئەویش بەسەلیقەی خۆی لێی زیاد و کەم دەکاو لە فۆرمێکی هونەریدا دایدەڕێژێ.

سەلامە موسا، جەخت لەسەر ئەوە دەکا، کە (( مەبەست لەوێنەی کاریکاتێر ئەوەیە، لە جدییەتی ڕۆژنامە کەم بکاتەوە، چونکە خوێنەر دەیهێنێتە پێکەنین. بەڵام بۆ پێدەکەنێ؟ پێکەنین گەلێک ڕاڤە هەڵدەگری. ڕەنگە نزیکترینیان لە تێگەیشتنی ئێمەوە ئەوەبێ، ئەو کەسە یانژی ئەو کەسانە بوونەتە ئامێرو هۆش و ئاوەزیان ون کردووە. وەک ئامێر هەڵسوکەوت دەکەن. لەم هەڵوێستەیاندا ڕاستگۆیی بەدی دەکرێ... لەنوکتەکانی مەلای مەشهووردا وا بەدیار دەکەوێ، لە سۆنگەی ونبوونی کاتیی ئاوەزەوەیە مەلا ئەو قسانە دەبزرڕکێنێ، یان ئەو هەڵسوکەوتانە ئەنجام دەدا. کەچی زۆربەی نوکتەکانی، گاڵتەجاڕییەکیان تێدایە دەکەونە سەررووی هەرزەگۆیی و سادەییەوە.)) (4)

وەک چۆن هونەرمەندێکی شێوەکار لەگەڵ ئەوی دیکە شێوازی کارکردنیان جیایە، هەمان دەستوور، کاریکاتێریستی دەست ڕەنگین ئەو کەسەیە، کە لاسایی نەکاتەوە، خاوەنی بیرۆکەی داهێنراوی خۆی و هێڵکاریی خۆی بێ. بەڕادەیەک پێی بناسرێتەوە و خوێنەرانی ڕۆژنامەکە بەتاسوقەوە چاوەڕوانی بەرهەمەکانی بن. بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیێنێ، کە سەد دەرسەدی بیرۆکەکان لە مێشک و خەیاڵی خۆیەوە سەرچاوەیان گرتبێ. چونکە گرنگ ڕاپەڕاندنی بیرۆکەیە، لە قاڵبێکی هونەریی بەرزدا. گرنگ جێبەجێ کردنی کارەکەیە، ئەگەر وەها نەبوایە، هەموو قسە خۆش و نوکتەزانێک دەبوونە کاریکاتێریست.

ئەدمۆند د. کوبلنتز دەڵێ: نووسەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، زۆر بەسانایی بە هونەرمەندی کاریکاتێر دەڵێ: (( وێنەیەکمان دەوێ لەسەر دزەکانی نێو حکومەت و دەمانەوێ فلان و فیسار بەدیتنی دۆزەخ بەچاوی خۆیان ببینن و لووتیان پێی بچووزێتەوە.))(5) ئیدی هونەرمەند هیچ پێویستی بەوە نابێ پێی بڵێن، فلانە مەسئوولم بۆ وێنە بکێشە پیجامەیەکی لە دۆلار دروستکراوی لەبەردا بێ.! یان خەریک بێ کارگەیەک ئەودیوبکا.. لەهەر شارێک وکۆشکێکی هەبێ.. یان ملیۆنێک دۆلاری ون کردبێ بەخەیاڵیشیدا نەیەت، کەچی لەملاوە هاووڵاتییەک چەترێکی ون کردووە، لە مایکرۆفۆنی مزگەوتی گەڕەکەوە جاڕی بۆ دەدا.. یان دوای ئەوەی کاروانی مەسولێک بەگەڕەکێکدا ڕەت دەبێ، ژنان وابزانن بووک دەگوێزنەوە، بێنە بەردەرگەو هەلهەلە بکێشن.. هتد

((کاریکاتێریستەکان بۆخۆیان لەهەمووان شیاوترن. دەتوانن بیرۆکەی تابلۆکانیان لەبیرۆکەی سەروتاری سکرتێری نووسینەوە هەلوێنجن.)) (6) نرخاندنی ئاستی هونەریی و کاریگەریی کاریکاتێر

وا لەلای خوێنەرانی ڕۆژنامەکە. ئەوان هەڵیدەسەنگێنن، بۆیە کاریکاتێرێک پەسەندە خوێنەرانی ڕۆژنامەکە پەسەندی بکەن، نەک کاربەدەستان و ئەوانەی لە تابلۆکەیدا بوونەتە ئامانج..

وا دیارە لە هەندێ ڕۆژنامەدا جێی شیاوی کاریکاتێر لاپەڕەی یەکەم بێ. ئەو لاپەڕەیەی، وەک باوە سەروتارو سەردێڕی هەواڵەکانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە. بۆیە نووسەری (هونەری ڕۆژنامەگەریی) ئەدمۆند دی کوبلنتز دەڵێ: (( وێنە گاڵتە ئامێزەکان یەکەم شتن لە لاپەڕەی یەکەمدا کاردەکەنە سەر چاوەکانت.. ئەم وێنانە دوو مەبەستیان هەیە: ڕاکێشانی خوێنەر بۆ تەشەرەکانی نێو سەروتارو ڕاڤەکردنی ئەو تەشەرانە بەوێنە... وێنە گاڵتە ئامێزەکان لە پێشەوەی ڕۆژنامەدا، لەوە بە بایەخترن تەنیا وێنەی ڕووت بن.)) (7)

کاریکاتێر بریتییە لە یاریکردن و دەربڕین لەڕێی هێڵ و پانتاییەوە. جا ڕەش و سپی بێت یان ڕەنگاوڕەنگ. زەق کردنەوەی سەرو سەکوتی ناقۆڵای ئاکارە دزێوەکانە، تا بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕیی بیانخاتە بەرچاوی جەماوەر. یەکەم شتێک کە زەین و ڕووانینی خوێنەری پێوە خجڵ (مشغول) بمێنێ ، وشە نییە، بەڵکو وێنەیە. (( ئەگەر بێت و هونەرمەند وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی دەربڕینی جوانی سەرنجی وێنە بدا، ئەوا ڕۆژنامەوان وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی گەیاندن سەرنجی دەدا.)) (8)

وەک چۆن ڕۆماننووسان کەسێتی نموونەیی وەها دەرست دەکەن، لەبیر ناچنەوە، کاریکاتێریستەکانیش عەجیب دەستانێکیان لەم بوارەدا هەیە. هەن کەسێتیی وەهایان خولقاندووە، گوزارشت لەچین و توێژی تایبەت یان دیاردەو بۆچوونی سەدەمێکی جڤاکێکی تایبەت دەکەن و لە کارەکانیاندا، بەجۆرێک دووبارەی دەکەنەوە،

بینەر بە ئاسانی دەیانناسێتەوە. وەک منداڵە پێخاوسەکەی نێو بەرهەمەکانی ((ناجی العلی)) کە نێوی حەنزەلەی ((حنظلە)) بەسەردا دابڕیوە. کاتێ وەک پەنابەر لە (کوێت) ژیاوە ئەم کەسێتییەی داهێناوە. ئەم هونەرمەندە دەڵێ: (( خۆم حەنزەلەم خەڵکی خێوەتگەی ـ عین الحلوە ـ م، پەیمانی شەرەف بێ بۆ پرسەکەم دڵسۆز دەمێنمەوەو بۆی بەوەفا دەبم.. کەسێتی ئەم منداڵە بچکۆلە پێخاوسە ڕەمزی سەردەمی منداڵێمە..)) (9)

هەرچۆنێک بێ، کاریکاتێر خولیای ڕاچەنین و گۆڕینی کۆمەڵگەی بەرەو ئاسوودەیی لە خەیاڵدایە. گەلێ جار ڕۆژنامە هەموو کاریکاتێرەکانی ساڵی کۆدەکاتەوە و لە پیشانگەیەکدا، بەتایبەت پیشانی توێژی ڕۆشنبیری دەدا. کاریکاتێر دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەری ڕۆژنامە ڕوو لەزیادی بێ. زۆر ڕۆژنامە هەن لەدوا لاپەڕەدا بڵاوی دەکەنەوە، تاکو بەبەر چاوەوە بێ. (( بڵاوکردنەوەی وێنەی گاڵتەئامێز هۆیەکی خێرایە بۆگواستنەوەی بیرۆکەکان لە بواری ئاگاداری و ڕاگەیاندن و فێرکردندا.)) (10)

بەنێوبانگترین هونەرمەندیک لەم بوارەدا، لە وڵاتی عیراقدا دەست پێشخەر بووبێ (غازی)یە. غازی هەندێ جاران سروشی لەکۆمەڵگەوە وەرگرتووە، هەندێ جاریش لە سەرنووسەری ڕۆژنامەکانەوە بیرۆکەی کارەکانی وەگرتووە. جورئەتێکی زۆر لەکارەکانیدا بەدی دەکرێ. ئەم هونەرمەندە زۆر بەڕاشکاوی کەسێتی (نوری سەعید، ساڵح جەبر، فازیل جەمالی) و کاربەدەستانی دیکەی ئەوسای سەردەمی شاهانەو ئینگلیزی کردۆتە بابەتی کارەکانی. دیارە لەپاڵ گەلێک بابەتی دیکەی کۆمەڵایەتیدا. ئەم هونەرمەندە بۆ ماوەی (35) ساڵ بەکاریکاتێر بەشداریی ڕووداوە هەڵایساو و گرینگەکانی سەردەمی خۆی کردووە. وەک وێنەکێشێکی

ڕەخنەگرو ئازا لە ڕۆژنامەکانی (قرندل) لەساڵی (1947) ەوە دەستی پێکردووە. لە (الجریدە) و (لواء الاستقلال)دا درێژەی بەهونەرەکەی داوە.

غازی، وەک خۆی دەڵێ: هەرچی بابەتێکم لێ داواکرابێ ئەوەم کێشاوە. بەڵام ڕاڤەکردن، واتە تەشەرەکان لە لایەن خاوەنەکانیانەوە نووسراون. ئەمەیش هەندێ جاران کێشەی بۆ خولقاندووم. ئەحمەد فەوزی دەڵێ:( چەند جارێک د. محمد فاضل الجمالی، سەرۆک وەزیرانی ئەو سەردەمە. داوای کردووە غازی بۆ خۆی ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران بێ تاکو لە نزیکەوە وەزیرەکان ببینێ و وەک خۆیان وێنەیان بکێشێ. دیارە ئەم بانگهێشتنەشی بۆ ئەوە بووە، وەهای نیشان بدا، کەسێکی سینگ فراوانەو باکی لەڕەخنە نییە. تەنانەت لە کاریکاتێری توندیش سڵ ناکاتەوە.)) (11)

ڕۆژنامەی (الجریدە)، کە یەکەم ژمارەی لە (27)ی ئەیلولی (1953)دا، لە بەغداد دەرچوو، سەر نووسەرەکەی (فائق السامرائی) و سکرتێری نووسینی (أحمد فوزی)بوو. گرنگییەکی زۆری بەم هونەرە داوە. بەجورئەتێکی زۆرو لەڕێی (غازی)ی هونەمەندەوە، پەردەی لەڕووی ئاکارە ناجۆرو ناهەموارەکانی ئەو سەروەختە هەڵداوەتەوە. کاریکاتێری ژمارە (18)ی (الجریدە) بەم شێوەیەیە:

هێمای دۆلار، (د. فاضل الجمالی، سەرۆکوەزیرانی عیراق و ژەنراڵ زاهیدی، سەرۆک وەزیرانی ئێرانی بە یەکەوە بەستووە، لەوەدایە بیانخنکێنێ. لەسەرو کاریکاتێرەکەوە نووسراوە: ( نێوانی عێراق و ئێران). لە ژێریدا نووسراوە: (( دکتۆر جەمالی لەکۆنگرە

ڕۆژنامەییەکەیدا وتی: پێوەندییەکی توندو تۆڵ، ئێران و عێراق پێکەوە دەبەستیَ)).

لە کاریکاتێری ژمارە (36)ی (الجریدە)دا وێنەی (د. فاضل الجمالی) کە سەرک وەزیرانە، دەبینین، لەسەر مایکرۆفۆن گۆرانی دەچڕیَ، لە دواوە وەزیرەکانی هەن. ئەوان وەک کۆرس و موسیکژەن بەشدارن. لەسەرو وێنەکەوە نووسراوە: (( لە دوێنیَ شەوەوە هەڵمەتی وەزاری بۆ وتاربێژی لەتەلاری ڕادیۆوە دەستی پێکردووە.. تیپی نوێی ئێزگە.!))

ئەگەر سەرنجی تابلۆکان بدەی، دەبینی لانی کەم هەر یەکەو دوو تەشەریان لەسەر نووسراوە. یەکێک لای سەراوردەوە، ئەوی دیکە لە ژێرەوە.

سکرتێری نووسینی ئەم ڕۆژنامەیە پێی وایە: (( لەکاتی دامەزراندنی ستافی هەر ڕۆژنامەیەکی سیاسی ڕەخنەگردا، وێنەکێشی کاریکاتێر لەسەرووی لیستەکەوە دادەنریَ.))(12) لێرەوە گرنگیی وێنەکێش و توانای هونەرەکەی، وەک برِندەترین چەکی ڕۆژنامە بۆ پەردە هەڵماڵین لەڕووی ڕژێمە گەندەڵەکان، بەدیار دەکەویَ.

پەندێکی چینی هەیە، دەڵیَ: (( وێنەی وا هەیە لەوانەیە دە هەزار وشە بهێنیَ.)) وینە ئەگەر پێوەندییەکی زیندووی بەژیان و گوزەرانمانەوە هەبوو، ئەوا تا ماوەیەکی دوورو درێژ کاریگەریی دەمێنیَ و لە یادەوەریماندا دەپارێزریَ. (( پێشەکی ڕۆژنامەوانیی چەند وشەکانی بەهێزو پڕ گوزارشت بن، دوای ماوەیەک دەبێتە هەڵم ولەبەین دەچیَ، بە پێچەوانەی وێنەوە، کە بەچەسپاوی لەزەینماندا دەمێنێتەوە.)) (13)

www.dengekan.com
2/7/2007

دیارە کاریکاتێریش بەتەنیا وێنەیەکی وەستاوو بێگیان نییە، بەڵکو بیروڕای ڕەخنەگرانەی سەبارەت بەسەردەمەکە هەڵگرتووە.

## ئەنجام

چاکترین ڕێگەیەک بۆ بنبڕکردنی گەندەڵییەکان، جا سیاسی، ئابووری یان کۆمەڵایەتی بن، ئەوەیە ئاشکرایان بکەیت و دەمامکیان لەڕوو لابدەی. تاکو دووبارە نەبنەوە. خەڵکی دەرسی لێ وەربگرن و بیریش لەچارەسەر بکەنەوە. هەم ئەوانەشی وان لە پشت ئەم دیاردەیەوە بەسزای خۆیان بگەن. کاریکاتێر چەکی دەستی ڕۆژنامەیە، بۆ بەگژدا چوونەوە. کە دەبێ بەسەر حکوومەت و دەزگەکانییەوە چاودێر بێ. گەوێکیش (ئەلقە) بێ لە نێوان جەماوەرو حکوومەتدا. هەرکاتێ باس لەڕۆژنامە کرا، ئەوا باس لەکاریکاتێریش دەکرێ.

کاریکاتێری سەرکەوتو گەلێک لەوتاری چیرەدرێژی سیاسی کاریگەرترە. ماوەیەکی درێژتریش لەزەین و یادەوەریی بینەردا دەمێنێتەوە. بۆخۆشی وەک هونەر، لەباوەشی ڕۆژنامەدا گەشە دەکا. بەڵام ئەم هونەرە هێشتا لەکن ئێمە ساوایە. لە دەرکەوتنی هەفتەنامەی (هاوکاری) یەوە بەرچاودەکەوێ. ئێستا هەندێ هەوڵی جدی و سەرکەوتوو لێرەو لەوێ لەئارادایە. هەوڵی چاکمان هەیە بەڵام هونەرمەندی چاکی کاریکاتێرمان نییە. دیارترینی ئەوانەی هەوڵی زۆرو سەرکەوتوویان هەبێ (محەمەد ساڵەیی)یە.

ئەم هونەرە زیاتر پشت بەهێڵی دەرەکی دەبەستێ. مەرجی سەرەکی لەدوای بیرۆکەکە، دەست نەرمی و وریایی هونەرمەندە. هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە بەکەمترین و ناسکترین هێڵ بیرۆکەیەک بگەیێنێ، بتوانێ بینەری پێ بورووژێنێ و هەڵوێستێکی

وەک توورەبوون، بێزاری و قاقای پێکەنین بنێتەوە، بەمەرجێک پێویستیی بەوشە نەبێ. بەم دواییە هەندی هونەرمەند وردەکاریی زۆری تێدا دەکەن. وەک ئەوەی دێن جەماوەرێکی هەراوی خەڵک دەکەنە زەمینەی (باکگراوند) فیگەرە سەرەکییەکە.

وەک هونەرەکانی دیکە، هەر یەکەو شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە. لای (بەهجوری)، تەواوی تابلۆکە یەک هێڵە، لە خاڵێکەوە دەست پێدەکا، دەکشێ و دەست هەڵناگرێ هەتا تابلۆکە کۆتایی دێ.

کاریکاتێر بۆ جوانی و هەڵواسینی قەد دیوار نییە، بەڵکو تابلۆیەکە رەخنە دەگرێ. لووت دەژەنێتە ناو کاروباری پۆلیتیکەوە. کاریکاتێریستی سەرکەوتوو زۆر کەمن. مەرج نییە یەکێک هونەرمەندێکی بەتوانای شێوەکار بوو ئیدی بتوانێ کاریکارێری سەرکەوتوو بکێشێ. چونکە ئەم کارە وێڕای هونەر، پێویستیی بەهزرو هوشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیش هەیە.

## سەرچاوەکان:

فاروق خورشید، بين الادب والصحافه، 1961، القاهره، ص/14.

(2) سلامه موسى، الصحافه حرفه و رساله، 1958، القاهره، ص/177.

(3) هەمان سەرچاوە، ل/178.

(4) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل/179.

(5) أدموند دى كوبلنتز، فن الصحافه، ترجمه: أنيس صائغ، 1958، بيروت،، ص/237.

(6) هەمان سەرچاوەی، ل/238.

(7) هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل/233.

(8) ابراهيم الامام، فن الاخراج الصحفى، القاهره، ص/337.

(9) ناجى العلى فى القاهره،، تقديم: محمد اللباد، ط(1)، قاهره، دار المستقبل، ص/164.

(10) ف. فريزر بوند، مدخل الى الصحافه، ترجمو: راجى صهيون، 1964، بيروت، ص/36.

(11) (12) أحمد فوزى، الجريده، 1986، بغداد، 187.

(13) جلال الدين الحمامصى، المندوب الصحفى، 1963، القاهره، ص/219.

# (6)

# کەلەپوور و فۆلکلۆر
# لە بزاڤی ڕۆژنامەنووسیدا

## سەرەتایەک بۆ فۆلکلۆر

لە پاژەکانی پێشوودا زۆرمان لەسەر ڕۆژنامەو ئەرکەکانی باس کرد. بۆیە پێویست بەدووبارە کردنەوەیان ناکا. هەرچی فۆلکلۆریشە گەلێک پێناسەی هەیە. بەڵام ئەم پێناسانە لە ڕووی ماناو مەبەستەوە، ئەوەندە لەیەکەوە دوور نین، تاکو گومان لەلای خەڵک دروست بکەن.

**یەکەم**: پاشماوەی کۆنە. ڕووناکبیریی پێش شارستانییەتە، یان بۆماوەی ڕووناکبیرییەکی سەرەتاییە. لە شاری ئەم سەردەمەدا مامەڵەی لە تەکدا ناکرێ. داهێنانی نوێ و ئەدەبی نووسراو جێی گرتۆتەوە.

**دووەم**: هەموو بڕوا میللییە کۆنەکان دەگرێتەوە. نەریت و خوو. هەموو ئەو پاشماوانەی، کە بۆ سەردەمی زوو دەگەڕێنەوە. ئەو سەردەمەی مرۆڤ لە ئاستێکی نزمی ڕووناکبیریدا بووە.

**سێیەم**: بەلای تایلۆرەوە: (( ئەو کەرەستانەیە، کە لەنەوەیەکەوە گوێزراونەتەوە بۆ نەوەیەکی دی، بێ ئەوەی بتوانین بیاندەینە پاڵ داهێنەر یان دانەرێک.)) (1)

www.dengekan.com
2/7/2007

دیارە فۆلکلۆر گەلێک پێناسەی دیکەی هەیە. بەڵام هەموویان لەسەر ئەوە ڕایە کۆکن، کە پێوەندیی بەڕابوردووەوە هەیە. فۆکلۆر ئەگەر هەواڵیش بێت ئەوا هەواڵێکی کۆنە. هیچ شتێکیش وەک کۆنە هەواڵ، بێتام نییە، بەڕادەیەک کەس ئامادە نییە گوێی لێبگرێ! ڕۆژنامەش ئەرکی یەکەمی ئەوەیە نوێترین هەواڵ بەخوێنەر بدا. هی ئەو ڕۆژە بێ، ئەگەر لوا هی ئەو ساتەوەختەبێ.

## کەلەپوور و فۆلکلۆر لە ڕۆژنامەدا، بۆ؟

کەواتە ئەو پاڵنەرە چییە ڕۆژنامەی ئەمڕۆ کەلەپووری سەردەم بەسەرچوو لەیەک نزیک دەخاتەوە؟ یان ڕوونتر بڵێین: ئەو هۆکارانە چین پاڵیان بە ڕۆژنامەکانی کوردەوە ناوە تاکو بابەتەکانی کەلەپوور بڵاوبکەنەوە؟

**یەکەم**: گرنگی دان بەلایەنی ڕووحی لای گەلان، سەرەتای هەنگاو نان بووە بۆ لاکردنەوە لە فۆکلۆر. لە کاتێکدا لە سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازییەوە خەڵک زیاتر بەلای بابەتە مادییەکاندا ملیان ناوە. هەڵس و کەوتی لەمێژینەو نەریت و ئاکار و سرووتەکانی خۆیان بیرچۆتەوە.

لەلای گەلانی دنیاش گرنگی دان بەکەلەپوور بەگشتی لەسەدەی نۆزدەهەمەوە، وەک یەکێک لەزانستە ئینسانییەکان لە زیادبووندایە. کەلەپووریش بەمانا فراوانەکەی و بەهەموو لقەکانییەوە بەشێک لە شارستانییەتی هەر گەلێک پێکدێنێ. ئێمە ئەگەر بێتو هەڵسوکەوتی باپیرانمان، لە شین و شایی، گۆرانی و موسیک بەندو ئەفسانە و خورافە و مەتەڵ.. لەپاڵ کەلوپەلی بەکارهێنراوی وەک لباد، چیغ، پۆشاک، بکۆڵینەوە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی بزانین ڕەوشی ژیاریی و ڕۆشنبیریمان چۆن و لەچ ئاستێکدا بووە؟ ئەوجا دەکرێ

لەبەر ڕۆشنایی کۆن و ئێستای خۆمان و دەوروبەرمان هەنگاوی دروست بنێین.

لەدایک بوونی فۆکلۆر وەک زانست بۆ ناوەڕستی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە. ڕۆژنامەیش لەلای ئێمەی کورد لەبەر زۆر هۆ، کە لاتان شاراوە نییە، درەنگ سەری هەڵدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەم زانستەدا هێندەیان نێوان نییە. توێژینەوەی فۆلکۆریش (( وەک حەقیقەتێکی بابەتیی کۆمەلایەتی، توێژینەوەی ڕەهەند و پێکهاتەکانی ڕابردووە. لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەیانە لەم ئێستایەدا، کە تێیدا دەژین. چونکە هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێ ببێتە خاوەنی کیانێکی بەرجەستە هەتا کەڵک لە ئەزموون و خوو ونەریتە کۆنەکانی خۆی نەبینێ.)) (2) بۆیە تێکەڵبوونی کەلەپوور و فۆلکلۆر بە ڕۆژنامە، لە (کوردستان)ەوە دەست پێدەکا، کاتێ مقداد مەدحەت بەدرخان، بە زنجیرە (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانیی بڵاوکردەوە، کە لە فۆلکلۆرەوە ئامادەکرابوو.

**دووەم**: بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسانی کورد، ئێستاشی لەگەڵدابێ، تەنیا پشتیان بە بەهرەی خۆڕسکی خۆیان بەستووە. ئەمانیش وەک ڕابەرانی ڕۆژنامەگەریی ئەوروپا ئەدیب بوون. ئەم ئەدیبانە ڕۆڵی بەرچاویان لە پێشخستنی ئەم پیشە نوێیەدا بینیوە، ئەگەرچی کەسیان ڕشتەی ڕۆژنامەوانییان نەخوێندووە. ئەدیبەکانیش بە تەبیعەتی حاڵ ئارەزوومەندی فۆلکۆرن.

پیرەمێرد، بۆخۆی ئالوودەی بەیت و بالۆرە بووە. ئەم بەیتانەی لە فۆلکلۆرەوە ئامادە کردووە: دوانزە سوارەی مەریوان، شەریف هەمەوەن، مەحموود ئاغای شیوەکەڵ، بێجگە لە مەم و زین و گاڵتەوگەپ. هەر لە ڕوانگەی فۆلکۆر دۆستییەوە، بەردەوام (ژین)ی بەو پەندە کوردییانە دەڕازاندەوە، کە خۆی بە هۆنراوەی

کردبوون. پیرەمێرد تەمەنێک لەگەڵ ئەو پەندانەدا خەریک بووە، کە بەژمارە (6448) پەندن.

حوسێن حوزنی موکریانی، کە گۆڤاری (زاری کرمانجی)ی بەڕێوە دەبرد، بۆ یەکەم جار بەیتەکانی (عەلی بەردەشانی) ی لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە بڵاوکردۆتەوە. وێڕای بابەتی دیکەی فۆلکلۆر. حوزنی بۆ خۆشی چیرۆکی هەیە لە فۆلکۆرەوە ئامادەی کردوون؛ وەک ( بزنۆکەو مەڕۆکە).

عەلادین سەجادی، کە بەڕێوەبەری نووسینی (گەلاوێژ) و سەرنووسەری (نزار) بوو؛ چیرۆکەکانی ناو کۆچیرۆکی (هەمیشە بەهار) ی لە فۆلکۆرەوە ئامادەکردووە؛ کە دیارترینیان (کاڵای باڵای شا) یە. وێڕای ئەوەی هەشت بەرگ (ڕشتەی مروری)ی بەچاپ گەیاندووە. ئاشکرایە بابەتەکانی ئەم هەشت بەرگە دەچنە خانەی فۆکلۆرەوە. بۆیە شتێکی سەیر نییە، ئەگەر لاپەڕەکانی گەلاوێژ و نزار بەپەند و مەتەڵ بڕازێنێتەوە.

محەمەد تۆفیق وردی، بەڕێوەبەری نووسینی (دەنگ و باس) بوو، کە دەکاتە پاشکی (أخبار)ی محەمەد بریفکانی. بۆخۆی بەزمانی کوردی و عەرەبی چەندین کتێبی لەسەر فۆلکۆر هەیە، وەک: (نماذج من التراث الشعب الكوردى) ـ 1975)

کامەران موکری، کە سکرتێری نووسینی (ڕۆژی نوێ) بوو، لەو وانانەدا، کە بەبەشی کوردیی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین ـ ی دەوتنەوە، گرنگی زۆری بەفۆلکۆر دەدا. کاتی خۆی لە گۆڤارەکەشیدا فۆلکلۆری بەهەند گرتبوو.

ڕۆژی کوردستان، لە 15ی تەشرینی دووەمی 1922دا بڵاوبۆوە. ئەم ڕۆژنامەیە، لەبەرئەوەی شێخ نوری شێخ ساڵح (صاحب امتیاز و

مدیر مسؤول)ی بووە و عەلی کەمال (محرر)ی بووە، گرنگیی زۆری بەشیعر داوە. بەتایبەتی لەو (16) ژمارەیەدا، کە لێی دەرچووە (12) شیعری کوردی و تورکی لە بەرهەمی: ڕەفیق حیلمی، ئەحمەد فەوزی، عەلی کەمال، م. نوری، بابە عەلی زادە نوری، ئەحمەد موختار، کەرکوکلی ئەرسی بگزادەلردن عەبدولقادر قەدری، بڵاو دەکاتەوە.

لە لاپەڕە چواری یەکەم ژمارەیدا، بەناونیشانی (دیوانی مەحوی) ئەم ڕیکلامە بڵاو دەکاتەوە: ( دیوانی ئەشعاری شاعیری مەشهور مەحوی یە فەندی کە عیبارەتە لە 81 صحیفە لە مطبەعەی سلێمانی دا طبع کراوە. نوسخەی بەدوو روپیەیە. اصحابی زەوقی سەلیم و موحیبانی ئەدەبیاتی کوردی ئەم فرسەتە نەفەوتێنن، موراجەعەت بە مطبعەی حکومەت بکرێ.. مودیری مطبعە عەبدولمەجید). سەرنج بدەن. ئەم ڕیکلامە لەخۆیدا هەواڵیشە. کەواتە ڕۆژنامەنووسانی پێشەنگ، کە بۆخۆیان ئەدیب بوون، سروشت و هەڵکەوتنی ئەدەبی خۆیان بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی فۆلکلۆرو کەلەپوور هاندەریان بووە. ئەم دۆخە لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا دووبارە دەبێتەوە.

نووسەرانی (ڕۆژی کوردستان) یش وەک: عارف سائیب، م. نوری، زێوەر، مەحەمەد ئاغای حوسێن ئاغای عەتار، بۆ بەپێزکردنی نووسینەکانیان، کە وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتین، پەندو قسەی نەستەقیان بەکار هێناوە. وەک: دوای کڵاوی بابردوو مەکەوە)، (حەقە حەقدارین بەشە بەشدارین) ، ( خێر بەخوێش نەک بەدەروێش)، ( تاماڵ وەستابێ مزگەوت حەرامە)، ( چێویش بنێن بەورگیانەوە هەر ئەچن) ، ( برا لەپشت برابێ مەگەر قەزا لەلای خوا بێ) ، (خەتە سووریَ لەخۆم دووریَ) (3)

ڕۆژنامەکان زانیاریی زۆریان سەبارەت مێژووی کۆن و مێژووی ئەدەب پاراستووە. بەڕادەیەک، بوونەتە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو.. بۆ ساغکردنەوەی زۆر پرسی مێژوویی ناچارین بۆیان بگەڕێینەوە. (( ئەگەر کوردستان نەبوایە، لەوانە بوو ئێستەش ساڵی وەفاتی شاعیری گەورەی کورد حاجی قاردی کۆییمان نەزانیایە.)) (4)

زۆربەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی (تیگەیشنی ڕاستی) بەنموونەی جوان و ئاست بەرزی شیعری گەورە شاعیران و بە پەندی پێشینان ڕازاونەتەوە. وەک (بەتیرێ دوو نیشانی شکاند)، ( لەسەرەوە دۆستەو لە ژێرەوە دوژمن)، ( گورگەو لە پێستی مەڕدایە)، (شوێن کڵاوی بابردوو کەوتوون)، (پاروو لەدەمی خۆی دەرئەهێنێ)، (لەپاش باران کەپەنەک) (5)

**سێیەم**: لەلای مرۆڤی کورد، سەرهەڵدانی ڕۆژنامە هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتیدا. یان هاوکاتە لەگەڵ جۆش سەندنی ئەم هەستەدا. کە دەکاتە (99) ساڵ لەمەوبەر. واتە دوامای سەدەی نۆزدەهەم و لەبەردەم دەروازەی سەدەی بیستەمدا، کە لێرەوە چاخی شۆڕش و بزاڤەکانی کوردستان بەجدی سەرهەڵدەدا. دەتوانین ڕابەرانی ڕۆژنامەگەریی کورد، بەڕابەرانی بیری نەتەوایەتی دابنێین. هەموو ئەو گەلانەی دەکەونە بەر فشاری چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بەرەوڕووی بندەستی دەبنەوە، بە ناچاریی دەچنەوە قاوغە کۆنەکەی خۆیان. واتە بۆ ڕابردوویان دەگەڕێنەوە، بۆ سەرچاوە دێرین و ڕەسەنەکانیان و مینا کۆنینەو یادگاری پیرۆز سەیریان دەکەن. دەیانکەنە جێی شانازی خۆیان و دەیانهێننەوە مەیدان. تاکو جارێکی دی یادگارەکان، لە سرووت و (طقوس) گۆرانی و بەیت و پەند.. هتد لەبەرچاوو لەبەردڵان بن.

تاکو لەم ڕێگەیەوە، تایبەتمەندییە نەتەوایەتییەکان بهێننەوە یادو خۆیان لەبیانیی داگیرکەر هەڵاوێرن.

بۆ ڕێگە گرتن لەهەژموونی ڕۆشنبیریی داگیرکەر، لەنێوان خۆیان ئەواندا دیوارێک هەڵچنن و خۆ بەدەستەوە نەدەن. خودی زانستیی فۆلکلۆریش، کە زانستێکی نوێیە، هەر لەم سۆنگەیەوە هاتۆتە ئاراوە. (( لەدایکبوونی زانستیی فۆلکلۆر، وەڵامدانەوەیەکی سروشتی بوو بۆ گەشە سەندنی بیری نەتەوەیی لەوڵاتە ئەوروپاییە پێگەیشتووەکاندا، هەروەها بۆ ئەو پێشکەوتنە دەگەڕێتەوە، کە زانستە ئینسانییەکان بەگشتی و کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی بەدەستیان هێنا.)) (6)

کوردیش، وێڕای چێژ لێ وەرگرتن، بەڕێزەوە لەبەیت و هقایەت و پەندو سرووتەکانی خۆی دەڕوانێ. هەندێ جاران پەند لە کۆمەڵگەی خێڵەکیی وەک کوردەواریدا مینا (یاسا)، کێشەیەکی یەکلایی کردۆتەوە. لە ئاستی ئەو پەندەدا، کە تاقیکراوە و پوختەی ئەزموونی خەڵکەو لە ڕستەیەکی چڕدا داڕێژراوە، ئاو ڕاوەستاوە و خەڵک ملیان لە موو باریکتر بووە.!

کاتێ کورد، بەبزاڤی جەستەو ترپەو ڕەزم و دەسرۆکەی شەکاوەی دەستییەوە، کە بۆ ئاڵایەکی هێشتا هەڵنەکراو نمابووە. بە جۆری دەستگرتنی خۆیەوە، بەجووڵەی تایبەتیی لەدوو یەکی پێ و لاق، بەبەرگی ژنانەی شۆڕەوە، بەشاڵ و شەپکی گورجەوە شایی گێڕاوە، ویستوویەتی و زۆریشی مەبەست بووە خۆی هەڵاوێرێ و بەدراوسێکانی لە فارس و تورک و عەرەب بەتایبەتی بڵێ: بمنسان.. من جیام و ئێوە جیان. من ئەمەی دەیگێڕم ئاهەنگمە. ئەمەی دەیپۆشم کاڵای باڵامە و لە هیچ ڕوویەکەوە لەئێوە ناچم. کلتووری من جیاوازە و بەخۆم تایبەتەو پێی دەناسرێمەوە.

**چوارەم**: ئەو دەمانە لەهیچ پارچەیەکی وڵاتەکەیدا، کورد گۆڤاری تایبەت بەکەلەپووری نەبووە، کە تایبەکاریی بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی فۆلکۆر تێدا ڕەچاو کرابێ. بۆیە بەناچاریی هاتوون لەڕۆژنامەو هەفتەنامەو گۆڤارە هەمە ڕەنگ و هەمە خولیاکانیان بارکردووە. هەر لەم سۆنگەیەوەیە پیرەمێر لە لاپەڕەی یەکەمی (ژین)دا، کە لاپەڕەی هەواڵە نوێ و گرنگەکانە، هاتووە پەندی پێشینانی بەهەڵبەست کراوی بڵاوکردۆتەوە. بەمەیش ئەرکێکێ مێژوویی بەجێ گەیاندووە. ئەویش بەستنەوەی ڕابردووە بە ئێستاوە. وەک کەرەستەیەکی خاو، سەرەتایەکی پێویستیشە بۆ تێگەیشتن لەئێستا. جگە لەوەی (( فۆلکۆر لەخۆیدا گەورەترین پشتگیرییە بتوانێ فریای ئەوانە بکەوێ کەوا سەرقاڵی توێژینەوەی ڕووناکبیریی و کۆمەڵگەن.)) (7)

وێرای ئەوەی بەیت و داستان و هەقایەتەکان جارێکی دی بۆ دەقی شانۆنامەو ڕۆمان و شیعری نوێ دەبنەوە بە خەرمانێ لە کەرەسەی خاو، بۆ ئێستەو داهاتوو.. وەک ئەو بەکاربردن و لەنوێ ئامادەکردنەی، کە لە ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن و سۆمەرییەکانەوە هاتوونەتە ئاراوە. بەدڵنیاییەوە، ئەگەر بهاتایەو تەمەنی ڕۆژنامەی کوردی دوو هێندەی ئێستا بوایە، یان ئەگەرەکو لەگەڵ هی ئەوروپاییەکاندا سەری هەڵبدایە، ئەوا لەباریدا دەبوو، دوو هێندەی ئێشتا و بگرە زیاتریش سامانی کەلەپووری بپاراستایە. بە تایبەت بەیت و داستان و هەقایەت، کە بەئاسانی ئەزبەر ناکرێن و لەبیر دەچنەوە.

حیکایەتخوانەکان، کاتێ داستانیان ئەزبەر کردووە و لەکەش و هەوای تایبەتدا بۆ گوێگریان گێڕاوەتەوە، گوێگرانیش کڕو بێدەنگ، گوێ مووچ بوون. لە ناخەوە جۆشیان خواردووە و چوونەتە نێو

ڕووداوەکانەوە، پێی هەژاون و ورووژاون. ئەم دۆخە، یانژی ئەم سرووتە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەوان خۆیان تێدا دۆزیوەتەوە.(( پاڵەوان ئەو تاکەیە، بۆ قەرەبوو کردنەوەی بێهێزیی خۆمان وێنەیەکی نموونەیی تێدا بەدی دەکەین.)) (8)

ئەو داگیرکردنە نامرۆڤانە درێژخایەنەی، کە خۆشمان بەتەواوی نازانین بۆ چەند سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، وای لەڕووناکبیری کورد کردووە، بۆ سەرچاوە بگەڕێتەوە. بۆ بەرگری لەخۆی ئەفسانەو داستانەکان بکاتە قەڵغان. هەوڵ بدا، لەو زەمەنە پڕ تەنگەژەیەدا کە تێیکەوتووە، ئەگەر بە خەیاڵیش بووبێ، هەڵویستی پاڵەوانی مێژوو و ئەفسانەکان پاتە بکاتەوە. ئێمە ئێستاش خەون بەتوانای لەبن نەهاتوو و ئەفسانەیی دوانزە سوارەوەی مەریوانەوە دەبینین و خۆزیاو بریامانە ڕووداوەکە یانژی لەو شێوەی ڕووداوەکە، لە ئێستاشماندا دووبارە بێتەوە. (( قارەمان وەها دەنوێنێ وەک هەمیشە بەسەر هێزە نهێنی و لەڕادەبەدەرەکاندا زاڵ بێ. قارەمان لەمرۆڤی ئاسایی جیادەبێتەوە. ئەو هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە چارەنووسی ڕۆشنە و سەرکەوتنی مسۆگەرە.)) (9)

لەم ڕوانگەیەوە ڕۆژنامەنووسانی بەرایی ڕێیان بە بڵاوکردنەوەی بەیت و داستانەکان داوە، تاکو چرایەک لە پێش خوێنەردا هەڵبکەن و ورەی پێبدەن. بۆ ئەوەی بڕوای بەخۆی هەبێ. پاڵەوانە نەبەرد و پشوو درێژەکانی داستانەکان سەرمەشقی بن، کە بێباکن، سڵ ناکەنەوە و تەسلیم نابن. جێی لەسەر ڕاوەستانە لەهەموو ئەو حیکایەتە کوردییانەدا کە بەرچاوم کەوتوون، یانژی بۆ خۆم کۆمکردوونەتوە، (کورد)ی بێ تاج و پادشا و ئالا، لە تەوای ئەو حیکایەتانەدا، خاوەنی پادشای دڵئاوا و بێباک و دادپەروەرە. ئایا ئەمە

مانای ئەوە نییە کورد لە دێر زەمانەوە خەون بە پادشای دادپەروەوە دەبینێ؟

(د. أحمد مرسی)، باس لەگەلی (فنلەندی) دەکا و دەڵێ: ((کەس هیندەی فنلەندییەکان ئالوودەی فۆلکلۆر نییە. هەر منداڵێکیان بگری داستانە شیعری کالیڤالا دەزانێ. لەهەموو جیهاندا یەکەمین زانایەک، بووبێتە خاوەنی کورسیی فۆلکۆر لە زانکۆدا کارل کرون ـ ی فنلەندییە.)) (10) ناوبراو گرنگی دانی ئەم گەلە بەکەلەپوور، کە بە حەشیمەت چەند ملیۆنێکە؛ دەگێڕێتەوە بۆ: ((هەستی بەجۆشی نیشتمانیی لەلای فنلەندییەکان، دوای ئەوەی پێنج سەدە لە لایەن ـ سوید ـ ەوە داگیرکراوە، پاشان بە ڕووسیا ـ یان فرۆشتووە.)) (11)

لێرەوە بەدیار دەکەوێ، کە بەتەنگەوە هاتن و پاراستنی دەقە فۆلکۆرییەکان، لەسۆنگەی شانازی بەداب و نەریتی نەتەواتەتییەوە سەرچاوەی گرتووە و گەڕانەوەیە بۆ باوەشی ڕەسەنایەتی.

**پێنجەم**: ئاستی ژیاریی (حضارە) کورد، لەسایەی داگیرکەراندا تاکو ئەمڕۆش هەر بەنزمیی ماوەتەوە. هەروەک داگیرکەرانی کورد بۆخۆشیان لەڕووی شارستانییەوە گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکردووە. شیاوی باس و بەرچاو بێ. ئەوان تاکو ئێستاش نەیانتوانیوە بەتۆزی پێی گەلە زیندووەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتدا بگەن. بەکاربەرن نەک بەرهەمهێن. پاشکۆی گەلانی پێشکەوتوون. بۆیە دۆخی ئەو کۆمەڵگەیەی کوردی تێدا دەژی، وەک هی هەزار ساڵ لەمەوبەر وەهایە.

تا ئەم دابیەش شارەکان بەپیشەی دەستییەوە خەریک بوون. وەک موتابچی، جۆلایی، پێستە خۆشکردن (دەباغی)، سابوون دروسکردن، بەڕەو مافوور چنینی دەستی، شیرگەریی.. هتد.

لادێکانیش سەرقاڵی ماڵات و وڵسات بەخێوکردن و گەرمیان و کوێستان بوون. ئێستاشی لەگەڵدابێ بەشی زۆری ڕووبەری کوردستان بۆ کشتوکاڵ بەکار نەهێنراوە. کشتوکاڵ هێشتا بەشێوەی سەرەتایی دوور لە تەکنۆلۆجیای نوێ بەرهەم دێ. دیارە لە کۆمەڵگەی وەهادا، پەندو حیکایەت وداستان و گۆرانی و سەمای میللی، گوێگرو بینەری زۆریان دەبێ. چونکە ڕووناکبیریی نوێ بەو مانایەی خۆرئاواییەکان مامەڵەی لەتەکدا دەکەن، هێشتا لەسەرەتادایە. هێشتا وەک پێویست گەشەی نەکردووە و فۆرمەلە نەبووە. بۆیە سەرنج دان و گوێگرتن لەهونەری کۆن، کە بە فۆلکلۆر ناسراوە، هێشتا هەر لە لەگەڵ ڕەوتی سستی تاکی کورددا گونجاوە، بۆ ئەوەی لێرەوە ئارەزووەکانی خۆی تێر بکا خۆی پێبگەیێنێ (تحقیق الذات). تەواو وەک پەرۆشیی تاک بۆ دیتنی یاری تۆپی پێ، یان دیتنی شانۆییەکی نوێ.

**شەشەم**: وا دیارە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، یەکێک لەو خاسییەتانەی نەتەوەی پێ ناسراوو شکۆدار بووەو دەرو دراوسێی ناچار کردووە ددان بە ئاستی ژیاریدا بنێ، دەوڵەمەندیی بووە لە بواری ئەدەبیاتدا. هەر گەلێکیش ئەدەبیاتی نەبووبێ، بەکەم سەیرکراوە. (( تەماشاکەن ئەحمەد حیلمی شەهبەندەر زادە، کە یەکێکە لە مەحەرزینی تورک، لە کتێبی ئەقوامی جیهاندا دەڵێ: کوردەکان هیچ ئەدەبیاتیان نییە. کە ئەحمەد حیلمی وابڵێ دەبێ غەرەبییەکان بڵێن چی؟ تورکێک لەگەڵ کورد ئەوەندە حەیات ڕابوێرێ هێشتا کورد چییە نایناسێ، لەکوێ دەتوانێ زمان و عادەتی ئەو تێبگاو ڕێی تەرەقی پێ نیشان دا. کەسێ ئاگای لەخۆی نەبێ چۆن دەتوانێ یەکێکی تر ئاگاداری بکات؟)) (12)

وا دیارە (تیگەیشتنی ڕاستی) بۆ بەدرۆ خستنەوەی ئەحمەد حیلمی وڕەتکردنەوەی ئەو تانەی لەکوردی داوە دەستی داوەتە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی شاکاری شاعیرانی وەک نالی، کوردی و سالم ...

هەر بۆ جەخت کردن لەسەر ئەم پرسە گرینگە، دێ لەگەڵ گەورە شاعیرانی (فارس) دا بەراوردیان دەکا. دوای بڵاوکردنەوەی چەندین نموونەی بەرزو نایابی شیعر، دەڵێ: (( عولەمای ئەوروپاو ئەتاتورک دەیانوت کە ئەکراد ئەدەبیاتی نییە. ئەمجا ئێمە لەو ڕۆژنامە کوردییانەی کە لەمەوپێش نەشر کران ئیسپاتمان کرد کە کورد ئەدەبیاتی نازک و ڕەنگین و شیرینیان هەیە. خصوصەن لەشیعردا دەستێکیان هەیە.)) (13)

**ئەنجام:**

ڕۆژنامە هەوڵنامەیە. هەواڵی کردۆتەکاڵا. دەیکڕێ و بەخوێنەرانی خۆی دەفرۆشێتەوە. ڕۆژنامەی کوردیش وەک هی هەموو جیهان گەرەکە مێژووی کوردو هەموو دنیا لە ڕۆژێکدا پیشان بدا. مێژوویەکی ڕاست و دروست وەک خۆی. کەچی ڕۆژنامە و هەفتەنامەکانی کورد گرنگییەکی زۆریان بەفۆلکۆر داوە. دیارە فۆلکۆر بەرهەمی ڕابردووە. ئەم دیاردەیەش لەو گۆشە نیگایەوەیە، کە بۆکورد ڕۆژنامە تاکە هۆی ڕاگەیاندن بووەو بۆتە سەرچاوەی سەرەکیی ڕۆشنبیریی. لەلایەکی دیکەوە گەلانی دراوسێ میللەتی بێ کەلەپووریان (بەتیبەتی لەبواری شیعردا) پێ قەبووڵ نییە و بەدوا کەتوویان داوەتە قەڵەم. ڕۆژنامەنووسانی کوردیش بۆ پووچکردنەوە ڕای نووسەرانی ناحەز بەکورد، هاتوون ڕووی گەشی کەلەپووری کوردیان نیشان داوە.

ئاستی ژیاریی میللەتی کورد هۆیەک بووە بۆ گرنگی دان بەفۆلکۆر. کورد تا ئەم نزیکانەش، لە لادێ سەرگەرمی چێوداری و لەشاردا بەپیشەی دەستییەوە خەریک بووە. لەپشەسازیی نوێ، کە ڕووناکبیریی نوێ لەگەڵ خۆیدا بە دیاری دەیهێنێ، بێبەش بووە.. لەکۆمەڵگەی وەهادا ، ئێستاشی لەگەڵدابێ، خەڵک بەگشتیی چێژ لە فۆلکۆر دەبینێ. جگە لەوەیش، بۆ گەلی بندەست پاڵەوانی داستان و بەیتەکان وەک نموونەو پێشەنگ سەیر کراون. ئەوان هەڵگری خۆزیاو بریای تاکی کوردی سەردەمی دواتریش بوون. گەڕانەوە بۆ کلتوورو فۆلکۆر لای زۆرکەس گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی گەرم و بەسۆزی ڕەسەنایەتی. بۆ خۆجیاکردنەوە لەداگیرکەر، کە ویستوویەتی تاکی کورد گۆرانی ئەوان بڵێتەوە بەرگی ئەوان بپۆشێ

حیکایەتەکانی ئەوانی لەبەر بێ.. لەلایەکی دیکەوە بۆ بەهەندگرتنی فۆلکلۆرو بەپرۆز بۆ ڕوانینی، لەگەڵ سەرهەڵدان وگەشەسەندنی بیری نەتەوایەتیدا هاوکاتە. ڕابەرانی ڕۆژنامەگەریی کورد، ڕابەری بیری نەتەوایەتیش بوون و گرنگییان بەم لایەنە داوە.

## سەرچاوەکان:


(1)الفلكلور ماهو، فوزى العنتيل، دار المعارف، 1965، ص/36 ـ 37.

(2) الاصاله فى الفولكور، د. محمد شوقى خليفه، التراث الشعبى، العددان (3 ـ 4)، 1984.

(3) ڕۆژی کوردستان، کۆکردنەوەو پێشەکی: جەمال خەزنەدار، بەغداد، 1973.

(4) تێگەیشتنی ڕاستی، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، 1978، ل/156.

(5) هەمان سەرچاوە، ل/148 ـ 149.

(6) علم الفولكلور، د. محمد الجوهرى، دار المعارف، ط (19)، 1975، ص/14.

(7) نفس المصدر، ص/16.

(8) الاسطوره والادب، د. رانيه سماره، المدى، العدد(12)

(9) نفس المصدر.

(10) مقدمه فى الفلكلور، د. أحمد مرسى، دار الثقافه للطباعه والنشر، قاهره، 1975، ص/22.

(11) نفس المصدر، ص/23.

(12) تێگیشتنی ڕاستی، د، کەمال مەزهەر ئەحمەد، ل/163.

(13) هەمان سەرچاوە، ل/179.

(7)

## ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی میللی

تاكو ئێستە باسەكەمان لە دەوری ڕۆژنامەی كلاسیك دەسووڕایەوە. ئەو جۆرە بڵاڤۆكەی ڕابەران و ڕووی گەشی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان لە پشتەوە بوو. ئەوان ڕەنگیان بۆ ڕشتبوو. ئەوسا ڕۆژنامە خاوەنی یاساو بەرنامەی خۆی بوو. بەشێوەیەكی پیرامیدی، لە هەواڵی لوتكەی دەستەڵاتەوە پێیدا دەهاتنە خوارەوە. ئەوان زۆر بەتەنگ پاراستنی شەرەفی پیشەی ڕۆژنامەوانی و نهێنی سەرچاوەی زانیارییەوە بوون. ئەوان ناوی نهێنیی نووسەریان نەدەدركاند ئەگەر لەسەری دوچاری لێ پێچینەوەی توندیش بهاتنایە. ویژدانی زیندووی جەماوەربوون. خۆیان لە هەمبەریدا بە بەرپرسیار دەزانی. كەسێتیی خۆیان و ڕۆژنامەكەیان قورس و قەمەر ڕادەگرت. خاوەنی نامەی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئەدەبی بوون و خەڵكێش وەك كەسێتیی نیشتمانی ڕێزی لێدەنان.

تاكو ئەم دواییەش خوێنەری كورد وا ڕاهاتبوو، لە لاپەڕەی یەكەمی ڕۆژنامەدا، لە گۆشەی سەراوردی دەستە ڕاستەوە، وێنەی گەشی لێو بەتەنكە خەندەی بەویقاری لوتكەی دەسەڵات ببینێ. جا دەكرێ ئەم خاوەن وێنەیە، پادشای وڵات، سەركۆمار یان سەرۆك وەزیران بێ. چونكە لەو ڕۆژهەڵاتی ناڤینەدا، ڕۆژنامەكان بەگشتیی یان ملكی حكوومەت یان حیزبن.

گەلێ جاران تەواوی دەسەڵاتەکان لەیەک کەسدا کۆدەبنەوە. خودی سەرۆک، هەم سکرتێری (گشتیی) حیزب و هەم فەرماندەی (گشتیی) هێزە چەکدارەکانیشە. لەژێر وێنەکەدا ناوی سەرۆک بەهەموو نازناوە میللیتاری و مەدەنییەکانییەوە، بەهێڵی پانی ڕەنگییەوە تێکەڵ مانشێتی سەرەکی دەبێ. جەنابی لەماوەی (24) سەعاتی ڕابردوودا چی چالاکیی نواندووە، لە پێشوازیی شاندی باڵای وڵاتان و کۆبوونەوەی لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکەی خۆی.. ئەمجا نۆرەی کەسی دووەمی دەوڵەت دێ. دەبێ وێنەکەی برێ گچکەترو شوێنی لەخوار سەرۆکەوە بێ. دوای پایتەخت ئەوجا نۆرە دێتە سەر چالاکییە فەرمییەکانی پارێزگەکان..

ئەگەر بە تیفکرینەوە سەرنجی بدەی دەبینی زۆربەی ئەو چالاکییانە شیاوی ئەوە نین وەک هەواڵ چاپ بکرێن و شایانی خوێندنەوەش نین.. بەڕاست چ هونەرێکی تێدایە ئەگەر وەزیری کشتوکاڵ سەردانی کێڵگەیەکی پەلەوەر بکا؟ وەزیری ناوبراو بەم سەردانەی ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ گەیاندووە. ڕێک وەکو ئەوە وایە ڕۆژنامەو تیڤی بێن مامۆستا لەپۆلدا و نوژدار لەتیمارخانەو پارێزەر لەداگا پیشان بدەن.!

ئەوەیان هەواڵە، ئەگەر مامۆستاو نوژدار و پارێزەر نەچنە شوێنی کاری خۆیان و مان بگرن. بەم بارەیاندا هەواڵە ئەگەر سەرکۆمار پێشوازیی لە شاندی باڵای وڵاتێک نەکا.. لێرە، لەوڵاتی دانیمارک ئەگەرچی ئەو بەسەرهاتەی سەرۆک وەزیران (ئەنەس فۆ غاسموسن) کاتێ لە کۆڵانێکی پایتەخت هیلکە بارانیان کردو بووە هەواڵی رۆژ، یان ئەوکاتەی لەخودی تەلاری پەڕلەمانداو بە بەرچاوی کامێرای میدیاکانەوە سەتڵێک بۆیەی سووریان بەسەردا کرد! ئەگەرچی نزیکەی چوار ساڵیشی بەسەردا ڕەتبووە، کەچی

کارەکە ئەوەندە سەمەرەیە تاکو نهۆش جاروبار هەر بۆ خۆشی تیفییەکان لێیدەدەنەوە.

هەر وەک ئەم هەواڵەش بەو ڕادەیە گرنگ نییە ئەگەر ئەندام پەڕلەمانێک پێشنیاری یاسایەک پێشکەش پەڕلەمان بکا. سەیر ئەوەیە لە ماڵەکەیدا سەد هەزار دۆلار بدۆزرێتەوە.! چونکە ئەو بڕە پارەیە ئەگەر دزێتی و ڕەش نەبێ دەبوو لەبانکدا بێ.! ئەمەیان دەبێتە هەواڵی میدیاکان و ئیدی ئەو ئەندام پەڕلەمانە لەحیزبیش جیی پێ لێژدەبێ و ئاستی جەماوەریی حیزبەکەیشی پێ دادەبەزێ.

ڕۆژنامەی میللی وا خەریکە بینەر لەڕۆژنامەی کلاسیک و سوننەتی زەوت دەکاو بەلای خۆیدا دەیانهێنێ. چونکە بەلای هاووڵاتییەکەوە ئەوەیان هەواڵێکی دڵخۆشکەرە ئەگەر گۆرانبێژێکی بەناوو دەنگ ڤیدیۆکلیپێکی نوێ بخاتە بازاڕەوە، نووسەرێکی ناودار کتێبێکی نوێ بەچاپ بگەیێنێ، تیپی نەتەوەیی لە یارییەکەدا بیباتەوە، یان بیدۆڕێنێ. چونکە ئەمانە ویژدان و کلتووری گەلێک پێکدێنن.

هەروەها ئەوەش هەواڵێکی گرینگە ئەگەر پۆلیس باندێکی دزو قاچاخچی بەمادە سڕکەرەکانەوە بگرێ، یان پیاو کوژێک، تاوانەکەی لە نهێنیی و تاریکی شەودا ئەنجام داوەو پۆلیس توانیوێتی قیڕ بیگرێ. بەڵام لەو ڕۆژهەڵاتە پۆلیس وەک بەلای خوا سەیردەکرێ و خەڵک پێیان خۆشە خودی پۆلیس لە لایەن خەڵکەوە دووچاری فشار ببنەوە!

لێرە ڕۆژنامە نووس بەدوای ڕسواییەکانەوەن. کێ بازرگانی بەئافرەتەوە دەکا؟ کێ پۆڕنۆ فیلمەکان بەرهەم دێنێ و کێ بازرگانییان پێوە دەکا؟ لەوێ لەو ڕۆژهەڵاتە هەندێ جاران، بەرپرسەکان خۆیانن لەپشت گەلێک کاری ناجۆرو ناڕەواوەن. ڕۆژنامە نووسی بێ پشت و پەنا ناوێرێ لە ئاستیاندا بڵێ لەل.! لێرە

www.dengekan.com
2/7/2007

ئەو پێناسەیەی (هویە) لە تەنکەی باخەڵی ڕۆژنامەواندایە کۆمەڵێک (حصانە) و ئیمتیازاتی ئەوتۆی بۆ دابین دەکا، ڕۆژنامەوان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین بە خەونیش نایبینێ و لچی لێنادا!!

مەبەستم ئەوەیە ڕۆژنامەی میللی وازی لە یاسای هەرەمی هێناوەو لەکەن ئەو شوێنکەوتنی هەواڵی فەرمیی گەورە پیاوانی حیزب و حکومەت بە پلەی یەکەم نایەن، بەقەدەر ئەوەی شوێن ڕسواییەکانیان دەکەون. خۆ ئەگەر کیژی سەرۆک لە دیسکۆتێکێدا قڵیشانییەوە، یان خوانەکەران بە گرامێک تلیاکەوە گیرا، ئەوا ڕۆژنامە بەجدی ئەم پرسە دەگرێ. خەڵک بە پەرۆشەوە ئەو هەواڵە دەخوێننەوە. هەواڵی وەها لە خودی حیزبەکەی سەرۆکیشدا گەڕداوێک بەرپا دەکا!

نەۆ خەڵکی زیاتر بەشوێن هەواڵی گەورە هونەرمەندو یاریزان و زاناکانەوەن. بەشوێن هەواڵی داهێنەرانەوەن. چونکە داهێنەران نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکن و هەر ئەوانیش لەنێو جەماوەردا ناووداویان هەیە و سبەی مێژوو ناوی ئەوان تۆمار دەکا، بۆیە شووکردن و ژن هێنان و منداڵ بوونیان، هەندێ جار خانوو کڕینێک، دەبێتە هەواڵ و میدیاکان دەیگەیێننە دەرەوەی سنووریش. چونکە خودی هونەرمەندەکان ناوودایان گەیشتۆتە وڵاتانای دنیا. بەڵام کێ چوزانێ سەرۆک وەزیرانی ئەو وڵاتەی هونەرمەند، یان زاناکەی لێدەژی هەر ناویشی چییە؟ یان بۆچی مەبستێتی بزانێ و لەپای چی؟

بەم شێوەیە لە ڕۆژنامە میللییەکاندا ئەو قودسییەتەی جاران نەماوە. نها ڕۆژنامەوان بەچرای ڕۆن گەرچەکەوە بەشوێن کردوەی ناوجۆری کەسێتیە دیارەکانی کۆمەڵەوەن. لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا، ڕۆژنامە کەس ناپەرێنێ و خوا خوایەتی لە جێیەک

بۆنی گەندەڵی بکا، ئیدی بەنووسینی وتی وتی و بە وێنەی ڕەنگیی نایابەوە دەکەوێتە دەمامک لادان لە ڕویان و دەیانکاتە بنێشتە خۆشەی ژێر دانی خوێنەری تینووی هەواڵی ڕسواییەکان! پێدەچێ لەم سەردەمەدا، بە بەراورد لەچاو جاراندا، ئاستی لاپڕەسەنیی (الفضول، الفضولي) لای خەڵک بە شێوەیەکی گشتیی ڕووی لە هەڵکشان کردبێ!

لەکەشف کردنی ئەم ڕسواییانەدا کامێرا وریلەکانی چاودێریی ڕۆڵ دەبینن.. چونکە زۆر وردن، نابینرێن و دەکرێ ڕۆژنامەوان زۆر بەئاسانی لەنێو جزدانێکدا بیشارێتەوەو خۆشی دەرنەخا. یان دەکرێ تەماح بنێنە بەر خەڵک تاکو ڕسواییەکانیان بۆ کەشف بکەن. بەم شێوەیە بازاڕی ڕۆژنامەی میللی هەمیشە گەرمە.

تازەکی لەنێو ئێمەی کوردا، ئەم جۆرە ڕۆژنامە میللیانە سەر هەڵدەدەن. وەلێ یەک لەباری جیهانی پێشکەوتووش ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی هەر نوێیە. لەچاو خۆیدا کورد گەلێ زوو کەوتۆتە سەر دەرکردنی ئەم جۆرە ڕۆژنامەیە، کە خەرجی زۆریان تێناچی. واتە پێویستییان بەپشتەوانیی حکوومەت وحیزب و ڕیکلامیش نییە. ستافێکی چەند کەسیی گەرەکە. هەندێ جار تاکە کەسێکی بەتوانا دەتوانێ ڕاپەڕێنێ. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ ژمارەیان ڕوو لە هەڵکشان بێ. تاکو ئێستا وەک کۆسپێکی گەورە لە بەردەم هەندێ لە کاربەدەستانی کورددا بەدیار دەکەون و حەجمینی لەبەر بڕیون.

چونکە ئەوان بەڕۆژنامەی کلاسیک ڕاهاتوون، کە بنەماکانی کاری ڕۆژنامەوانی ڕەچاو دەکەن. سەنگین مامەڵە لە تەک ئاریشەکاندا دەکەن. هێشتا ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم جۆرە ڕۆژنامەیەدا، کە شەرم لەبابی خۆشیان ناکەن پەیدا نەکردووە. خۆ ئەم ڕۆژنامە وروژێنەرانەش هەر زادەی زەمانی جیهانگیرین.

www.dengekan.com
2/7/2007

پێدەچی زمان و وتاری ڕۆژنامە لەم چەرخە نوێیەدا، کە هێشتا لە دەیەی یەکەمیداین، گۆڕینی بەسەردا هاتبێ، وەلێ هەندێ لێی بێئاگابن. ئەوەنییە، ئەم وتارە نوێیە، کە دەتوانین بڵێین بێ موبالاتی و گاڵتەجاڕی تێکەڵەو لە توندو تیژی خاڵی نییە، سەرتاکانی گەیشتۆتە نێو ڕاگەیاندنی کوردیی لە تاراوگەوە پەخش بوو؟ ئەوە نییە بەردەرگەی بە هەندێ لە بەرپرسان گرتووە؟

دڵنیام کام مەسوولەی ڕۆژێ لەڕۆژان لاپەڕەیەکی نەخوێندۆتەوە، ئەمڕۆ بەناچاریی. دەبێ ڕۆژنامە ئەلکترۆنییەکان بەسەربکاتەوە تاکو بزانێ چی لەسەر ئاشکرابووە؟ بێگومان ئەم ڕۆژنامانە ڕوو لەزیادین و لەنێو خۆیاندا خوێنەری کوردیان دابەشکردووە. لە ئایندەیەکی نزیکدا، واتە کاتێ بەتەواوی ئینتەرنێت لە کوردستاندا دەتەنێتەوە، ئیدی هیچ خوێنەرێک بۆ ڕۆژنامە کلاسییەکانی حیزب و حکوومەت ناهێڵنەوە.

لەوپەڕێ شکۆمەندیی سەردەمی زێڕینیانەوە دەیانهێننەوە سەر سفر. بۆ سنوور دانان بۆ گزی و فزی و ڕسواییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم ڕۆژنامە میللیانە بوونیان پێویستییە. لەنگەری تێکچووی کۆمەڵگە دەهێننەوە جێ. لەو سۆنگەیەوە، کە دوورە دەستن و لە خۆرئاوای ئازادەوە پەخش دەبن، ملکەچی یاساکانی چاپەمەنیی زێدی خۆیان نین. سانسۆری ئەوێ دەستی بەماندا ناگا.

لێرەوە، نێوانی ڕاگەیاندنی ئازادو میللی لەگەڵ دەسەڵاتدا، نەک هەر لەوڵاتانی کەنار، کە ئازادییەکان سنووردارن، بەڵکو لێرەش لە دنیای ئازادیش، ڕۆژ بەڕۆژ بۆشایی زۆرتری تێدەکەوێ. ئەم ڕۆژنامە میللییانە لە هەندێ وڵات ڕەوشی پۆلیتیک و باری کۆمەڵایەتییان خستۆتە ژێر پرسیارەوە. خەڵکی لەسەر ڕۆژنامەی

کلاسیک ڕاهاتوو ڕۆژ بەڕۆژ دێنە پاڵ رۆژنامە میللییەکان. دەیانکڕن و دەیانخوێننەوە.

چونکە ئەمان فۆکۆس لەسەر ئاکاری نامۆو ئەنتیک و هەندێ جار ئابڕووبارانەی گەورەپیاوانی سەرمایەو دەسەڵات و ئەستێرەکانی سینەماو گۆرانی دەکەن. گرنگییەکی زۆر بەزمانی وێنە دەدەن؛ ڕووبەرێکی بەرفراونی ڕەنگاوڕەنگی بۆ تەرخان دەکەن، خەڵک مەیلی بەلای ئەماندایە.. هەندێ جار لەسەر ئەم کارانەیان دووچاری لێ پێچینەوەی یاسایی دەبنەوە. بەڵام ئەوە خۆرئاوایە، مافی هەموو لایەک دەپارێزی.

بەم شێوەیە (عەولەمە) ڕۆژنامەی میللی، لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەخش بووی، بۆ خوێنەری تینووی کوردیش کردۆتە خۆڕایی.. مەعاف، لە ڕووداوەکانی وڵات ئاگاداری دەکاتەوە. پێش ڕواداوەکان دەکەوێ و ئاژێری مەترسیی لە داهاتوو لێدەدا. دوای ڕووداوەکانیش دەکەوێ. ئەوەی لە کەوالیسدا ڕوودەدا. ئەم دەیهێنێتە سەرشانۆو جاڕی لێدەدا. دەبێ ڕۆژنامە کلاسییە سونەتییەکان بەوردی بەخۆیاندا بچنەوە، دەنا بەرەکەیان لەژێر پێ دەرهێنراوەو خوێنەریان لەدەست داوەو بەخۆشیان نەزانیوە.!

2006-06-13

کۆبنهاون،